# دۆسێی تورکیا

## 4

گۆڤارێکی تایبەت بەکاروباری تورکیایە


ژمارە 4
تشرینی دووەمی2006


* ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا لە هەرێمی کوردستان
* پانۆرامای ئاگربەستی پەکەکە
* چەند سەرنجێك لەسەر خەلاتەکەی ئۆرهان پامۆك
* کوردایەتی و جولانەوەی کورد لەماوەی 1889-2000
* کاریگەریی پرۆژەی گاپ لەسەر عێراق


سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجیی کوردستان
دەری دەکات

# 4 دۆسیێی تورکیا

## گۆڤارێکی تایبەت بەکاروباری تورکیایە


**سەرۆکی ئە نجومەنی بەڕێوەبردن**

فەرید ئەسەسەرد

**خاوەنی ئیمتیاز**

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان

**سەرنوسەر**

ئارام عەلی عەزیز

**دەستەی نوسەران**

باران کایا

رازاو محەمەد

**راوێژکاران**

عەبدوڵلا کەسکین

تەلار عەلی ئەمین

**بەشی هونەری**

دارا محەمەد

کەمال حامد

Kurdistan Strategic Studies Center

**مە ڵبە ندی گشتی :**

**سلێمانی - سەرچنار**

**شەقامی سەگرمە ٧٥**

**گەڕەکی ١١٩ - ژمارەی خانوو ٤٣**

**تەلەفۆن : ٣١٨٢٢٢٨**

www.kc-ss.org

**ئیمەیل**

E-mail:
doseyturkiya@hotmail.com

E-mail :
aramzagroa@hotmail.com



هەواڵنامەی کتێب

## لەم ژمارەیەدا :


◆ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا لەهەرێمی کوردستان(فاکتەرو ئاستەنگەکان) ........................................ ٥

◆سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی نێودەوڵەتیی پرۆژەیەك بۆ چارەسەری دۆزی کورد پێشکەش بەتورکیا دەکات .......... ١٩

◆پانۆرامای ئاگربەستی پەکەکە ........................................ ٢٩

◆شەرافەدین ئەلچی:
باشترین ڕێگەچارە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا، فیدراڵییە ...... ٣٦

◆چەند سەرنجێك لەسەر خەلاتەکەی ئۆرهان پاموك و بڕیارەکەی پەرلەمانی فەرەنسا ........................................ ٤١

◆ کاریگەریی پرۆژەی گاپ لەسەر عیراق ........................................ ٤٥

◆تورکیا نوسەران‌و ڕۆژنامەنوسان لەبەردەم دادگادا ........................................ ٥٣

◆کوردایەتی‌و جووڵانەوەی کورد لەماوەی نێوان ١٨٨٩-٢٠٠٠ .......... ٥٩


### ئەرشیف


◆کرۆنۆلۆژیای هەنگاوەکانی تورکیا بەرەو یەکێتی‌ی ئەورووپا (١٩٦٣-٢٠٠٦) ........................................ ١٠٧

◆ئەو تورکانەی بەڕەچەڵەك تورك نین ........................................ ١١٤


### کتێبخانە


◆ تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا ........................................ ١٢٣

◆ پرنسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەلایەتی لەکوردستاندا........................................ ١٣١

# پێناسەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان دەزگایەکی زانستی‌یە، مەبەستی قازانجی ماددی نیە. ساڵی ١٩٩٢ دامەزراوە. بارەگای سەرەکی‌ی لە سلێمانی دایە.

سەنتەر لەو مەسەلە ستراتیجی‌یانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بەهەلومەرج‌و ئایندەی کوردستانەوە هەیە لەسەر ئاستی سیاسی، ئابوری، کۆمەلایەتی‌و کەلتوری‌و لەو روانگەیەوە بایەخ بەمەسەلە ئیقلیمی‌و جیهانییەکان دەدا.

ئامانجەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌ی کوردستان بریتین لە:

١- ئامادەکردن‌و بلاوکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی‌ی گشتلایی دەربارەی کاروباری ئەمنی قەومی‌ی کوردستان.

٢- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی ستراتیجی‌و دەسخستنی زانیاری‌و شیکردنەوەی وردو پێویست بۆ دروستکەرانی بڕیار لەکوردستاندا.

٣- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەبوارەکانی کاروباری سیاسەتی نێودەوڵەتان، دیموگرافیا، ژینگەو پەرەپێدان بۆ پشتیوانی‌کردنی مەسەلەی داڕشتنی ستراتیج‌و سیاسەتی پەرەپێدانی ئایندە.

٤- پەیداکردنی هۆشیاری‌یەکی گشتی دەربارەی مەسەلەکانی دنیا.

٥- بەشداری‌کردن لەبزاوتی کەلتوری‌و بیریاری‌ی کورددا بەمەبەستی گەلالەکردنی خەتێکی پراگماتیکی-ئەکادیمی لەبواری سیاسەتی ناوخۆو پەیوەندی‌ی نێودەوڵەتاندا.

٦- هاندانی لێکۆڵیارانی کورد بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمە زانستی‌یەکانیان لەبواری سیاسەت‌و پەیوەندی‌ی نێودەوڵەتان، ئابوری، پەرەپێدان، دیموگرافیا، وزە، ژینگە.

٧- پەیداکردنی پەیوەستی کەلتوری لەنێوان ئەو لێکۆڵیارانەی شارەزایی‌یان لەکاروباری نێودەوڵەتاندا هەیە.

٨- ئەنجامدانی چەند چالاکی‌یەك لەبابەتی سازکردنی کۆڕو سیمینارو بلاوکردنەوەی کتێب.

# کتێبخانەی
# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان

کتێبخانەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان لەساڵی ١٩٩٧دا دامەزرا. ئەم کتێبخانەیە کەرەستەی پێویست بۆ لێکۆڵیاران لەبوارەکانی سیاسەت، مێژوو، جوگرافیا، کاروباری ستراتیجو سۆسیۆلۆژیا دەستەبەر دەکا.

ژمارەی کتێبەکانی ئەم کتێبخانەیە(تا ٢٣/١٠/٢٠٠٥) ٤٧٩٥ کتێبەو گەورەترین بەش تێیدا بەشی کتێبی عەرەبییە کە٢٩٠٠ کتێبی گرتۆتە خۆ، ئنجا بەشی کتێبی فارسی بەپلەی دووەم کە ١١٧٠ کتێبی گرتۆتە خۆو بەم پێیە ئەم بەشە بەگەورەترین کتێبخانەی فارسی لەهەرێمی کوردستاندا دادەنرێ. جگە لەوە، کتێبخانەکە ٤٨٦ کتێبی کوردیی تێدایەو بەشێکی بچوکیش بۆ کتێبی تورکی دانراوە کە لە١١١ کتێب پێکدێ. بەشی کتێبی ئینگلیزیش لە١٢٨ کتێب پێکدێ.

جگە لەمانە، بەشێکی تریش بۆ گۆڤارو نەخشەو ئەتلەسەکان تەرخان کراوە.

هەولێر، کتێبخانەی کتێب

# ئەگەری ئەنجامدانی
# ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا لەهەرێمی کوردستان
## ( فاکتەرو ئاستەنگەکان )

زریان ڕۆژهەلاتی

پێشەکی

دوای هێرشی سەربازیی سوپای ئیسرائیل بۆ سەر حزبوڵلا لەخاکی لوبنان، چاوەڕوانییەکانی رای گشتیی تورکیاش سەبارەت بەهێرش بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان بۆ لەناوبردنی بنکەکانی پەکەکە زیاتر بوە. رای گشتی لەتورکیا بڕوای وایە کەپێویستە ئۆپەراسیۆنی سەربازی ئەنجامبدرێ ولەوەش دا ئەگەر پەکەکە لەناو نەبرێ زیانێکی زۆری پێ بگەیەندرێ. بەرپرسانی حکومەتی تورکیا بەشێوەیەکی ئاشکرا باس لەئۆپەراسیۆنی سەربازی دەکەن لەهەرێمی کوردستان ئەگەر بێتو ئەمریکاو حکومەتی عیراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگا لەمانەوەی پەکەکە لەهەرێمی کوردستان نەگرن. بێگومان ئەمە تەنیا هەڵوێستی رەسمیی حکومەتی تورکیایەو مەترسی و ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی بۆ خاکی کوردستان زیاتر لەوەن کەتەنیا بەکێشەی پەکەکەوە سنوردار بکرێت.

سیاسەتی تورکیا بەرامبەر بەمەسەلەی گشتیی کورد لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست و بارودۆخی عیراق و تورکمانەکان و ئەگەری هێرشی سەربازی ئەمریکا بۆ سەرخاکی ئێران و تەنانەت مەسەلەی هەوڵدانەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی

چەکی ئەتۆم پەیوەندییان بەمەبەستی تورکیاوە هەیە بۆ کۆکردنەوەی هێز لەسەر سنورو ئەگەری ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی.

بارودۆخی سیاسی ناوچەکەو تورکیا هەندێك ئەگەرو مەترسی تایبەت لەسەر ئەو ئۆپەراسیۆنە بۆ تورکیا دروستدەکەن کەوادەکات حکومەتی ئەو وڵاتە زیاتر لەهەستو رای گشتی جەماوەر پشت بەئۆبۆژەکانی بەردەستی بگرێو بەئاسانی مامەڵەی لەگەڵدا نەکات. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەری ئەنجامدانی ئەو ئۆپەراسیۆنە سەربازییەی تورکیا وەکو لەنمونەی قوبرس دا بەرچاو کەوت دەتوانێ کاریگەری جۆراوجۆری لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبێ بۆیە پێویستە توانای سیاسیی کوردیش بەوریاییەوە چاو لەو مەسەلەیە بکات.

## کێشەی بونی پەکەکە لەهەرێمی کوردستان

ئاشکرایە مەبەستی تورکیا بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەهەرێمی کوردستان تەنیا پەیوەندی بە پەکەکەوە نیەو راستەوخۆ پەیوەندی بەسیاسەتی تورکیا بەرامبەر مەسەلەی گشتی کورد هەیە لەناوچەکەدا.

تاماوەیەکی زۆر لەدوای دروستبونی PKK ، ئەو رێکخراوە هەڕەشەیەکی گەورە بو لەبەرامبەر سیاسەتەکانی تورکیا لەناوچە کورد نشینەکاندا. PKK لەسیاسەتەکانی خۆیدا داوای جیاکردنەوەی ناوچە کوردنشینەکانی دەکرد لەتورکیا، ئەمەش گەورەترین هەڕەشە بو لەبەرامبەر ئەو سیاسەتەی تورکیا کەتەنانەت نکۆڵی لەبونی کورد دەکرد، لەلایەکی دیکەوە شەڕی PKK لەگەڵ سوپای تورکیا لەساڵی ١٩٨٤ بەدواوە ساڵانە زیاترلە(١) ملیارد دۆلار زیانی بەئابوریی تورکیا دەگەیاند[1]، نەمانی ئاسایشو کوژرانی زیاتر لەدەیان هەزار کەس لەئەنجامی ئەو شەڕەدا وای کردبو حکومەتی تورکیا لەسیاسەتەکانیدا بەرامبەر مەسەلەی کورد زیاتر ئەولەویەت بەدژایەتی کردنی پەکەکە بداتو نەك تەنها دژایەتی کورد لەپارچەکانیتر نەکات، بەڵکو زیاتر هەوڵی ئەوە بدات خۆی لێ نزیك بکاتەوە. بەڵام لەدوای دەسگیرکرانی عەبدوڵڵائۆجالانی سەرۆکی پەکەکەو گۆڕانکارییەکانی عیراق بەتایبەتی لەدوای هێرشی سەربازیی ئەمریکا. جێگۆڕکێیەك لەنێوان ئەو دوەدا دروست بوە.

دوای راوەستانی شەڕی چەکداری پەکەکەو دروستبونی هەرێمێکی فیدراڵ لەکوردستانداو رەوایی پەیداکردنی مەسەلەی کورد لەئاستێکی جیهانیدا، ئیدی تورکیا، حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر لەپەکەکە بەهەڕەشە دەزانێ بۆ خۆی. هەرێمی کوردستان لەحاڵی حازردا بوە بەناوەندی سیاسی ی کوردو هێزێکی کێشندەی پەیدا کردوە لەسەر پارچەکانیترو دەتوانێ کاریگەر بێ لەگۆڕانکارییەکانی ئەو بەشانەی تری کوردستان.

لەلایەکی تریشەوە پەکەکە وەکو جاران لەدژی تورکیا شەڕ ناکاتو لەڕوی سیاسیو فیکرییەوە توشی سەرگەردانییەك بوە. پەکەکە وەکو جاران پێداگری ناکات لەمەسەلەی کوردستانی سەربەخۆو بەپێچەوانەوە زیاتر هەوڵی ئەنتەگرە کردنی کورد دەدات لەگەڵ تورکیا، بەڵام لەبەر رابردوەکەیو موحافزەکاری سیاسەتی نەتەوەیی تورك ئەو هەوڵانەی پەکەکە سەرناکەون. لەلایەکی دیکەشەوە خەرجی ئابوری ئێستای تورکیا بۆ دژایەتی کردنی پەکەکە وەکو جاران نەماوەو کەمتر بۆتەوە. بۆیە پەکەکە وەکو هەڕەشە بۆ سەر تورکیا لەدوای حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپلەی دوەمیدایە. هەڵبەت لەلایەکی دیکەشەوە لەم ماوەیەی دواییدا پەکەکە شەڕەکانی خۆی لەبەرامبەر تورکیا زیاتر کردۆتەوەو لەئەگەری بەردەوامبونیدا پێدەچێ تورکیا لەئاستی حکومەتی هەرێمو مەسەلەی گشتی کورددا سەنگێك بۆ هەڕەشەکانی پەکەکە بۆ سەرخۆی دابنێ.

بەکورتی مرۆڤ دەتوانێ باس لەوە بکات کەتورکیا حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئەگەری سەربەخۆیی کوردو دروستبونی دەوڵەتی کوردی وەکو هەڕەشەیەکی سەرەکی لەبەرامبەر خۆی لەقەڵەمدەداتو هەوڵەکانی دەخاتە گەڕ بۆ دژایەتی کردنی. تورکیا ترسی ئەوەی هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی لەداهاتودا داوای ناوچە کوردنشینەکانی تورکیاو ئێران بکات، هەر لەبەر ئەوەش راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ بەهۆی شەڕ دەزانێ. عەبدوڵڵا گول وەزیری دەرەوەی تورکیا لەکاردانەوەیدا بەرامبەر قەدەغەکردنی هەڵکردنی ئالای ئێستای عێراق لەهەرێمی کوردستان رایگەیاند"'هەڵنەکردنی ئالای عێراق لەکوردستان، هەنگاوێکە بۆ سەربەخۆیی کوردو ئەوەش ئەنجامێکی خراپی بۆ گەلانی ناوچەکە لێدەکەوێتەوە.''بێگومان لێدوانی لەو جۆرەی بەرپرسانی تورکیا

بەرامبەر بەکوردو حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆرەو کەم لایەن هەیە لەتورکیا کەسەربەخۆیی کورد لەبەشی رۆژئاوای ناوەڕاستی کوردستان بەخەتی سوری ولاتەکەی نەزانێ.

هەرچەندە بەرپرسانی تورکیا مەسەلەی سەربەخۆیی کورد بەخەتی سور لەقەلەم بدەن، بەلام ئەگەری هەر جۆرە دەستێوەردانێکی تورکیا لەکوردستان پێویستی بەهەلومەرجی گونجاوی سیاسیو یاسایی خۆیەوە هەیەو، تورکیا ناتوانێ لەخۆیەوە شەڕی کورد بکات.

حکومەتی تورکیا ماوەیەکی زۆر هەولی ئەوەی دەدا لەڕێگای تورکمانەکانی عێراقەوە بەتایبەتی لەکەرکوك ئاستەنگ لەبەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان دا دروست بکات. بەلام سەرەڕای هەمو هەولەکانی تورکیا تورکمانەکان لەبەر کەمبونی ژمارەیان نەیانتوانیوە قورساییەکیان لەحکومەتی ناوەندی عیراقو دەسەلاتی کەرکوکدا هەبێت. لەوەش زیاتر کێشەی تورکمانەکان لەڕوی سیاسییەوە لەڕای گشتی دنیا نەبوە بەمەسەلەیەکی گەورەی ئەتنیو زیاتر وەکو بیانوی تورکیا بۆ دژایەتیکردنی کورد چاوی لێدەکرێ.

بەلام لەلایەکی دیکەوە بونی PKK لەهەرێمی کوردستان(ناوچە شاخاوییەکانی) بەهانەیەکی باشی داوە بەدەستی تورکیا بۆ ئەوەی گوشارەکانی لەسەر کورد زیاتر بکات.

بەرپرسانی تورکیا باش دەزانن کەچەکدارەکانی پەکەکە بەرەزامەندی حکومەتی هەرێم لەناوچەکەدا جێگیرنەبونو لەوەش زیاتر لەناو ناوچە شاخاوییەکانی خودی تورکیاشدا هەن.

لەڕوی یاساییەوە بیانوی هەبونی PKK لەهەرێمی کوردستان دا کارتێکی بەهێز نادات بەدەستی تورکیاوە، چونکە PKK خاکی هەرێمی کوردستان بەکار ناهێنێ بۆ دژایەتی کردنی تورکیاو لەناو خاکی خودی تورکیادا شەڕی تورکیا دەکات.

ئەمەش بەشێوەیەکە کەخودی ستراتیژیسەنەکانی تورکیاش دان بەوەدا دەنێن""تورکیا وەکو ئیسرائیل کارتێکی یاسایی بەهێزی بەدەستەوە نیە بۆ ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنور. لەودیوی سنورەکانەوە ئیسرائیل هێرشی موشەکی

دەکرێتە سەر، بەڵام لەودیوی سنورەکانی تورکیاوە تەنانەت فیشەکێکیش ناتەقێنرێتە تورکیا. PKK جاروبار لەئاستێکی بچوکدا هێرش دەکاتە سەر بازگەکانی سەر سنور، بەڵام لەڕاستیدا خاکی هەرێمی کوردستان وەکو مەیدانێکی شەڕ لەدژی تورکیا بەکار ناهێنێ‌و تەنیا لەوێ سەرقاڵی پەروەردەو مۆڵدانی هێزەکانیەتی"[21] بەڵام سەرەڕای ئەمانەش تورکیا کێشەی بونی PKK لەهەرێمی کوردستان، وەکو کارتێك بەکاردێنێ بۆ گوشار خستنە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان بێگومان نەبونی بنکەی PKK لەهەرێمی کوردستان‌و بەردەوامی شەڕەکەی پەکەکە لەناو خاکی خودی تورکیا دەیتوانی رۆڵێکی کارای هەبێ لەکەمکردنەوەی گوشارەکانی تورکیا بۆ سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەڵام پەکەکە بەبەردەوام کردنی شەڕەکانی لەتورکیاو مانەوەی بنکەکانی لەهەرێمی کوردستان زیاتر لەسود زیانێکی گەورە دەگەیەنێت بەسیاسەتی کورد لەناوچەکەدا، ئەگەری ئەوەش هەیە بێ بەرێگای زەمینە خۆش کردن بۆ دەستێوەردانی دەرەکی حکومەتی هەرێمی کوردستان. ئەگەر بتوانێ پەکەکە رازی بکات تا بگەڕێتەوە ناوخاکی تورکیاو لەوێوە سیاسەتەکانی بەرامبەر تورکیا پیادەبکات، یاخود زەمینەی ئەوە دروستبکات کە PKK لەوڵاتێکی سێیەمدا جێگیر بکات، ئەوە لەئاستێکی گەورەدا بیانوی تورکیا بۆ رەخنەکانی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نامێنێ یاخود لاواز دەبێ.

## ئامانجەکانی ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا لەکوردستان

رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمڕۆ بوە بەمەیدانی کێشمەکێشی بەرەی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی‌و بەرەی ئێران کەزیاتر وەکو بەرەیەکی ئیسلامی ناوچەیی دەردەکەوێتە پێشەوە. ئەوەش وای کردوە هاوسەنگییە سیاسییەکانی ناوچەکە تا ئاستێکی گەورە توشی گۆڕانکاری ببێت. بێگومان ئەو گۆڕانکارییانەش(لانی کەم بەشێکی زۆری) بەگوێرەی خواست‌و بەرژەوەندییەکانی حکومەتی تورکیا نیە، بۆیە بەرپرسانی ئەو وڵاتە لەهەوڵ تەقەلای گۆڕینی ئاراستەی گۆڕانکارییەکاندان. حکومەتی تورکیا پێی وایە بەئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لەخاکی هەرێمی کوردستاندا بەبیانوی راوەدونانی پەکەکەوە دەتوانن

تاماوەیەك لەو ناوچەیەدا جێگیربن‌و لەپێشهاتە سیاسییەکانی ناوچەکەدا ڕۆڵێکی زیاتریان هەبێت. گرنگی جیۆپۆلەتیکی خاکی کوردستان وای کردوە حکومەتی تورکیا هەوڵی ئەوە بدات بەدەر لەمەسەلەی پەکەکە لەبەر ئەم ئامانجانەی خوارەوە ئۆپەراسیۆنی سەربازی‌و مانەوەی تێدا. بخاتە مێشکەوە

١-ڕێگرتن لەئەگەری دروستبونی حکومەتێکی سەربەخۆی کوردی

حکومەتی تورکیا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەشێك لەسیاسەتی ئەمنی قەومی خۆی لەسەر بنەمای دژایەتیکردنی دامەزراندنی هەرجۆرە دەسەلاتێکی کوردی دارشتوە. تورکیا نیگەرانە لەوەی دەوڵەتی کوردی دابمەزرێ‌و لەداهاتودا داوای ناوچە کوردنشینەکانی تورکیا بکات. لەلایەکی دیکەشەوە دروستبونی دەوڵەتێکی کوردی دۆستی ڕۆژئاوا کەبتوانێ لەڕوی نەوت‌و کێشە ئەمنی‌یەکانەوە هاوپەیمانی ئەمریکاو ڕۆژئاوابێ، گرنگی تورکیا بۆ ڕۆژئاوا کەمتر دەکاتەوە. بۆ نمونە ئەگەر چەندین پێگەی سەربازیی ئەمریکا لەکوردستان دروستبکرێت، وابەستەییەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ تورکیا(کە لەنمونەی ئۆپەراسیۆنەکەی دژی عیراقدا بینرا) کەمتر دەبێتەوە. هەر لەبەرئەوەش بەرپرسانی تورکیا وەکو ڕەقیبێك چاو لەحکومەتی کورد دەکەن‌و هەوڵی لەناوبردنی دەدەن.

٢-کاریگەربون بەپێشهاتە سیاسییەکانی عیراق

سەرەڕای هەمو هەوڵ‌و تەقەلای تورکیا، تورکمانەکانی کەرکوك نەیانتوانی لەدەسەلاتی سیاسی عێراقدا ڕۆڵێکی کارایان هەبێ‌و حکومەتی تورکیاش لەکاتی پرۆسەی ئازادیی عیراقدا هاوکاریی ئەمریکای نەکرد. ئەمەش یەك واتای سیاسی لێدەردەکەوێ“"یانی تورکیا ناتوانێ لەعێراقی نوێدا کاریگەرییەکی باشی هەبێ". ئەمەش بەشێوەیەکە کەتەنانەت ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆك وەزیری تورکیا لەلێدوانێکدا پەشیمانی حکومەتەکەی پیشاندا بۆ ئەوەی بەشداری شەڕی دژی ڕژێمی سەدامی نەکردوەو ڕایگەیاند: "تابلۆی سیاسیی ئێستای عیراق بەرژەوەندیی تورکیای تێدا نیە." بێگومان بەدەر لەهەندێك قازانجی ئابوری بۆ کۆمپانیاکانی تورکیا لەبازارەکانی کوردستان‌و عێراقدا

لەڕوی سیاسییەوە حکومەتی ئەو وڵاتە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەپێشهاتەکانی عێراقدا نیەو بەکردەوە عیراق لەنێوان ئەمریکاو ئێراندا دابەش بوە.

لەلایەکی دیکەوە کورد هەوڵی ئەوە دەدات مەسەلەی کەرکوك یەکلایی بکاتەوەو پێدەچێ تاکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ بخرێتەوە سەر کوردستان. تورکمانەکانیش لەکەرکوك تاقە رێگایەکن بۆ ئەوەی تورکیا بتوانێ لەعێراقی داهاتودا خاوەن قسە بێت. بۆیە بەرپرسانی ئەو وڵاتە پێیان وایە لەئەگەری ئۆپەراسیۆنێکدا دەتوانن بەڕێگای بەکارهێنانی هێزی سەربازی هەندێك شت بکەن کە بەڕێگای سیاسی پێیان ناکرێ.

٣-کوردستان لەڕوی جوگرافییەوە لەسەر رێگای ئەو هیلالە شیعەیە یاخود بەرەی ئێرانییەدایە کەحکومەتی تاران هەوڵی بەهێزکردنی دەدات. ئێران هەوڵی ئەوە دەدات بەرەیەکی بەهێزی ناوچەیی لەئێرانو شیعەکانی عێراقو سوریاو حزبوڵای لوبنانو حەماس لەفەلەستین پێك بێنێت لەدژی ئەمریکاو ئیسرائیل، کوردستان لەڕوی جوگرافییەوە لەسەر رێگای ئەم بەرەیەدایە. هەر لەبەرئەوەش گرنگی‌یەکی تایبەتی بۆ ئەمریکاو ئیسرائیلو ئێرانیش هەیە. جاکام لایەن یاخود دەوڵەتی ناوچەکە لەڕوی سیاسیو سەربازی‌یەوە لەو هەرێمەدا کاریگەر بێ، گرنگییەکەیو کاریگەرییەکەی لەگەمەی نێوان ئەو دو بەرەیەدا زیاتر دەبێ.

حکومەتی دادو گەشەپێدان لەتورکیا بێ مەیل نیە لەبەرامبەر زیندوکردنەوەی خەتی سیاسی"نیوو عوسمانی" لەناوچەکەداو ئەوەش وەکو پاڵنەرێك کاردەکاتە سەر ویستی سیاسی تورکیا بۆ داگیرکردنی خاکی هەرێمی کوردستانو ئۆپەراسیۆن بەبیانوی پەکەکەوە.

٤-موداخەلەی سەربازیی ئەمریکا لە عێراقو ئەفغانستان بو بەهۆی ئەوەی کەدو رەقیبی سەر سەختی ئێران یان(سەدامو تالیبان) لەمەیدانی سیاسی دەربکرێن. ئەوەش بو بەهۆی بەهێزبونی ئێران. کاریگەرییەکانی حکومەتی تاران لەلوبنانو فەلەستینو عیراقو هاوپەیمانییەکەی لەگەڵ سوریا، لەگەڵ هەوڵدانەکانی بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆم خەریکە ئێران دەکات بەهێزێکی ناوچەیی، تورکیا ئەمە بەهەڕەشە دەزانێ بۆ سەر ئەمنی قەومی خۆیو هەوڵی

ئەوە دەدات لانی کەم بەزیادکردنی کاریگەرییەکانی لەهەرێمی کوردستان تۆزێك لەهەڕەشەکانی ئێران کەمبکاتەوە.

٥-ئامادەکاری بۆ ئەگەری گۆڕانکاری تازە لەئێران، پێدەچێ بەرپرسانی تورکیا دەرسێکی باشیان لەئەزمونی عیراق وەرگرتبێ‌و بەمەبەستی بەشداربون لەئایندەی سیاسیی ئێراندا هەر لەئێستاوە خۆیان ئامادە بکەن. کۆکردنەوەی هێزێکی ٢٥٠ هەزار کەسی لەسەر سنورەکانی هەرێمی کوردستان‌و ئێران لەلایەن تورکیاوە تەنیا بەمەبەستی لەناو بردنی حیزبێکی پارتیزانی نیەو بەوجۆرە هێزەش لەناو نابرێ.

تورکیا لەئێراندا قولاییەکی ستراتیژی بەهێزی هەیەو ئەوەش تەماحی ئەو ولاتە زیاتر دەکات بۆ ئەوەی رۆلی هەبێ لەداهاتوی ئێراندا. قولبونەوەی ناکۆکییەکانی رۆژئاواو ئێران لەسەر گرفتە ئەتۆمییەکەی‌و بەهێزبونی هێزی راکردو لەناوەندی نەتەوەکانی ئێران‌و بەتایبەتی سەرهەلدانی ئەم دواییەی ئازەرییەکانی هاوڕەگەزی تورکیا، ئێران بەرەو گۆڕانکاری دەبات. کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازیی گەورە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی٢٥-٣٠ ملیۆن ئازەری لەئێران لەئەگەری هەر رودانێکدا بەگوێرەی سیاسەتەکانی تورکیا کارێکی مەنتقییە.

لەلایەکی دیکەشەوە لەئەگەری گۆڕنکارییەکی تازە لەئێراندا کە یان بەرەو فیدرالیزم یاخود پارچە بون دەچێ، تورکیا دەتوانێ بەو هێزە سەربازییە ئامادەیەی خۆیەوە دەولەتی فیدرالێ یان سەربەخۆی کورد لەئێران لاواز بکات کەئەوەش بەمەترسییەك دەزانێ بۆسەر ئەمنە قەومییەکەی.

## ئاستەنگەکانی بەردەم ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیا

هەرچەندە حکومەتی تورکیا بەنیازە بۆ لاوازکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و لەناوبردنی پەکەکەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی تری لەناوچەکەدا کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، هێزی سەربازی بخاتە جموجولۆ لەشکرکێشی کوردستان بکات‌و ژەنرالەکانی تورکیاش هەولدەدەن بۆ لاوازکردنی دەسەلاتی حکومەت شەڕێکی تازە بەرپا بکەن، بەلام چەندین ئاستەنگی گرنگ لەبەردەم ئەگەری ئەو ئۆپەراسیۆنەدا هەن کەناکرێ چاوپۆشیان لێ بکرێ:

### ١)لاوازبونی زەمینەی یاسایی

حکومەتی تورکیا کارتێکی یاسایی بەهێزی بەدەستەوە نیە بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەهەرێمی کوردستاندا. یەکەم" پەکەکە تەنیا بەمەبەستی لۆجستیکیو پەروەردەو مۆڵدانی هێز کەڵك لەخاکی هەرێمی کوردستان وەردەگریو لەوێوە هێرشی تورکیا ناکات بەڵکو لەناو خودی تورکیاشدا هەیەو لەوێ شەڕ دەکات.

دوەم" پێشتر سەرکردەکانی کورد لەهەرێمی کوردستان لەبەر هەلومەرجی سیاسی چاوپۆشیان دەکرد لەئۆپەراسیۆنەکانی تورکیا (توانای دژایەتیکردنیشیان نەبو) ، بەڵام لەحاڵی حازردا هەلومەرجی هەرێمی کوردستان گۆڕاوەو سەرکردەکانی کورد بەشێوەیەکی ئاشکرا دژایەتی ئۆپەراسیۆنی سوپای تورکیا دەکەن لەهەرێمی کوردستاندا.

تورکیا ئەگەر بەبێ رەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدژی پەکەکە لەنێوخاکی کوردستاندا ئۆپەراسیۆن ئەنجامبدات، مەسەلەکە لەڕای گشتیی جیهاندا وەکو شەڕی کورد بەگشتیو تورکیا پیشاندەدریو ئەوەش لەڕوی رەواییەوە بەزیانی تورکیایە.

### ٢)ئەگەری دەرکەوتنی شەڕی کوردو تورك.

هاتنی سوپای تورکیا بەبێ رەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان قەیرانێکی تازەی لێدەکەوێتەوەو دەبێ بەهۆی شەڕێکی فراوانی کوردو تورك. بێگومان کورد زیانێکی زۆری لێدەکەوێ، بەڵام تورکیا توشی قەیرانێکی خراپتر دەبێ. ئەو هێرشە هەڵوێستی کوردەکان لەباکورو باشور یەکدەخاو ناوچەکانی باکوری کوردستانیش نا ئارام دەکات کەماوەیەکە لەبەر سیاسەتەکانی پەکەکە توشی گرفت بوەو شەپۆلێکی تازەی جودا خوازی(سەربەخۆ خوازی) کورد ناوچەکە دەگرێتەوە کەئەوەش لەقازانجی تورکیادا نیە.

### ٣)رەوایی پێدان بە پەکەکە

مۆنۆپۆلی کێشەی کورد لەتورکیا لەژێر دەستی پەکەکەدایەو زۆربەی وڵاتە زلهێزەکانی جیهانیش ئەو رێکخراوە بەتیرۆریست لەقەڵەم دەدەن. بێگومان ئەوەش ئاستەنگێکی گەورە بوە لەبەردەم چارەسەرنەبونی مەسەلەی کورد

لەتورکیا. بەڵام هێرشی ئەمجارەی تورکیاو ناڕازی بونی سەرکردەکانی باشوری کوردستان، پەکەکە وەکو لایەنێکی شەڕ لەتورکیا دیار دەکاتو ئەوەش دەبێ بەهۆی رەوایی پەیداکردنیو دواجاریش تورکیا ناچار دەبێ بۆ چارەسەری بەموخاتەبی وەربگرێ.

## ٤)زیانی ئابوریو مرۆیی

ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی فراوان لەناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی کوردستان خەرجیەکی ئابوری زۆری تێدەچێ، ئابوری قەرزاری تورکیا زیانێکی زۆری لێدەکەوێ ئەگەر بێتو سوپاکەی لەکوردستاندا جێگیر بکرێ. لەوەش زیاتر ئەگەر سەدان هەزار سەرباز رەوانەی هەرێمی کوردستان بکات کارەساتێکی گەورە بۆ سوپای تورکیا دروست دەبێت. شەڕی کورد بەشێوەی پارتیزانی لەبەرامبەر سوپای تورکیا زیانێکی زۆر بەئەو سوپایە دەگەیەنێ.

لەوەش زیاتر تورکیا لەماوەی ساڵەکانی نێوان١٩٨٣-١٩٩٩دا، ٢٤ ئۆپەراسیۆنی گەورەو بچوکی لەهەرێمی کوردستان ئەنجامداوە کە گەورەترینەکانیان(هاکور ١٩٩٢)-(زەڵێ ١٩٩٤)-(چەلیك ١٩٩٥)-(چەکوش-١٩٩٧)-(ساندویچ-١٩٩٩) بون، تورکیا لەوانەدا پشتیوانی ناوچەییو جیهانیشی دەستەبەر کردوە[٣] بەڵام لەهیچیاندا نەیتوانیوە پەکەکە لەناوبەرێ. ئاماری رەسمیمان لەبەردەستدا نییە سەبارەت بەئەنجامی ئەو ئۆپەراسیۆنانە، بەڵام ئاشکرایە ئەگەر پەکەکە پشتیوانی هێزەکانی هەرێمی کوردستانی هەبێ تورکیا ناتوانێ زەربەیەکی قورسی لێبداو بەپێچەوانەوە توشی زیانێکی گەورە دەبێ.

## ٥)دژایەتی دەرەکی

### أ-ئەمریکا:

حکومەتی ئەمریکا چەندین جار رایگەیاندوە لەتێکۆشان دژی پەکەکەدا هاوکاریی تورکیا دەکات، بەڵام دژایەتی خۆی بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەهەرێمی کوردستان بەئاشکرا راگەیاندوە، ئەمەش پەیوەندی بەچەندین فاکتەری گرنگەوە هەیە"

١-هەرێمی کوردستانی عێراق ناوچەیەکی ئارامەو ئەوەش پاساوێکە بۆ بارودۆخی ئەمنی گشتیی عیراق بۆ ئەمریکا. ئەمریکا ئامادەنیە چاوپۆشی لەتورکیا بکات بۆ ئەوەی ببێ بەهۆی نائارام بونی بەشی باکوری عێراقیش.

٢-هاتنی تورکیاو رەزامەندی پیشاندانی ئەمریکا بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە دەبێ بەهۆی رێخۆشکردنی هاتنی سوپای ئێرانیش بۆ هەرێمی کوردستان، ئەمریکا ناتوانێ رێگا بەتورکیا بدات بەهۆی راوەدونانی ئۆپۆزیسیۆنەوە بێتە هەرێمی کوردستان، کەچی رێگا بەئێران نەدات.

٣-هەرچەندە بەرپرسانی تورکیا باس لەهاوپەیمانی ستراتیژیی نێوان خۆیانو ئەمریکا دەکەن، بەڵام ئەمریکا لەهەندێك روەوە نیگەرانە لەو هاوپەیمانییەو رێگا نادات تورکیا زۆر بەهێز ببێت. تورکیا ئەوەی پیشانداوە کە لەهەندێك حاڵەتدا بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەجوڵێتەوەو ئەوەش دەبێ بەهۆی ئەوەی متمانەی واشنتۆن بەرامبەر بەبەرپرسانی ئەنقەرە کەمتر بێتەوە.

٤-هەرچەندە کورد لەرِوی ئابوریو سیاسییەوە هێزێکی گەورە نیە لەناوچەکەدا، بەڵام فاکتەرێکی گرنگە بۆ ئەوەی لەدژی ئێرانو سوریاو تەنانەت تورکیاش بەکار بهێنرێ. بۆیە ئەمریکا ئامادەنیە کارێك بکات کەدژایەتیی کوردەکان بۆخۆی دەستەبەر بکات.

٥-ئەمریکا پێویستی بەکارتێك هەیە کە لەداهاتوا بۆ کۆنترۆڵ کردنی تورکیا بەکاری بهێنێ، بێگومان لەو روەشەوە حیساب لەسەر پەکەکە دەکات. دروستکردنی کۆمیتەیەکی هاوبەش لەنێوان ئەمریکاو تورکیاو عێراق بۆ کاروباری پەکەکە خۆی بەشێوەیەکی نارِاستەوخۆ دان پێدانانێکە بە پەکەکەدا. لەوەدەچێ ئەمریکا لەرێگای ئەو کۆمیتەیەوە هەنێك نیگەرانییەکانی تورکیا کەمبکاتەوەو هەوڵی لاوازکردنی پەکەکە بدات، بەڵام لەناوبردنی پەکەکە لەقازانجیدا نیە، لەوەش زیاتر هەبونی پەکەکە لەسەر سنورەکانی ئێراندا بەسودی ئەمریکایەوەو پەکەکە دەتوانێ لەسەر سنورەکاندا رێگربێ لەدزەکردنی تیرۆریستەکان بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە Pkk خەریکە پەیامێکی وادەداتە ئەمریکا کەئامادەیی ئەوەی هەیە ئاسایشی ئێران

کتێبخانەی کوردستان

تێکبدات که لەحاڵی حازردا زۆربەی ئۆپۆزیسۆنی ئێرانی توانای ئەو کارەیان نیە. ئەوەش دەبێ بەهۆی ئەوەی کەئەمریکا هەوڵی لەناوبردنی پەکەکە نەدات.

## ب-ئەوروپا

تورکیا وڵاتێکی کاندیدە بۆ ئەندامبون لەیەکێتیی ئەوروپا، یەکێتیی ئەوروپا ئامادە نیە بەزانابییەوە ئیسپانیایەکی تر لەناوخۆیدا جێ بکاتەوەو هەوڵی ئەوە دەدات بەرلەوەی تورکیا ببێ بەئەندامیی، کێشەی ئەتنی کورد چارەسەر بکرێ. ئۆپەراسیۆنی سەربازیی تورکیاو دەرکەوتنی شەڕی کوردوتورك ئەو مەسەلەیە قوڵتر دەکاتەوەو ئاسایشی تورکیا تێکدەدات، کەئەوەش بەدڵی ئەوروپا نییە.

لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا خەریکە دەبێ بەدەروازەیەك بۆ گەیاندنی وزە بۆ ئەوروپا. لەدوای گوشارەکانی روسیاو هەڕەشەکانی ئێران بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم گەیشتنی وزە بۆ ئەوروپا، رۆژئاوا بیری لەدروستکردنی کەناڵێکی تازە کردۆتەوە بۆ هێنانی وزە. روسیا ئاستەنگ لەبەردەم گەیشتنی وزەی قەفقاسیاو باڵکان بۆ رۆژئاوا دروستدەکاتو ئێرانیش هەڕەشەی داخستنی تەنگەی هورموز دەکات کەشوێنی ترانزێتی نەوتی شەش وڵاتی عەرەبی‌یە بۆ دەرەوە. بێگومان لێرەدا تورکیا رۆڵێکی گرنگی دەبێت. هەرچەندە کەئەو وڵاتە ناتوانێ هەمو وزەی پێویستی ئەوروپاو ئەمریکا بگوازێتەوە، بەڵام لەگەڵ کرانەوەی خەتی نەوتی(باکۆ-تفلیس-جەیهان) کە بەڕێگای تورکیاوە نەوتەکانی ژمارەیەك لەکۆمارە تازە سەربەخۆ بوەکانی سۆڤێتی جاران دەگەیەنێتە رۆژئاوا.[٤] زیاتر لە١٣٪ی وزەی پێویستی رۆژئاوا لەتورکیاوە دەگاتە شوێنی خۆی. بێگومان ئەمەش بۆ ئەوروپا گرنگەو تەنانەت بۆ خودی تورکیاش داهاتی ساڵانەی لەدەوروبەری(٣٠٠) ملیۆن دۆلاردا دەبێت.[٥]

تێکچونی باری ئاسایشی تورکیا بەواتای دروستبونی ئاستەنگە لەبەردەم گەیشتنی١٣٪ وزەی پێویستی رۆژئاوادا.

## ج-وڵاتانی عەرەبی

ژمارەیەك لەوڵاتانی عەرەبی لەحاڵی حازردا نیگەرانن لەبارودخی عێراقو دەسرۆیشتویی ئێرانی ئیسلامی لەوڵاتانی عەرەبی وەکو لوبنانو فەلەستینو

عیراق. لەبەر کاریگەرییەکانی ئێران لەباشوری عێراق ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتانی عەرەبی تا ئێستا ئامادە نەبون پەیوەندییەکانیان لەگەڵ حکومەتی نوێی عێراقدا بەهێز بکەن یاخود بەرقەرار بکەن. هاتنی سوپای تورکیا بۆ باکوری عێراق دەبێ بەهۆی لەناوچونی ئۆمێدی ئەو وڵاتە عەرەبیانە بۆ ئەوەی بتوانن لەداهاتوی عێراقدا خاوەن قسە بن. هەرچەندە کەکۆمەڵی وڵاتانی عەرەبی لەناو خۆدا لەگەڵ یەکدا کۆك نین. بەڵام زۆربەیان لەسەر مەسەلەی لەدەستچونی دەسەڵاتیان لەعێراقو دابەشبونی ئەو دەسەڵاتە لەنێوان ئێرانو تورکیای ناعەرەبیدا نیگەرانو دژایەتی پیشاندەدەن.

**((ئەنجام))**

وەکو بینرا زەمینەی سیاسی هێرشی سەربازیی تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەندە لاوازە کەتەنانەت ئێرانی ئیسلامیش ئەگەر بەرێکەوتن لەگەڵ خۆیدا نەبێ رازی نیە بەهاتنی سوپای ئەو وڵاتە بۆ خاکێك کەسنوری هاوبەشی لەگەڵدا هەیە. بێگومان ئەگەر ئەمە فاکتەرەکانی تری وەکو زەمینەی یاساییو کێشە ناوخۆییەکانی تورکیای بخرێتە پاڵ ئاستەنگەکانی بەردەم ئەگەری ئەو ئۆپەراسیۆنە زیاتر دەبن. تورکیا بەئەندازەی ئیسرائیلش بەهێز نیە کەبتوانێ بەبێ لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی سیاسیو یاسایی جیهان ئەو هێرشە ئەنجامبدات. هەرچەندە نمونەی قوبرسو لەشکرکێشیەکەی تورکیا بۆ ئەو دورگەیە بەبێ رەزامەندی جیهان لەبەرچاواندایە، بەڵام ئەو کاتە هەلومەرجی سیاسیی جیهانی دوجەمسەری لەگەڵ زروفی ئێستای دنیادا وەك یەك نیە، ئەگەریش تورکیا ئۆپەراسیۆنێك لەهەرێمی کوردستان دا ئەنجامبدات کەرەزامەندیی جیهانی، لانی کەم ناوچەیی لەپشتەوە نەبێ بێگومان دەبێ بەهۆی قەیرانێکی سیاسی- ئابوریو سەربازی بۆ تورکیاو زیانەکانی لەسودەکانی زیاتر دەبێت.

بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە حکومەتی تورکیا ناچارە بۆ راگرتنی هاوسەنگییە ناوخۆییەکانی ناو تورکیا هەوڵی رازی کردنی رای گشتی جەماوەری تورك بدات کەخوازیاری ئۆپەراسیۆنی سەربازییە.

حکومەتی تورکیا لانی کەم لەحاڵی حازردا بەپێچەوانەی لێدوانی بەرپرسەکانی دودڵە لەبەرامبەر ئۆپەراسیۆنی سەربازی بۆ هەرێمی کوردستانو

هێشتا بەتەواوەتی سوودوی دڵی خۆی نەکردوە. باشیش ئاگای لەوەیە کەزیانەکانی ئەو لەسودەکانی ئۆپەراسیۆنەکە زیاتر دەبێ. بەڵام لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا نزیك دەبنەوەو لەبەر بەرەنگاربونەوەی ئۆپۆزیسیۆن بۆئەوەی ئەو خاڵە بەکارنەهێنێ، پێدەچێ گوشارەکانی زیاتر بکات بۆئەوەی لانیکەم ئۆپەراسیۆنێکی ئاسمانی سنوردار لەهەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێ، کەزیاتر بەمەبەستی ئەهوەن کردنەوەی هەستی تورکەکانە.

ئەگەری ئەوە هەیە حکومەتی ئەمریکاش بۆئەوەی تورکیا زیاتر نزیکی ئێران نەبێتەوە رەزامەندی پیشانبدات بۆ ئەو ئۆپەراسیۆنە ئاسمانییە سنووردارە.

سەرەڕای یەك نەبونی هەڵوێستی Pkk لەگەڵ زۆربەی پارتە کوردییەکانو لاسارییەکانی لەنێو جولانەوەی نەتەوەیی کورددا، بەڵام لەناوچونی ئەو رێکخراوە لەقازانجی کورددا نیە. حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ رێگرتن لەئەگەری هەر هێرشێکی سەربازیی تورکیا چەند رێگای لەبەردەمدایە.

١-هەوڵدان بۆ دروستکردنی زەمینەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی Pkk و تورکیا لەرێگای دانوستانەوە، بێگومان ئەگەری نارەزایی تورکیاو تەنانەت ئەمریکاش لەحاڵی حازردا بۆ ئەو مەسەلەیە زۆرە، بەڵام کورد دەتوانێ هەوڵی دروستکردنی رایەکی گشتیی جیهانی بدات لەو رووەوە کەببێ بەکارتێکی گوشار لەسەر تورکیا.

٢-هەوڵدان بۆ ئەوەی وڵاتێکی سێیەم رێگا بەمانەوەی پەکەکە بدات.

٣-رازی کردنی پەکەکە بۆئەوەی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بەجێبهێڵێو لەناوخۆی تورکیا کارەکانی ئەنجامبدات.

**سەرچاوەکان:**

[1]Taha Akyol- www.Huriyet. Com/yazarla.
[2]Sedat Iaqiner www. USAK. Com.
(ordanuz kuzey iraka gidebilicni?).
[3]ulusaras strategic arastirma kurunu www. USAK. com
[4]qeagiz qandar. www. Bugun. Com.
[5] qeagiz qandar. www. Bugun. Com.

# سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی نێودەوڵەتی پرۆژەیەك بۆ چارەسەری دۆزی کورد پێشکەش بەتورکیا دەکات

**ئامادەکردن و وەرگێڕانی: کارزان محەمەد**

**ئارام عەلی**

هەواڵنامەی کتێب

سەنتەری لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ستراتیژیی نێودەوڵەتی (ISRO) کە گەورەترین دەزگای لێکۆڵینەوەی ستراتیژییە لە تورکیا، بنکەی سەرەکی لەئەنقەرەیەو بە زمانە جیاوازەکانی وەك: ئیسپانی، ئینگلیزی، هۆڵەندیو تورکی لێکۆڵینەوە لەسەر مەسەلە گرنگە جیهانییەکان دەکات. نوێترین پرۆژەی لێکۆڵینەوەی ئەم سەنتەرە، تایبەتە بە دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ دۆزی کوردو پێشکەشی بەرپرسە بالاکانی تورکیای کردووە، کە تیایدا رەخنەی توند لە سیاسەتی تورکیا دەگرێتو داوای ستراتیژێکی نوێ دەکەن لە هەمبەر کوردەکانی تورکیاو عێراقدا. سەلاحەدین دینچەر لێکۆڵەر لە سەنتەری ISRO لەم بارەیەوە بەم شێوەیە ئەو راپۆرتەی نوسیوە:

***

## ئایا سوپای تورکیا دەچێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستانەوە؟

لەم دواییەدا رێگا پێ نەدانی تورکیا لەلایەن ئەمریکاوە بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی دژی PKK لەهەرێمی کوردستاندا وەك تاکە کێشەی بەردەم تورکیا لەسیاسەتی دەرەوەدا دەستنیشان دەکرێ. تورکیا خەریکە گوشار

دەخاتە سەر ئەمریکا بۆ وەرگرتنی ئەو مۆڵەتە. بەڵام ئەو هەوڵانەی تورکیا هەڵەیەو بارودۆخەکە بەو جۆرە نیە... بەر لەهەمو شتێك پێویستە باس لەوە بکرێت کەهێرشی سەربازیی سوپای ئیسرائیل بۆسەر باشوری لوبنانو حزبوڵڵا کەشو هەوایەکی خراپی لەتورکیا دروستکرد. رای گشتی تورکیا دەرسی پێویست وەرناگرێ. ئەگەر دان بەو راستیەدا بنێین کە پەکەکەو حزبوڵڵا نابن بەیەكو جیاوازیان هەیە. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسی سەربازیو وا بزانین کەکێشەکان تەنیا بەو رێگایە چارەسەر دەبن، دیسان ئەزمونی ئیسرائیل دەرسی زۆری تێدایە بۆ تورکیا: هەرکەس دەزانێ سوپای ئیسرائیل لەسوپای تورکیا بەهێزترە. سوپای ئیسرائیل لەدەوروبەری ١٣٠٠٠٠ هەزار سەربازی هەیە، بەڵام بودجەکەی بەقەدەر هی تورکیاو لەویش زیاتر دەبێ. ئەگەر لەڕوی ژمارەی چەکەکانیشەوە ئەو دو سوپایە بەراورد بکەین دیسان سوپای ئیسرائیل بەهێزترە. بۆ نمونە سوپای ئیسرائیل ٣٨٠٠ تانکی هەیە، بەڵام ژمارەی هەمو تانکەکانی تورکیا ناگاتە ٣٠٠٠ تانك. لەلایەکی تریشەوە تانکەکانی ئیسرائیل بەمۆدێرنترین شێوەی تەکنۆلۆژیای ئەمریکایی دروستکراون کەهی تورکیا وەهانین. بەکورتی لەم نمونەیەدا دەتوانرێ بگوترێ کەتەنیا لەهێزی تانك دا سوپای ئیسرائیل چەند قات لەسوپای تورکیا بەهێزترە.

ژمارەی فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای ئیسرائیل لەدەوروبەری ٢٠٠٠ دانە دایە کەهەمویان لەجۆری F16 یان F15ی ئەمریکایین. زیاتر لە٢٥ فڕۆکەی جۆریF16 شی هەیە کەتوانای هەڵگرتنو تەقاندنی چەکی ئەتۆمی‌یان هەیە. لەگەڵ هەمو ئەمانەشدا ژمارەیەکی زۆر فڕۆکەیF٤ ی هەیە کەمۆدێلەکەی کۆنترە. وەکو پێشبینی دەکرێت هەمو ئیمکانێکی تەکنۆلۆژیکیو کۆمپیوتەری ئەم هێزە ئاسمانیەی ئیسرائیل لەلایەن ئەمریکاوە دابیندەکرێو تاقیگەکانی ئیسرائیلیش لەسەر ئەوانە کاردەکەن. بەمجۆرەش هێزی ئاسمانی ئیسرائیل لەڕوی زانیاریو لەڕوی هێزی لێدانەوە تواناکانی زیاتر دەبێ. لەبەرامبەر ئەمەشدا تورکیا بەگوێرەی داهاتی نەتەوەیی-جوگرافی خۆی بودجەیەکی زۆر بۆ کڕینی چەكو تەقەمەنی تەرخان دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناگات بەوڵاتێکی وەکو ئیسرائیل. هێزی ئاسمانی تورکیا گرنگییەکی زۆر دەدات بەفڕۆکەی جۆریF١٦،

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ژمـارەی فڕۆکـەکانی تـەنیا ٥٠٠ فڕۆکەیـە. ژمـارەی هیلیکۆپتـەرو موشـەکی تورکیـا زۆر کـەمترە لـەو ژمارەیـە. بـەدەر لەهـەمو جیاوازییـەك لـەڕوی ژمـارەوە، چـەکەکانی تورکیـا لـەڕوی تـەکنۆلۆژیاوە زۆر دواکەوتوترن. واتە چەکەکانیشیان پێویستیان بەپێشکەوتن هەیە.

ئەمریکا لەڕوی داراییو لۆجستیکی‌یەوە هاوکاریی ئیسرائیل دەکات، بـەڵام سەبارەت بەتورکیا وانیە، تەنانەت ڕێگا نادات هەندێك چەك بەتورکیا بفرۆشـرێ. بەتایبەتی لەو چەکانەدا کەتورکیا بەرامبەر بە پەکەکە بەکاریان بێنێ ئـەمریکاو ئەوروپا هەندێك سنور دادەنێن. تەنانەت تورکیا مـافی ئـەوەی نیـە چـەکی نـاتۆ لەباشوری ڕۆژهەڵاتدا بەکاربێنێ. بەڵام هـیچ سـنورێکی وا لـەبەردەم ئیسـرائیلدا نیە.

لـەڕوی ئەزمونیشـەوە دەربـارەی شـەڕی گـەریلا سـوپای ئیسـرائیل ئـەزمونی زیاتری هەیە. دەوڵەتی ئیسرائیل خۆی وەکو دەزگایەکی شـەڕە. وادیـار دەبـێ کـە لەئیسرائیل دا هەرگیز باسی شەڕ کەم نابێتەوە هەمو شتێك وابەستەی سـوپایەو حکومەتەکەی ملیتاریستە. ماوەی سـەربازی لـەوێ ٣ سـاڵەو ژنـانیش مـاوەی ٢ ساڵ سەربازی دەکەن. بـەمانای سـوپای ئیسـرائیل ئـەو ئەندامانـەی وا پـەروەردە دەکات ماوەیەکی زیاتر بەکاریان دێنێ. لەوەش زیاتر لەڕوی کارەکانی خۆیانـەوە دەیانکـات بەپسـپۆڕ. بـەڵام لـەتورکیا وانیـە. سـوپا نـەیتوانی خـۆی ریفـۆرمیزە بکاتو ماوەی سەربازیش کورت کرایەوە. کەوابو سەربازی بەئەزمون لەماوەیەکی کورتدا دەست لەکار دەکێشـێتەوە. لـەوەش زیـاتر ئـەو سـەربازەی کـە لەباشـوری ڕۆژهەڵاتدا ئەزمونی وەرگرتوە دەنێردرێتە شوێنی تری وەکو مەرمـەڕەو ئیجـە.... بەکورتی سوپای تورکیا لەگەڵ زۆربونی ژمارەی سەربازەکانی خۆیـدا سـوپایەکی تەمبەڵە.

لایـەنێکی تـری مەسـەلەکەش لایـەنی زانیارییـە. سـەرەڕای زەحمـەت بـونی، ئیسرائیل دەتوانێ لـەنێو وڵاتـانی عـەرەبی‌دا زانیـاری بەسـود بەدەسـت بهێنـێ. هۆیەکی ئەمەش ئەو جولەکانەن کەکۆچیان بۆ وڵاتـانی عـەرەبی کـردوە. لـەوەش زیاتر هاوڵاتیانی عەرەبی ئیسرائیلیش سەرچاوەیەکی تری زانیارین بۆ ئەو وڵاتە. عەرەبە خاچپەرستەکانو ئەو مەزهەبانەی کە پەراوێز خراون لـەدنیای عـەرەب دا

هاوکاریی ئیسرائیل دەکەن. لەوەش زیاتر ژمارەی ئەندامانی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئیسرائیل کەعەرەبی باش دەزانن‌و ئاگایان لەکەلتوری عەرب بێ کەم نین. دامودەزگا زانستی‌و لێکۆڵینەوەی زانکۆکانی ئیسرائیل لەلیستی سوپادان، لەگەڵ ئەمانەشدا کێشەی فەلەستین‌و شەڕی لوبنان‌و عێراق کەناڵی باشیان بۆ دەزگا زانیارییەکانی ئیسرائیل دروست کردوە، لەلایەکی دیکەشەوە مانگە دەسکردە سیخوڕییەکانی ئەمریکاش لەخزمەت ئیسرائیل دان. لەبەرامبەر ئەمانەدا لەنێو دەزگا هەواڵگرییەکانی تورکیادا ژمارەی ئەو کەسانەی کوردی‌و عەرەبی دەزانن زۆرکەمن . سەرچاوەی زانیاریی تورکیا لەدەرەوەی سنور تەنیا هەندێك تورکمان‌و چەند سەرچاوەیەکی کوردو عەرەبن کەئەوانیش زۆر متمانە پێکراو نین، ئەگەر زانیاری بەسودیش بنێرن دەزگاکانی تورکیا توانای نرخاندنی باشی ئەمانەیان نیەو پلانی باشی بۆ دانارێژن. چونکە دەوڵەتی تورکیا پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەو بەرنامەدانانددا نیە.

سەرەڕای هەمو ئەمانەش ئیسرائیل توانایەکی سیاسی زۆری هەیەو دەتوانێ لەبەرامبەر هەمو دنیا راوەستێ. ئەمریکاو لۆبی یەهودی‌و میدیای(ژێرکاریگەری ئەوان) پشتگیری تەواو لەکردەوەکانی سوپای ئیسرائیل دەکەن. بەڵام ئەگەر تورکیا جوڵەیەکی بچوك بکات یەکسەر رەخنەی توندی لێدەگیرێ. تورکیا ناتوانێ لەنێو خاکەکەی خۆیشی‌دا هێزی بێ سنور بەکاربێنێ ئنجا چ لەدەرەوەی سنورەکانی‌دا. ئەوانەی تورکیا دەیەوێ لەناویان بەرێ هاوڵاتی کۆماری تورکیان‌و تورکیاش هێزێکی سیاسی گەورەی نیە کە لەبەرامبەریاندا هێزی بێ سنور بەکار بێنێ، ئەوەش رەوشی تورکیا خراپتر دەکات.

سەرەڕای هەمو ئەو تایبەتمەندییانە کێشەکانی ئێستای ئیسرائیل‌و سەرنەکەوتنی بۆ لەناوبردنی حزبوڵڵاو حەماس دەبێ دەرسێکی باش بدات بەتورکیا. ئیسرائیل بەو هێزەی خۆیەوە نەیتوانی پلانەکەی سەرخات، تورکیا بەکام هێزەوە هەوڵی ئەوە دەدا؟

تورکیا بەزۆرو بەچەك ناتوانێ چیاکانی باشوری رۆژهەڵات‌و هەرێمی کوردستان لەپەکەکە پاك بکاتەوە. هیچ نمونەیەکی وا لەدنیا نەبینراوە کەبەرێگای

چەكو سوپاوە هێزێكی وەكو پەكەكە لەناوببرێ. ئەو بۆچونەی وادەزانێ دەتوانێ بەهێزی سوپا لەناوی بەرێ هەڵە دەكات.

سوپای تورکیا لەهەرێمی کوردستانی عێراقدا ناتوانێ وەکو ئیسرائیل لەلوبنادا جموجوڵ بکات. جوگرافیای هەرێمی کوردستان لەلوبنان سەخترو شاخاویترەو هێزی ئاگرو شەڕی تورکیاش لاوازە. هەناردنی سەدان هەزار سەرباز بۆ هەرێمی کوردستان وەکو خۆکوژی وایە، لەبەرامبەر شەڕی گەریلایی کورددا سەرناکەوێ. لەوەش زیاتر تەنیا پاراستنی سوپا لەوێ دەبێ بەکێشەیەکی گەورە. ئۆپەراسیۆن بۆسەر هەرێمی کوردستان لەماوەی ١٠-١٥ رۆژدا تەواو نابێ. تورکیا ناچارە چەندین جار ئۆپەراسیۆن بکاتو لەبەرامبەر ئەشکەوتو شاخەکانی کوردستاندا چەکی مۆدێرن بەکاربێنێ، کەهەم رێگای پێنادرێو هەم خاوەنی ئەو چەکانە نیەو ناتوانێ پەکەکە لەناوبەرێ. چونکە پەکەکە لەمەیدانێکی شاخاوی فراوانو لەنێوان تورکیاو عێراقو ئێراندا بڵاوبونەتەوە. لەوانەش زیاتر ئەگەر تورکیا پێداگری زۆر بکات بۆئەوەی ئۆپەراسیۆن بکات لەهەرێمی کوردستاندا ئەگەری ئەوە هەیە ئەمریکا گەمارۆی چەکی لەسەردابنێ.

پەکەکە لەکوردستاندا لەهەرێمێکی شاخاویدا جێگیربوە، ناردنی یەکەی سەربازی بۆ ناو ئەوانە مەترسیدارە. ئۆپەراسیۆنی هێزی سەربازی پیادەی تورکیا دەبێ بەکارەسات. خەرجی ئۆپەراسیۆنێکی واش چاوەڕوان ناکرێتو بەشێوەیەك زۆر دەبێ کەلەتوانای تورکیادا نابێت. لەوەش زیاتر ئەگەر شکستیش بخوات پەیوەندییەکانی پەکەکە- یەکێتیی نیشتمانی- پارتی دیموکرات بەهێزتر دەبنو پێگەی تورکیا لەلای کوردەکانی عێراقیش دەشکێ. تورکیا لەئۆپەراسیۆنێکی وادا سەرناکەوێو ئەگەر زۆری پێ بکرێ دەتوانێ لەگەڵ ئەوەی خۆی زەربەیەکی زۆر بخوات نزیکەی ١٠٠ تا ١٥٠ئەندامی پەکەکە بکوژێ. نمونەی ئۆپەراسیۆنەکانی رابردوی سوپای تورکیا لەبەرچاودایەو تورکیا نەیتوانیوە زۆر سەرکەوتوبێ.

د.سەلاحەدین دینچەر بەم شێوەیە رێنمایی بەرپرسانی دەوڵەت دەکات:

١-سیاسەتە هەڵەکانی تورکیا لەناوچەکەدا، ئەم وڵاتە لەکوردەکانی عێراق دوور دەخاتەوەو ترسێکی هەمیشەییان لەبەرامبەر تورکیا تیادا دروست دەکاتو

ئەوان بەرەو وڵاتانیتر راپێچ دەکات، ئەنقەرە پێویستی بەوە هەیە کە بەهەنگاوە دڵنیاکەرەوەکان تێڕوانینی خۆی بگۆڕێت.

٢-بەرژەوەندییەکانی کوردەکانو تورکمانەکان بەهیچ شێوەیەك هاوئاست نینو ئەمە لەبەرژەوەندیی تورکیادایە کەئەم دوو گروپە لەیەکتر نزیك بکاتەوە، بەڵام لەتورکیا هەندێ لەگروپە سیاسییەکان بەئانقەست هەوڵ دەدەن تا بۆ بەهەدەردانی بودجەی ناوخۆ، ناکۆکییەکانی نێوان تورکمانەکانو کوردەکان بەگەورەتر لەوە نیشان بدەن کە هەیە. بەڵام لەڕاستیدا ئەمە نەك تەنها لەبەرژەوەندیی تورکیادا نییە لەباکوری عێراق، بەڵکو هێشتا ئەم کارە دژایەتی لەنێوان نەتەوەی کوردو ئەوانی تردا دروست دەکات.

٣-ئەنقەرە پێویستی بەهەنگاوی بەپەلە هەیە لەپێناو هاریکارییەکی ئابوری مەزن لەنێوان تورکیاو باکوری عێراقدا، ئەم پرۆسیسە لەئەگەری سیناریۆکانی ئایندەی عێراقدا(عێراقێکی یەکگرتوو یادابەشکراو) کارتی فشار دەداتە دەست تورکیاوە.

٤-ئەمە لەبەرژەوەندیی تورکیادا نییە کەرێگە بەوولاتانیتر بدات تا دەسەڵاتی خۆی بەسەر باکوری عێراقدا زیاد بکات، بەڵام ئەمرۆ دەوڵەتانێکی وەك: ئەمریکا، ئیسرائیل، بەریتانیا، رووسیاو ئێرانو زۆر دەوڵەتیتر هەنگاوو چالاکییە سیخوڕییەکانی خۆیان لەناوچەکەدا پەرەپێدەدەن. لەهەوڵی ئەوەدان تا نفوز لەناو بزووتنەوەی کوردەکاندا پەیدا بکەن. سەرەڕای ئەمە لەبەشێکی بەرفراوانی ئەم ناوچەیەدا نەدەوڵەتی مەرکەزی عێراقو نەکوردەکانی ئەم وڵاتە رۆڵێکی کاریگەرانەیان لەباکوری وڵاتەکەدا نییە. لەگەڵ ئەوەشدا تورکیا لەزیادکردنی رۆڵی خۆی لەناوچەکەدا، دواکەوتووە.

٥-باکوری عێراق رەگەزێکی گرنگە کەدەتوانێ کاریگەری لەسەر هاوسەنگی سیاسەتە ناوخۆییەکانی تورکیا دابنێت.

٦-تورکیا پێویستە واز لەگروپێکی بچوك بهێنێت کە لەڕووی ئاسایشو زاڵبون بەسەر گۆڕانکارییو سیاسەتەکانی نێوان تورکمانەکانو کوردەکاندا بەکاریان دەهێنێت. ئەو چەشنە سیاسەتانە پێویستە بۆ یەکخستنەوەیان بێت نەك هەوڵدان بۆ زیادکردنی ناکۆکی لەنێوانیاندا.

٧-هەندێ لەو گروپو یەکانەی تورکیا کەبۆ باکوری عێراق دەنێردرێن، سودی نیگەتیڤیانەیان لەو توانستە دارایی و هێزە سیاسییەی خۆیان وەرگرتووە لەپێناو بەرژەوەندیی تاکە کەسیو ئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیاندا. دیارە کە باکوری عێراق بەشێوەیەکی بەردەوام بۆتە فاکتەرێکی گرنگتر لەتاوانە بەکۆمەڵەکان بۆ تورکیا. ئەو چەكو دراوانەی کەدەگوێزرێنەوە، تەواوی چالاکییەکانی تاوانە سیاسییەکانی ئەم دواییە لەخۆدەگرێت هەر لەگروپە تاوانبارەکەی(ئەتابیلەر)ەوە تا تەقەکردن لەدادوەرێکی ئەنجومەنی دەوڵەت لەخۆدەگرێت کەهەموویان لەباکوری عێراقەوە سەرچاوە دەگرێت.

٨-هەندێ لەگروپەکان لەتورکیا سەرگەرمی ئەنجامدانی گفتوگۆی نهێنیو ژێربەژێرن لەگەڵ بەرپرسانی یەکەی سیخوڕییە دەرەکییەکان لەباکوری عێراق بۆ بەرژەوەندی تاکە کەسیو یاخود گەیشتن بەئامانجە ئایدیۆلۆژییەکانی خۆیان.

٩-تورکیا پێویستە میکانیزمو کەناڵی نوێ بەئاراستەیەکی نوێی خۆیەوە لەبەرامبەر باکوری عێراقدا بخاتەڕوو، ئەمانەش پێویستە بریتی بن لەباشترکردنی پەیوەندییە دوولایەنەکان، زیادکردنی پەیوەندییە بازرگانییەکان، ناردنی وەفدی خوێندکارە کوردە عێراقییەکانو پەخشکردنی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەزمانی کوردیو عەرەبی.

١٠-سیاسەتی نوێی تورکیا لەهەمبەر کوردەکانی عێراقدا، دەبێ لەسەر دوو خاڵ خۆی چڕ بکاتەوە:

ا-تورکیا دەبێ بەکوردەکانی عێراقی نیشان بدات کە دوژمنی ئەوان نییەو بەپێچەوانەوە بەرگرییان لێدەکات.

ب-ئەنقەرە پێویستە نیشانی بدات کەجەخت لەسەر بەگژداچوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) دەکاتەوە، بەڵام تورکیا لەئێستادا پەیامێکی بەدەرلەمە دەنێرێت. پێدەچێت زۆرینەی کوردەکانی عێراق، دەوڵەتی تورکیا بەلەمپەری سەرەکی بەردەم خۆیان بزانن، لەلایەکی ترەوە لەو بڕوایەدان کەئەنقەرە بەئەندازەیەکی تەواو بەهێز نییەو ئازایەتی بەگژداچوونەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان(PKK)ی نییە.

١١-کوردەکانی عێراق لەماوەیەکی درێژخایەندا دەتوانن یارمەتی هەوڵەکانی تورکیا بدەن بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریستە جودایخوازەکان، بەڵام بۆ ئەم کارە بەڕەسمی پێویستی بەخواستە سیاسیو هێزەکانی ئاسایشە بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم. ئەگەر دەوڵەتی مەرکەزی نەتوانێ هەنگاوێکی وا ئەنجام بدات، ئەم کارە دەبێ لەلایەن دەوڵەتە ناوچەییەکانەوە ئەنجام بدرێت.

١٢-تورکیا نابێ تەرکیزی زۆرو خۆسنووردارکردنی بەمەسەلەی یەکپارچەیی خاکی عێراقەوە لەدەست بدات.

١٣-تورکیا دەبێ خۆدوورخستنەوە لەتیرۆریزمو خۆپاراستن لەبەرفراوانکردنی جەنگی ناوخۆیی لەباکوری عێراق، بخاتە ئەولەوییەتەوە. هەروەها دەبێ هەوڵ بدات تا یارمەتی راوەستاندنی مشتومڕی نێوان شیعەکانو سوننەکان بدات. جەنگی ناوخۆیی لەعێراق، کوردەکانی ئەم وڵاتە بەرەو سەربەخۆییو وڵاتانیترو هەروەها وابەستەبوونی زیاتریان بەهێزە دەرەکییەکانی وەك ئەمریکا، ئیسرائیلو بەریتانیا دەبات.

١٤-ئەنقەرە دەبێ وڵاتو هەروەها بەشی باشوری رۆژهەڵاتی خۆی سەرنجراکێشتر بکات بۆ کوردەکان، پرۆژەیەکیش لەمبارەیەوە دابڕێژێت.

١٥-کوردەکانی عێراق نابێ بۆ دوو گروپ بەسەرکردایەتی(جەلال تاڵەبانی)ی سەرۆك کۆماری ئەم وڵاتەو هەروەها(مەسعود بارزانی)ی سەرۆکی هەرێمی کوردستانی عێراق قەتیس بکرێت، ئەنقەرە پێویستە گەشە بەپەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ گروپەکانیتری کوردی عێراقیش بداتو پشتیوانی لەپلوراستی کوردەکان بکات. هەروەها ئەنقەرە پێویستی بەوە هەیە تا کۆمەڵە رێگایەك بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ رای گشتی کوردەکان بدۆزرێتەوەو ئەم گفتوگۆیە لەسەرکردەی کۆمەڵەکانیاندا قەتیس نەخوات.

*وەکو لەو راپۆرتەی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی ئەنقەرە ISRO دیارە، سەنتەرەکە رێگایەك بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەتورکیا دانانێت، بەڵکو تەنها مەبەستی ئەوەیە کەداموو دەزگاکانی دەوڵەتی تورکیاو ئیدارەکەی شێوازی لەناوبردنی پەکەکە بگۆڕن، لەشێوازێکی روبەڕوبونەوەی سەربازییەوە بۆ شێوازێکی ئیستخباریو دیپلۆماسی.

*ئامادەکاری راپۆرتەکە کەد. سەلاحەدین دینچەرە واقعیانە مەسەلەی کورد لەکوردستانی عێراق دەگرێتە دەستو داوا لەلێپرسراوانی دەوڵەتی تورکیا دەکات لەحکومەتی هەرێمی کوردستان نەترسنو بەهەرەشەی نەزانن بۆ سەر تورکیا، تەنانەت ئەگەر دەوڵەتی کوردیش دامەزرێنن، ئەمەش جاری یەکەمە کەسەنتەرێکی ستراتیجی لێکۆڵینەوەی ئەو وڵاتە بەو راشکاوییە باس لەو مەسەلەیە بکات. هەرچەندە پێشتر چەندین رۆژنامەنوسی وەکو جەنگیز چاندارو ئیلنور چەڤیك واقعیانە مامەڵەیان لەگەڵ رەوشی هەرێمی کوردستانو حکومەتی دیفاکتۆ کردوە.

*راپۆرتەکە بەپشت بەستن بەئەنجامی ئۆپەراسیۆنەکانی رابردوی تورکیا دژی پەکەکە ئەوە دەخاتە روو کەئۆپەراسیۆنو چونە ناو خاکی هەرێمی کوردستان کێشەکە ئاڵۆزتر دەکات، جگە لەوەی کەزیانی ئەوتۆ بەپەکەکە ناگەیەنێت، پەیوەندی نێوان ئەمریکاو عێراقو حکومەتی هەرێمی کوردستان لەلایەكو تورکیا لەلایەکی تر ئاڵۆز دەکاتو تەئکید لەوە دەکاتەوە کەلاسایی کردنەوەی هێرشی ئیسرائیل بۆسەر حزبوڵلاو باشوری لوبنان زیانی زۆر بەتورکیا دەگەیەنێت.

*چاودێرانی سیاسی لەو باوەڕەدان پێویستە تورکیا واقعی ئەمرۆی هەرێمی کوردستانو فیدرالیزمی کورد قەبول بکاتو مەنتیقیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، دەست لەبەکارهێنانی کارتی تورکمانی هەڵگرێتو هەوڵی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی تورکمان- کورد بدات لەهەرێمی کوردستانو عێراقدا، نەك سوننەو شیعەی توندڕەوو تورکمان بگەیەنێتە یەکترو حسابات لەسەر ئەو بەرەیە بکات بۆ دژایەتی کردنی یەکێتیو پارتیو حزبە کوردییەکانی دیکە، چونکە دیارە لەئەزمونی چەندین ساڵەو هەوڵەکانی لەم بوارەدا دراون هەمویان بێ ئەنجام بونو سیاسەتێکی نادروستە.

*لەحاڵەتێکدا ئەگەر دەسەڵاتدارانی تورکیا بەم شێوازەی کە لەراپۆرتەکەدا هاتوە مامەڵە لەگەڵ کێشەی پەکەکەدا بکەن، تا ئاستێك دەتوانن پەکەکەو هێزەکانی بخەنە چوارچێوەیەکەوە کەنەتوانن لێی دەربچنو کۆنترۆڵیان بکەنو رۆژبەڕۆژ بەرەو لاوازیان بەرن. ئەمانە هەمووی خاڵی ئیجابین لەراپۆرتەکەدا.

*خالّی هەرەلاوازی راپۆرتەکە ئەمەیەکە د. سەلاحەدین دینچەر هیچ رێگاچارەیەکی بۆ کێشەی کورد دانەناوە لەتورکیا، دوورو نزیك باسی کەموکورتییە دەستوریو یاساییو ئیجرائییەکانی دەوڵەت ناکات کەهۆکاری سەرەکی مەسەلەی بونی پەکەکەن، یان هۆکاری سەرەکی کۆبونەوەی خەڵکن لەدەوری پەکەکە. چونکە ئەگەر پەکەکەش لاوازببێ، چارەسەری کێشەی کورد نەکرێو لەمەسەلەی دیموکراتیزەکردنی سیستەمو داواکارییەکانی دیکەی یەکێتیی ئەورووپا لەتورکیا، ئەو دەوڵەتە هەنگاونەنێ، ئەوە چارەسەری ریشەیی مەسەلەکە ناکرێت.

هەواڵنامەی کتێب

# پانۆرامای ئاگربەستی پەکەکە

عەبدوڵڵا ڕێشاوی

سەردانەکەی ئەم دواییەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئاردۆغان بۆ ئەمریکاو کۆبونەوەی لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا جۆرج بوش، نەیتوانی چارەنوسی هێزەکانی پەکەکە لە بناری قەندیل لەبەرژەوەندیی تورکیا یەکلابکاتەوە.

ئەگەرچی ڕەجەب تەیب ئاردۆغان وای نیشاندا ئەوان لەلایەن سەرۆك بوشەوە بەڵێنی هاوکاری کردنیان دراوە لە کێشەی پەکەکەدا بەڵام ئەم قسانە نەیتوانی مەراق وبێزاریەکانی وەفدی هاوڕێی ئاردۆغان بشارێتەوە وهەرلەم سەروبەینەدا بوو چەند سەرچاوەیەکی نزیك لەوکۆبونەوانە ئاشکرایانکرد کە(بوش و ئاردۆغان لەگفتوگۆکانیاندا نەیانتوانیوە لەسەرهیچ خاڵێك پێك بێن ) هەربۆیە چاودێرانی سیاسی لەتورکیا پێیان وابوو (هەمو ئەو بەڵێنانەی سەرۆك بوش لەم کۆبونەوانەدا بەتورکیای داوە لەبەڵێنە کۆن ودوبارەو تەقلیدیەکان تێپەڕناکات )

بەپێی سەرچاوە نزیکەکان لەوگفتوگۆیانەوە لەوکاتەی ئاردۆغان گفتوگۆکانی خۆی لەگەڵ سەرۆك بوش بەقسەکردن لەسەر پەکەکەو داوای هاوکاری کردنی واشنتن بۆ ئەنکەرە لەم کێشەیەدا دەست پێدەکات ،سەرۆکی ئەمریکا بەقسەکردن لەسەر کارەساتی دارفۆر لەباشوری سۆدان وەڵامی

ئاردۆغـــان دەداتـــەوەو پێویســـتی هاوكـــاری كردنـــی ئەنكـــەرە بـــۆ واشـــنتن لەچارەســـەركردنی كارەســـاتی دارفـــۆردا بـــۆ ئاردۆغـــانو وەفـــدی هـــاورێی روندەكاتەوە.

لەگەڵ هەمو ئەمانەدا سەرۆك وەزیرانی توركیا ناچاربو لەكاتی گەڕانـەوەی بۆ توركیا گفتوگۆكانی خـۆی لەگـەڵ سـەرۆك بـوش بـەپۆزەتیف نیشـانبدات ،چـونكە ئـەم گفتوگۆیانـە لەكاتێكدایـە كـە رەجـەب تـەیب ئاردۆغـان و حكومەتەكەی لەبەردەم چاودێری وردو رەخنەی تونـدی جەنەراڵـەكانی سـوپا و سەرۆك ئەحمەد سیزەردایە ،لێرەشەوە پارتی داد وگەشەپێدان لەوە نیگەرانە كـە سەرۆكەكەی نەتوانێت لەهەڵبژاردنە كۆمارییەكەی مانگی نیسـانی داهـاتودا خۆی بۆ پۆستی سەرۆكایەتی كاندید بكات .

كەواتە هەرچی وتراوە ودەوترێت سەبارەت بەم كۆبونەوانە هیچیان نـاتوانن ئەو راستییە بشارنەوە كە سەردانی ئەم جارەی حكومـەتی داد وگەشـەپێدان بـۆ ئەمریكا نەیتوانی دەستكەوتێكی ئەوتۆی بۆ توركیا تیابێت بەتایبـەت ئەگـەر بەراوردی ئەم سەردانەبە سێ سەردانەكەی پێشوتری ئەم حكومـەتـە بـۆ وڵاتـە یەكگرتوەكان بكرێت، لەوەتەی لەمانگی تشرینی دوەمـی سـاڵی ٢٠٠٢وەوە سەرۆكایەتیی حكومەتی لەتوركیا وەرگرتووە.

دیارە هۆكاری ئەمـەش بەپلـەی یـەك بـۆ بڕیارەكـەی پارلـەمانی توركیـا دەگەڕێتەوە لەدژی بڵاوە پێكردنی هێزەكانی سوپای ئەمریكا لەتوركیا لـەكاتی شەڕی ئەو سوپایە لەگەڵ رژێمی پێشوی عێراق ..هەروەك ئاخافتنەكانی رەجەب تەیب ئاردۆغانیش دژ بەئیسرائیل و تاوانباركردنی بـە تـیرۆر و لەهەمانكاتـدا سیاسەتە كراوەكانیشی لەگەڵ تاران ودیمەشق بەپێچـەوانەی خواسـتی واشـنتن هۆكارێكی تری ئەو بارودۆخەیە .

هەمو ئەمانە بێگومان درزێكـی گـەورەی لەمتمانـەی نێـوان بەرپرسـانی واشنتن و سەركردەكانی دادو گەشەپێدان دروسـتكردوە كـەهیچ كـات نـاتوانن بەشـێوەی سـەركردەكانی پێشـوی توركیـا جێگـەی متمانـەبن و خزمـەت بـە سیاسەتەكانی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا لەناوچەكەدا بكەن .

## پەکەکە و پرۆژەی ئاشتی لەتورکیا

نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا داوای لە پەکەکە کرد لەلایەن خۆیەوە بانگەوازی ئاگربەس ڕابگەیەنێت و شەڕ ڕابگرێت، ئەمە سەرەتای پرۆژەی ئاگربەس بوو ،هەندێك لە میدیاکانی تورکیا لەوە تەنگەتاو بون کە (ئەمریکا لەگەڵ پەکەکە دەدوێت) بەلاّم پاشتر ئەو پەرچەکردارانە ساردبونەوە کاتێك پارتی کۆبونەوەی نیشتمانی (DTP)داوای لەپەکەکە کرد شەڕ رابگرێت ،پاشان سەرکۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی هاتەسەرخەت و رایگەیاند: (پەکەکەی بەئاگربەس قایل کردوە) بەرلەهەموانیش وتی( بەم زوانە پەکەکە ئاگربەس رادەگەیەنێت) ئەم وتانەی تاڵەبانی ئەگەرچی دەستپێشخەرییەکی سیاسی گرنگ بوو بەلاّم تورکەکانی بێزارکرد(چۆن تاڵەبانی لەگەڵ تیرۆرستان کۆبۆتەوە!) پاشان لەئیمرالییەوە هەمو شت برایەوەو ئۆجەلان لەکونجی زیندانەکەیەوە داوای لەگەریلاکان کرد بانگەوازی ئاگربەس رابگەیەنن ،داواکەی ئۆجەلان هاوپێچ بوو لەگەڵ هەندێك وردە هەڕەشەی ناراستەوخۆ ،ئەو وتی (ئەمە دواهەلە بۆ تورکەکان لەحاڵێکیشدا ئەگەر هێرشمان کرایە سەر بەرگری لەخۆمان دەکەین ).

ئەمجارەیان وەك جارەکانی پێشو نەبوو لەتورکیا کەس بێزاری خۆی لە ئاخافتنەکانی ئۆجەلان دەرنەبڕی بەڵکو داواکەی بوو بە مانشێتی رۆژنامە تورکییەکان.

## سوپای تورکیا لەدژی ئاگربەس رادەوەستێت و حکومەتیش هەڵوێستی رون نییە

جەنەراڵەکانی سوپا بەئاشکرا رایانگەیاند ئاگربەسیان قبوڵنیەو بەتوندی روبەروی تیرۆرستان دەبنەوە تاچۆك دادەدەن ،سەرۆك ئەرکانی سوپا لە لێدوانێکیدا ئەم هەڵوێستەی سوپای تورکیای ئاشکرا کرد ،بەلاّم بۆچونی حکومەت بەورادەیە توند نەبوو،سەرۆك وەزیرانی تورکیا رەجەب تەیب ئاردۆغان لەئاخافتنێکدا رایگەیاند:(ئەگەرلەحاڵێکدا پێویستی نەکرد سوپا هیچ جموجولێك ئەنجام نادات )ئەمە بەدیوەکەی تریدا بەو مانایەش دێت ئەگەر پێویستی کرد سوپا بەئەرکی خۆی هەڵدەستێت .

## رۆڵی سەرکردە کوردەکان لەدرەوشانەوەدایە

پاش راگەیاندنی ئاگربەس لەلایەن گەریلاکانەوە لەسێگۆشەی نێوان تورکیاو ئێران وعێراق کەدەکاتە ناوچەی شاخاوی سەخت وبەفراوی قەندیل لەکوردستانی عێراق ،تورکەکان لەوە گەیشتن کە هێشتا کەسانێك ماون داواکانی ئۆجەلان جێبەجێبکەن .

بەلاّم ئەبێ تورکەکان بۆچی لەوتەکانی تالەبانی بێزاربوبێتن ؟ لەکاتێکدا هەمومان بەتایبەت تورکەکان لەوە ئاگادارین کە دەوڵەتی تورکیا پێشتر زۆر دەکۆشا تا تالەبانی وبارزانی پەکەکە بەراگرتنی شەر قایل بکەن .!بەلاّم دیارە ئاگربەسی ئەمجارە بەشێوەیەك بەرێوەدەچێت کە لەگەڵ مەیلی تورکیا ناتەبایە، چونکە لەم ئاگربەسەدا پەکەکە هاوکێشەیەکی حساب بۆکراوە لەکاتێکدا تورکیا بەرنامەی سیاسی و سەربازی بۆ لەناوبردنی دارشتوە.

بارودۆخەکە ئەوە نیشان ئەدات کەهەریەك لە ولاّتە یەکگرتوەکان وئەمریکاو یەکێتیی ئەوروپا خوازیاری چارەسەرکردنی کێشەکەن بەئاستێك کەئەمریکا هەستا بەدانانی نوێنەرێکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە.

وردەوردە دەرکەوت بونی پەکەکە بوەتە دیفاکتۆو هیچ لایەکیش جگە لەتورکیا بیر لە لەناوبردنی ناکاتەوە ؟کەواتە تورکەکان ئێستە لەناو ئەو پرسیارەدا دەژین دەبێ چارەسەرکردنی کێشەکە چۆن وبەچ رێگایەك بێت؟

پاشان دەرکەوت لەم کێشەیەدا هەریەك لە سەرکۆماری عێراق و پارتی کۆبونەوەی نیشتمانی (DTP)رۆڵی بەرچاویان دەبێت، لەبەر ئەوەی ئەمریکاییەکان ناتوانن بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەگەڵ پەکەکە گفتوگۆبکەن .

ئێستا زۆربەی تورکەکان بۆیان دەرکەوتوە کێشەی پەکەکە کێشەیەکی راستەقینەیەو ناکرێ بە عەنتەریاتو لوت بەرزی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ،بەتایبەت کەئەمریکا لەسەرهێڵی کێشەکەیە .

## پەکەکە هاوکێشەیەك لەنێوان کوردو تورکیاو ئەمریکا

دەبێ ئەوە بزانین لەبەر ئەوەی ئەمریکا سورە لەسەر مانەوەی لەعێراق بۆیە هیچ پلانێك بەبێ وەرگرتنی دەنگ و بۆچونی کوردەکان جێبەجێناکات،

لەلایەکی ترەوە لەگەڵ هەمو ناکۆکییەکانیان تاڵەبانی وبارزانی لەسەر هیچ جۆرە جموجوڵێکی سەربازی لەدژی پەکەکە هاوڕا نابن . چونکە کێشەی پەکەکە کارتێکی فشاری قورسە و تا وادەی یەکلا کردنەوەی دۆزی کەرکوك وموسڵ لە ٢٠٠٧دا یەکلا ناکرێتەوەو تائەو وادەیە ئەم کارتە بەدەست بەرامبەرەکانی سوریاو تورکیاوە وەك کارتێکی فشار بەکاردەهێنرێت .

لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێ تورکیا ئەوە لەبەرچاو بگرێت کە نە ئەمریکا و نەتاڵەبانی ونەبارزانی دەستبەرداری نەخشەی کوردستانی گەورە نابن، ئەو نەخشەیەی لەکۆلیژی بەرگریی سەربازیی ناتۆ بەپان وپۆڕی لەبەردەم ئەفسەرانی سەربازیی تورکیادا راخرا.

لەبەر هەمو ئەم هۆکارانەو لەپێناو ئەوەی ولاٚتانی رۆژئاواو ڕای گشتی جیهانی پشتگیری لەدامەزراندنی ئەم دەوڵەتە بکەن لەداهاتودا پێویستە کوردەکان لەهەر ڕێگایەك کە تۆمەتی تیرۆریان بخاتە پاڵ خۆپارێزی بکەن .

ئێستا لەوە تێدەگەین کە بۆچی داوا لەپەکەکە کرا بانگەوازی ئاگربەس رابگەیەنێت و شەڕنەکات

## بانگەوازی ئاگر بەس بەرە لەژێر پێی تورکیا رادەکێشێت

هەرچەندە ئەمە بۆیەکەم جار نیە پەکەکە بانگەوازی ئاگربەس دەکات بەڵکو جاری چوارەمینە، بەلاٚم بانگەوازی ئەمجارە گرنگی ستراتیژیی خۆی هەیە.

بانگەوازی گەریلاکان لەکاتێکدا دێت کە تورکیا ماوەی چەند مانگ زیاترە لەسەر سنور سەرقاڵی کۆکردنەوەو رێکخستنەوەی هێزەکانیەتی بۆ لێدانیان.

بانگەوازەکە لەخۆڕا نەهاتوە بەڵکو وەلاٚمدانەوەیەکی پۆزەتیڤی گەریلاکان بوو بۆئەو داوا نێو دەوڵەتی وهەرێمایەتیانەی ئاراستەیان کرابوو، بۆیە ئەم ئاگربەسە بەدیویێکدا خشتی یەکەمی بونیادنانی متمانەیە لەنێوان ئەو لایەنانەو پەکەکەدا ،کە پەکەکە بۆخۆی لەهەرکات زیاتر ئاتاجی بەم متمانەیە هەیە.

بانگەوازەکە تورکیای خستۆتە بەردەم ئەمری واقیع و ناچاری دەکات کەلەنێوان هەڵبژاردنی جەنگ یان ئاشتی دا بڕیار لە سومعەی نێودەوڵەتی خۆی بدات .

بێگومان هەڵبژاردنی جەنگ و ڕەتكردنەوەی دانوستانیش باجی خۆی هەیە بۆ توركیا كە خوازیارە وەك دەوڵەتێكی مۆدێرنی عیلمانی ئاشتی خوازی ئەوروپی خۆی بچوێنێت.

چونكە توركیا زیاد لەهەر دەوڵەتێكی تر ئاتاجی بەئاشتی و گەشەسەندن هەیە بەئاستێك دەكرێ بڵێین ئەم ڕاگەیاندنەی پەكەكە وەك خەلاتێكە بۆ توركیایەك كەخوازیاری چونە بەرەو یەكێتی ئەوروپا .

پرۆژەی ئاشتی نەك تەنها لەروی ئاسایشی ناوخۆو لەروی سیاسییەوە بۆ توركیا بەسودە بەڵكو لەروی ئابوریشەوە سودێكی زۆری بۆئەم ولاتە هەیە.

چونكە لەبەرقەراربونی ئاشتی دا توركیا دەرگاكانی وەبەرهێنانی بەشێوەیەكی باشتر بەڕودا دەكرێتەوە لەو ناوچەیەی كە بەدوبەی عێراق ناسراوە لەكوردستانی عێراق و دراوسێی توركیایە ،كەحاڵی حازر توركیا ئامادەییەكی ئابوری و میدیایی و رشنبیری باشی لەو ناوچەیە هەیەو ژمارەیەكی زۆری بەلێندەرو بزنس مانەكانی ئەم ناوچەیە لەتوركەكانن .

لەبەر ئەم راستیانە ئێستا چینێكی زۆر لەرۆشنبیرو روناكبیرانی ناو توركیا پشتگیری لەئاشتی دەكەن و بەتوندی داوای دەكەن و لەسەرئەو بۆچونەن كە پێویستە دەوڵەتی توركیا ئەم هەلە لەكیس خۆی نەدات ،بەلام بەبۆچونی رۆشنبیرانی تورك لەبەردەم ئاشتی دا لە توركیا مەرجێكی سەرەكی هەیە ئەویش وازهێنانی دەوڵەتە لە (لوت بەرزی) .

چینی رۆشنبیرو روناكبیران لەتوركیا حساب بۆ قسەیان دەكرێت هەربۆیە ئۆجەلانیش لەداواكەی دا بۆ ئاشتی روی گوتاری كردە ئەو چینە ،ئۆجەلان لەو گوتارەیدا دانی بەوەشدا نا كە جارانی پێشوتر بانگەوازی ئاشتی پەكەكە شكستی هێناوە بەهۆی ناكۆكییە ناوخۆییەكانی ناو پارتەكەی. بەلام ئۆجەلان بانگەوازی ئەمجارەی بەگرنگ زانی و ئەوەشی راگەیاند كەئەو پشتگیری لەهەوڵەكانی سەرۆك وەزیران تەیب رەجەب ئاردۆغان دەكات بۆ بونیاد نانی دیموكراتیەت لەتوركیا .

## پەكەكەو گەڕانەوە بۆ گۆرەپانی نێودەوڵەتی

لەراستیدا گـوێگرتنی پەكەكـە بۆئـەو لایەنـە نێـو دەوڵـەتیو هەرێمایەتیانـەی داوای ئاگربەسـتیان لێكرد ،بۆخـۆی ئاماژەیـەكی رونـە لەسەرئەوەی ئەو پارتە دەیەوێت جارێكی تـر لەرێگـەی ئاشتیەوە بێتـەوە نـاو هاوكێشە سیاسییەكان پاش ئـەوەی لەرێگـەی سـەربازیو توندوتیژیـەوە لـەم هاوكێشەیە، دەركەوتبو، بەتایبـەت لـەپاش دەستگیركردنی سـەرۆكەكەی لـە ساڵی ١٩٩٣.

ئەو پارتە دەیەوێت نیشانی بدات دەتـوانێ لەگۆرانكارییـەكان تێبگـات و خوازیارە لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا رێبكات .

سەرچاوە:

www.Milli yet.com www. hurriyet.com

هەواڵنامەی كتێب

# شەرافەدین ئەلچی: باشترین ڕێگەچارە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیا، فیدراڵییە..

**چاوپێکەوتنی: باران کایا**

ئاماژەیەك:

ڕۆژی شەممە ویەك شەممەی ڕابردوو ٨-٩ی حوزەیران لە ئوتێل هیلتۆن-ی شاری ئەنکەرە کۆنگرەیەکی گشتی بۆ ئامادەکاری دامەزراندنی پارتێکی سۆسیال دیموکرات لە تورکیا کە هەموو ئەندامەکانی کوردن، بەسترا . دامەزراندنی پارتێکی وا یەکەم جارە لە مێژووی جولانەوەی سیاسیی کوردستانی تورکیادا پێکدێت و لە کۆنگرەی ئامادەکاریدا کە بەڕێز شەرافەدین ئەلچی سەرپەرشتی کردووە زیاترلە ٤٠٠ ئەندام لە هەموو چین وتوێژەکان بەشدارییان تێداکردووە و لەو کۆنگرەیەدا چەند لیژنەیەك بۆنوسینەوەی پەیڕەو و پرۆگرام وهەیکەلی پارتەکە پێکهاتووە وخودی ئەلچی-ش وەك وتەبێژی ڕەسمی تا بەستنی کۆنگرەی یەکەم دەستنیشانکراوە.

بە مەبەستی زانیاری زیاتر سەبارەت بەو پارتە و بەرنامەو سیاسەت وڕێگە چارەیان بۆ چارەسەری کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا، دۆسیەی تورکیا ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ شەرافەدین ئەلچی ئەنجامداوە.

سەرەتا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئەم کۆنگرەیە بۆ بەسترا ومەبەست لە بەستنی کۆنگرەکە چی بوو؟ بەڕێز شەرافەدین ئەلچی گوتی :گروپی کوردی ئازاد بە بەشداری ٤٠٠ کەس لە کەسایەتییە سیاسی ورۆشنبیری و ڕۆژنامەنوس

و یاساناس و بازرگان و خەڵکی کاسب و جوتیاری کورد لە هەموو ناوچەکانی کوردستان،لە شاری ئەنکەرە لە ڕۆژانی ٨و٩ی حوزەیران کۆنگرەی گشتی خۆی بەست و کۆکردنەوەی ئەو خەڵکە جیاوازانەش بۆ ئەوە بووکە هەموو چین و توێژەکان دەنگ و نوێنەری خۆیانی تێدا هەبێت، لە کۆنگرەکەدا بڕیاردرا پارتێکی تازە و پێشکەوتوو کە لەگەڵ بارودۆخی ئێستای جیهاندا گونجاو بێت و وەڵامی پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان بداتەوە وپارێزگاری لە مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیو ئابورییەوە بکات، دابمەزرێت.

دواتر لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا هێڵە سیاسییە سەرەکییەکانی ئەو پارتە نوێیە چین؟ وتی: هێڵە سیاسییەکانی ئەو پارتەی ئێمە لە بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەکەدا بلاوکراوەتەوە کە باوەڕی تەواوی بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی تورکیا هەیە و لە هەموو شێوازێکی توندو تیژی وشەڕی چەکداری خۆی بەدوور دەگرێت و باوەڕی بە خەباتی دیموکراسی و دیالۆگ و لێکتێگەیشتن هەیە و ئەمەش نەهجی سەرەکی پارتەکەیە و دەیەوێت لەم لایەنەوە چالاك بێت.

هەروەها ئەم پارتە خۆی بە خاوەنی هەموو کێشەکانی تورکیا دەزانێت و بە شێوەیەکی مۆدێرن مامەڵەیان لەگەڵ دەکات،چونکە ئێستا بارودۆخی سیاسەتی نێودەوڵەتی گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە و ئەمەش وا لە دەوڵەتان دەخوازێ کە بە چاوێکی ترەوە سەیری جیهان و گۆڕانەکان بکەن و مافی هەموو گەلان دەستەبەر بکرێت، کە هەر کەس ئەو سیاسەتەی قبوڵ نەبووبێت توشی ڕاوەدوونان و سەرگەردانی و ماڵوێرانی بۆتەوە، کە ئەوەش سیاسەتێکی هەڵە بووە و دەبێ سەر لە نوێ گۆڕانی تێدا بکرێت و بە شێوەیەکی دیکە دابڕێژرێتەوە. ئەم سیاسەتە هەڵەیەش وایکردووە هەمیشە گەلانی دیکە بە شۆڕش و ڕاپەڕین وەڵامی ئەو سیاسەتانە بدەنەوە ، لە ڕاستیدا تورکیا دەوڵەتێکی فرە ئەتنیکەو پێویستی بە لیبراڵی و دیموکراسی هەیە بۆ ئەوەی نەتەوەکانی دیکەش بە مافی خۆیان بگەن و ئەرکی خۆشیان بزانن و وەك هاووڵاتی ئاسایی بژین و هەموو کەس مافی ئەوەی هەبێت لە دامودەزگاکاندا بونی هەبێت، هەتا ئەرکی پاراستنی دەوڵەتەکە بە پلەی یەکەم بزانێ بۆ خۆی. لەم چوارچێوەیەشدا گرنگترین

کێشـەکە پێویستـە حکومـەت ڕێگەچارەی بـۆ بدۆزێتـەوە کێشـەی کـوردە.
لە وەلاٚمی ئەو پرسیارەشدا کە بە ڕای ئێوە چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکرێت ،
بەڕێز ئەلچی وتی: باشترین ڕێگە چارە لـەم سـەردەمەدا بـۆ چارەسـەری کێشـەی
کورد لـە تورکیـا فیدراڵییـە، وەك ئـەوەی لـە عێراقـدا هەیـە، ئەمـەش ئامـانجی
سەرەکی و بنەڕەتیمانە. ئەمەش بەو مانایە نییە کە ئێمـە هـەموو بیرو بۆچـون و
ڕێگەچارەکانی دیکە (وەك ئەوانەی پێشوو) ڕەتبکەینـەوە و بڵـێین تـەنها ئەمـەی
ئێمە ڕاستە، بەلاٚم بۆ سەلماندنی ئەو بیروباوەڕەی خۆمان هەموو ڕێگـە چارەیەکی
ئاشتی و دیموکراسیانە دەگرینە بەر. ئێمە پێداگرین لەسەر ئەم بیروڕایە ،بەلاٚم بەو
مانایەش نیە کە شەڕی لایەنەکانی دیکە دەکەین بـۆ چەسـپاندنی ئـەو بیروڕایـەی
خۆمان، بۆیە لەم بوارەدا گرنگ ئەوەیە بگەینە شێوازی کۆتایی لەگەڵ ئەوانی تر
بە ڕێگەی لێکگەیشتن و گفتوگۆ. لەسـەر ئـەم بنەمایـە و بنچینەیەش پـارتێکی
نویٚ بە پێـی پێداویستییەکانی ئـەمڕۆی گـەلی کـورد کـە بتـوانیٚ نوێنەرایـەتی
هەموو چین و توێژێکی تێدابێت، بە ڕای ئێمـە زۆر پێویسـتە بـۆ ئـەم قۆناغـە ،
چونکە هەموو ئەو پارتانەی کە تا ئێستا دامەزراون (پەکەکـە و ئـەوانی تـریش)
لەسـەر بنـەمای مارکسـیزم یـان سـتالینیزم دامـەزراون کـە بـاوەڕی سـەرەتا و
کۆتاییان بە چەك بـووە و ئەمـەش وایکـردووە کـە بیروبۆچـونێکی جیـاواز لـەناو
خەڵکدا بهێنێتە ئـاراوە و لـەناو خـودی حزبـەکان و خەڵکیشـدا بـاوەڕ بـوون بـە
شـەڕی چـەکداری کـەم بکاتـەوە، چـونکە ئەوانـە شـەڕی زۆر لایـەن و بنەماڵـەی
کوردستانیان کردووە کە وایکردووە نەیاریان لـەناو خەڵکیشـدا هـەبێت و لێیـان
ناڕازی بن. ڕاستە ئەم جولاٚنەوانە کاری چاکیان کردووە، بەلاٚم خـەڵکی بێتـاوانی
زۆریشیان کوشتووە. لە سەرەتادا خەڵك لە دەوریان کۆبۆوە، بەلاٚم نەیانتوانی ئـەو
خەڵکانە بکەنـە هێزێکـی سیاسـی وا کـە سـودی بـۆ خـەڵك و مافـە ڕەواکـانی
هەبێت، بۆیە گەیشتینـە ئەو ڕێگەیەی کە بـاوەڕ بـەوە بهێـنین ئەمانـە ئاسـتەنگی
هەرە سەرەکین بۆ چارەسەری کێشەی کورد و ئاستەنگیشن بۆ هەرڕێگە چارەیەك
کە سودی بۆ خەڵکی کوردستان هەبێت.

لە درێژەی وەلاٚمەکەیدا بەڕێز شـەرافەدین ئەلچـی وتـی: لەبـەر ئەمانـە ئێمـە
دەمانەویٚ جولاٚنەوەیەك دروست بکەین کە خەڵکی کوردسـتان پێـی ڕازی بێـت و

بتوانیٚ بەرگری لـە مافـەکانی بکـات و خـەڵکی کوردسـتانیش بکاتـە هێزێکـی چالاك بۆ بە دەستهێنانی مافەکانی بە ڕێگەیەکی ئاشتیانە، چـونکە بـارودۆخی ئێستای جیهان زۆر یارمەتیدەرە بۆ گەلی کورد و دەبیٚ کـوردیش ئـەو ڕاسـتییە درك پێبکات و سودی زۆری لێوەربگرێت ، هەروەها ئامادە بن بـۆ گـۆڕانـەکان ، بەلاٚم مەخابن کوردی باکور تـا ئێسـتا ئـەو ئامادەییـەیان نیـە و مێشـکیان زۆر تەنگە و ئەمـەش ڕێگرییەکی گەورەیە بۆ چارەسەر و مامەڵـە لەگـەڵ ئـەم جـۆرە مێشکەش بۆ ئێمـە قورسـە. پێویسـتە ئێسـتا پەکەکـە وەلا بنرێت و چارەنوسـی میللەتی کورد تەسلیمی پەکەکە نەکرێتەوە، ئەوانەی لـە بـاکوردا لەگـەڵ ئـەوانن ئێستا ١٨٪ یە و ئەویتر لە دەرەوەی سیاسەتی پەکەکەدایـە و نایـەویٚ وەك ئـەوان بیر بکاتەوە.

ئینجا بزانە میللەتێك ٨٠٪ی لەگەڵ تۆ نەبێت بزانە پەکەکە چەندە هەڵەی هەیە. ئەگەر پارتێك لەگەڵ میللەتەکەی ئاشت و تەبا بێت دەبێت وەك نوێنـەریان وابێت و لەسەر داخوازی و داواکاری میللەتەکەی سیاسەت بکات. ئەو سیاسـەتەی پەکەکە لە باکور دەیکات وایکردووە پەرش و بلاٚوی سیاسی و کۆمەلاٚیەتی بێتە کایەوە کـە هەڵەیـە ، بۆیـە ئێمـە دەمانـەوێت ئـەو پەرتـەواز بوونـە کۆبکەینـەوە، چـونکە وزەیـەکی زۆر گـەورە لـە کـوردی بـاکوردا هەیـە و پێویسـتە ئێمـە کۆیانبکەینەوە کە دەتوانیٚ هێزێکی فشاری گەورە بێت لەسەر حکومەت و لـەو باوەڕەدام ئەو کاتە کورد پێویستی بە ڕێککەوتن نـابیٚ لەگـەڵ لایـەنی دیکـە بـۆ ئەوەی بچێتە پەرلەمان یان هەر دامەزراوەیەکی دیکە لە تورکیـا، بـەڵکو خـۆی ئەوەندەی هێز و توانا هەیە کە ئەو کارە بکات، کۆکردنەوەی ئەو هێز و تواناییانـە وا دەکات کە ئێمە بۆ هەڵبژاردن پێویستمان بە پێکهێنانی بەرەی فراوان نەبێت کە نەیتوانی دەنگی تەواو بە دەست بهێنیٚ لە هەڵبژاردنەکانی ڕابردوودا، چونکە ئێمە بە لایەنی کەمەوە ١٠ ملیۆن دەنگدەرمان هەیـە، بۆیـە پێویسـتە پارتێـك هەبێت ئەم هێزە بلاٚوە کۆبکاتـەوە و لـەو بڕوایـەدام پارتەکـەی ئێمـە ببێتـە ئـەو چەترەی ئەمانە کۆبکاتەوە.

ئەم پارتە پێشکەوتووە سەردەمییانەی ئێمە دەرگایەکی تازەیە بە ڕووی گـەلی کوردا کراوەتەوە و لەو بڕوایەدام چارەسەری گرفتەکانی دەکات . ئەوەی لای ئێمـە

گرنگە ئەوەیە ئێمە لەسەر ئەو سیاسەتە بەڕێوە دەچین كە ئێستا لە جیهاندا بۆ گەلان هاتۆتە پێشەوە و لەو بڕوایەدام ئەو شتەی هەتا ئێستا میللەتەكەمان لێی بێبەش بووە بۆی بگەڕێنینەوە و لەسەر بنەمای فیدراڵی مافەكانی كورد دابینبكرێ . دڵنیاشین لەم پێناوەدا لە لایەن بزوتنەوە كوردییەكان و دەوڵەتیشەوە گرفتمان دێتە پێش ،بەلاّم گرنگ ئەوەیە ئێمە سوربین لەسەر داواكانمان و ئەو كەسەشی هاوكاریمان بكات هاوكاری میللەتی كورد دەكات و ئەو داوایانەش سادەترین مافی گەلی كوردە لە جیهانی تازەدا ،هەر بۆیە داوا دەكەین كە سەرلەنوێ سیستمی دەوڵەتبوون لە توركیا بنیاتبنرێتەوە كە مافی كورد و هەموو كەمینەكانی تێدا پارێزراو بێت ،چونكە ئەم دەوڵەتە لەسەر بنەمای شۆفێنیزمی توركی دامەزراوە كە بێجگە لە مافی تورك ،مافی هەموو كەسێكی دیكەی تێدا ڕەتكراوەتەوە .

هەواڵنامەی كتێب

# چەند سەرنجێك لەسەر خەلاَتەكەی ئۆرهان پاموك و بڕیارەكەی پەرلەمانی فەرەنسا

هەواڵنامەی کتێب

خەلاَتی نوبلی ئەمساڵ درایە ئۆرهان پامۆكی گەورە رۆماننوسی توركی بەنەژاد ئەرمەنی، بەخشینی ئەم خەلاَتە هێندەی لایەنە سیاسییەكەی لێكدانەوەو مشتومڕی هەڵگرت، هێندە لایەنە ئەدەبییەكەی لێك نەدرایەوە، چونكە بەخشینی ئەم خەلاَتە هاوكات بوو لەگەڵ پەسەندكردنی یاسایەك لەلایەن پەرلەمانی فەرەنساوە كەبەپێی ئەو یاسایە دان بەقەتلوعامكردنی ئەرمەنەكاندا دەنێت كە دەوڵەتی عوسمانی لەساڵەكانی ١٩١٥-١٩١٧ دژ بەئەرمەنەكان ئەنجامی داوە، بەپێی یاساكەش ئەگەر بڕیاری كۆتایی لەسەر درا، ئەوا هەركەسێك لەولاَتی فەرەنسادا نكوڵی ئەو قەتلوعامە بكات سزا دەدرێت.

هیچ كەسێك ناتوانێت گومان لەوە بكات كە پامۆك نوسەرێكی گەورەو بەتوانایە، لەنوسینەكانیدا هەمیشە ئۆپۆزسیۆنانە دواوەو دانی بەقەتلوعامەكانی ولاَتەكەیدا ناوە كە دژ بەگەلی ئەرمەن و گەلی كورد كراون و ، تەنانەت لەلێدوانێكیدا دەڵێت:(ملیۆنێك ئەرمەن و سی هەزار كورد لەم خاكەدا كوژراون، جگە لەمن هیچ كەسێك نیە بوێرێت ئەم راستییە بدركێنێت)، هەروەها بەشێك لەرۆمانەكانی تەرخانكردووە بۆ مەسەلەی وون

بوونی ناسنامەی تورکیا کەخاوەن رۆشنبیرییەکی پەرت بووە لەنێوان خۆرهەلاّت و خۆرئاوادا، بەلاّم دەستنیشانکردنی لەم ئان و ساتەدا بۆ وەرگرتنی خەلاّتی نۆبلّی ئەدەب کە ئەو خۆیشی بەئەسلّ ئەرمەنییەو لەهەندێك لەرۆمانەکانیشدا بەئاشکرا ئاماژە بەقەتلوعامی ئەرمەنەکان دەکات، ناتوانین خۆمان لەو پرسیارانە بەدور بگرین کە بەمێشکماندا دێت و ناچارمان دەکات هەندێك لێکدانەوەی سیاسی بۆ بکەین، چونکە فەرەنسا بەپێی ئەو یاسایە هەموو کەسێك لەو ولاّتەدا ناچار دەکات دان بەو قەتلوعامەدا بنێت و بەپێچەوانەوە بۆ ماوە سالێك زیندانی دەکرێت و برِی ٤٥ هەزار یۆرۆ غەرامە دەکرێت، ئەمەش هەمان ئەو سزایەیە کە بۆ هەر کەسێك دادەنرێت ئینکاری سوتاندنی جولەکەکان بکات کەلەسەر دەستی نازییەکاندا رویداوە، ئەمە لەکاتێکدا، فەرەنسا چەندین سالّە کێشەی گەلی کوردی لەتورکیادا فەرامۆش کردووە، ئەوەش دەزانێت کەوا گەلی کورد لەتورکیادا چەندین سالّە دەچەوسێنرێتەوەو بێ ماف دەکرێت و دەکوژرێت و دەربەدەر دەکرێت، بەلاّم هیچ کاتێك نەگەشتۆتە ئەو رِادەیەی یاسایەکی لەم شێوەیە دەربکات، یان هیچ نەبێت فشارێکی سیاسی بخاتە سەر ئەو ولاّتانەی کە کورد تێیاندا دەچەوسێنرێتەوە و ئەنفال دەکرێت (هەلّبەتە مەبەستم رِای رەسمی ئەو ولاّتەیە نەك هەندێك کەس و رێکخراوە کە داکۆکیان لەمافی کورد کردووە وەکو خاتو دانیالّ میتران، کەوا کاتێك مێردەکەی سەرۆکی ئەو ولاّتە بوو هانی دا کەبە برِیارێکی سیاسی لەنەتەوە یەکگرتوەکان پارێزگاری لەگەلی کورد بکرێت لەکوردستانی عێراقدا)، بەلاّم هەلّوێستی رەسمی فەرەنسا هیچ کاتێك سەبارەت بەمەسەلەی کورد لەئاستێکدا نەبووە، تەنانەت ئەو پشتگیری لەروخاندنی رژێمی بەعسیش نەکرد کەنەك بەتەنها کورد بەلّکو شیعەو تورکمان و کەمە نەتەوەکانی دیکەشی دەچەوساندنەوە، بەلاّم ئایا بۆچی یاسایەکی بەو شێوەیە دەردەکات و بەرژەوەندییە ئابورییەکانی لەگەلّ تورکیادا دەست لێهەلّدەگرێت و پەیوەندییە سیاسییەکانی ئالۆز دەکات لەگەلّ ئەو ولاّتەدا؟ ئایا ئەم هەلّوێستەی فەرەنسا بۆ ئەوەیە کە زیاتر ئەم ولاّتە لەبەئەندام بوون لە یەکێتی ئەوروپا دوربخاتەوە، بەو پێیەی یەکێتی ئەوروپا مۆرکێکی

مەسیحی هەیەو تورکیاش ولاّتێکی ئیسلامییە، یان تەنها پشتگیرییەکی فەرەنسایە لەئەرمەنەکان بەو پێیەی گەلێکی مەسیحین، یان دارشتنی ئەم یاسایە پەیوەندی بەو کوتلانەی ناو پەرلەمانی فەرەنساوە هەیە،و کەمتر ئەم هەلّوێستە لەنێو سەرۆکایەتی فەرەنسادا فۆرمەلە بووە، ئەوەیش زیاتر لەم رایەمان نزیك دەکاتەوە ئەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە بووە کە جاك شیراك لەگەلّ ئەردۆغاندا ئەنجامی دابوو و تێیدا نیگەرانی خۆی لەو بڕیارەی پەرلەمانی ولاّتەکەی دەربڕی بوو وە گەلاّلەکردنی بڕیارەکەی خستبووە ئەستۆی هەندێك پەرلەمانتارەوەو بەلّێنی بە ئۆردوغان دابوو هەموو هەولّەکانی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە لەخوێندنەوەی کۆتاییدا شکست پێ بهێنێت، ئەم هەلّوێستەی شیراك مایەی سەرسامییە چۆن لە پەرلەمانی ولاّتێك بڕیارێك دەردەکرێت و سەرۆکی ئەو ولاّتەش نیگەرانی لەبەرامبەر دەکردنی ئەو بڕیارەدا دەردەکات، ئایا فەرەنسا بەم هەلّوێستەی ویستویەتی بەبەردێك دوو چۆلەکە بکوژێت، بەوەی لەلایەك تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا دوربخاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە سۆزێکی مەسیحیانە بەرامبەر ئەو ئەرمەنانە بنوێنێت کەلەسەرەتاکانی سەدەی رابردووەوە لە تورکیادا بێ رەحمانە قەتلوعام کران، شیراکیش لەسەردانەکەیدا بۆ ئەرمینیا کەوتی پێویستە تورکیا دان بەقەتلوعامی ئەرمەنەکاندا بنێت و دواتریش لەپەیوەندییە تەلەفۆنییەکەیدا لەگەلّ ئەردۆغان نیگەرانی لەدەرکردنی بڕیارەکە دەربڕی، هەر بۆ ئەوە بوو بە بەردەکە هەردوو چۆلەکەکە بکوژێت.

سەبارەت بەم بڕیارەی فەرەنسا کۆمسیۆنی ئەوروپاش نیگەرانی دەربڕی، چونکە ئەم بڕیارە ڕێ لەبەرەوپێشچوونەکانی تورکیا دەگرێت کە هاویشتبوونی بۆ ئەوەی ببێتە ئەندام لەیەکێتی ئەوروپادا، بەلاّم هاوکاتیش خۆشحالّی خۆی دەربڕی سەبارەت بەبەخشینی خەلاّتەکە بە ئۆرهان پامۆك، چونکە ئەم خەلاّتە دەبێتە هاندەرێك بۆ هەموو ئەوانەی دەیانەوێت بدوێن و فێربن و حەقیقەتەکان بلّێن، ئەمەش نەك تەنیا لەتورکیادا بەلّکو لەهەر شوێنێکی سەر ئەم زەمینەدا بێت.

دواجار ئەوەی دەکرێت لەم بڕیارەی فەرەنساوە بخوێنرێتەوە، مەسەلەیەکە کە گرنگە بەنسبەت ئێمەی کوردەوە کە لە هەموو میللەتێکی سەر ئەم زەمینە زیاتر زوڵممان لێکراوەو قەتڵوعام کراوین، ئەویش ئەوەیە کەئەمڕۆ دەنگێك لەدونیادا دروست بووە کە ئەگەر چی دەنگی هەندێك لە کوتلەکانی ناو پەرلەمانەکانی ولاّتانی دونیا بێت، پشتیوانی لەمافی کەمینەکان دەکرێت و رێ نادرێت بچەوسێنرێنەوە ئیدی ئەگەر ئەو پشتیوانەیە لەشێوەی بڕیارێکدا بێت، یان دەرکردنی یاسایەکدا بێت، کوردیش وەکو یەکێك لەگەورەترین کەمینە مافخوراوەکانی ئەم دونیایە و وەکو ئەوەی کەتائێستاش لەژێر مەترسی هەڕەشەکانی تورکیادا دەژی بەوەی هێرشی بکرێتە سەرو ژیان و ئەزمون و دەسکەوتەکانی لێ زەوت بکرێت، ئێستا دەتوانێت زیاتر پێ لەسەر مافەکانی دابگرێت و دەنگی زولاّلی نارەزایی بەرز بکاتەوە، هاوکات ئیلهام بەخشیشە بەوەی کەچیدی هیچ ولاّتێکی ملهوڕی دونیا ناتوانێت تا سەر لەسەر زوڵم و ستەمی خۆی بەردەوام بێت و ئەگەر ئێستاش نەبێت ئەوا هەر رۆژێك دێت مێژوو روبەڕوی دەبێتەوە، هەر وەك چۆن ئێستا سەدام حسێن لەسەر ئەنفالکردنی کورد دەهێنرێتە بەردەم دادگاو دادگایی دەکرێت و بەڵگە مێژوییەکان بەسەریدا ساغ دەکرێنەوە، تورکیاش مێژوو دوای ٨٣ ساڵ رێی لێ دەگرێت و ناهێڵێت بەسەر کەلەسەری هەزاران هەزار خەڵکی قەتڵوعامکراودا بپەڕێتەوە بۆ ناوەندێکی خاوەن دەسەلاّتی سیاسی و ئابوری بەهێزی وەکو یەکێتیی ئەوروپا.

لەهەموو حاڵەتێکیشدا ئەگەرچی دەرکردنی بڕیارەکەی فەرەنساو بەخشینی خەلاّتی نوبڵی ئەدەب بەنوسەرێکی تورکی بەئەسڵ ئەرمەنی رەنگە چەندین هۆکاری سیاسی و نەزعەی ئایینی لەپشتەوە بێت، بەلاّم خۆی لەخۆیدا ئەو ئیحایە دەبەخشێت کەسیاسەتی جیهانی ئێستا لەسەر ئاراستەیەك رێی گرتووە، کەپشتیوانی کردنە لەو کەمینانەیە کە لەناو ئەو رژێمە ستەمکارو تاکڕەوانەدا دەچەوسێنرێنەوە.

# کاریگەریی پرۆژەی گاپ لەسەر عیراق

کەمال رەشید شەریف

## پێشەکی

ژمارەیەك تۆژەر بیریان بۆئەوە دەچێت کێشەی ئاو لەسەدەی بیستو یەکەمدا گرنگیی یەکی تایبەت پەیدا بکات،لەمبارەیەوە شارەزایان دەڵێن بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانو پەرەسەندنی ئاستی ژیانی مەدەنیی یەوە، بەکارهێنانی ئاو رۆژ لەدوای رۆژ زیاتر دەبێتو لەسەر ئاستی جیهان دابین کردنی ئاو گرنگی پەیدا دەکات.

سەبارەت بەسیاسەتە ئاوی یەکانی تورکیاش هەردو وڵاتی عیراقو سوریا هەست بەمەترسی دەکەنو بەردەوام لەلایەن حکومەتی ئەنکەرەوە هەڕەشەیان لەسەرەو بڕی ئاوی بەردراو لەبەندەرەکانەوە بۆ ئەو دوو وڵاتە کەم دەکرێتەوە، کێشەی سەرەکی هەردو وڵاتی سوریاو عیراق لەوەدایە کەسەرچاوەکانی ئاویان لەدەرەوەی سنورە، بەتایبەتی عیراق، ئەگەرچی بەشی درێژی روبارەکانی دیجلەو فورات بەخاکیدا تێپەڕ دەبن، بەڵام سەرچاوەکانی لەوڵاتی تورکیادایە، ئەو وڵاتەش رەتیدەکاتەوە دیجلەو فورات روباری نێودەوڵەتی بنو بەئارەزوی خۆی داهاتی ئەو دو روبارە بەکار دەهێنێت. لەو روەوە پرۆژەی باشوری خۆرهەڵاتی ئەناتۆلیا(GAP) بایەخێکی گەورەی هەیە، کەبەهۆیەوە گۆڕانکاریی ئابووری، کۆمەڵایەتی گەورە لەو ناوچەیەدا روو دەدات، لەهەمان کاتیشدا کێشەکانی

نێوان عیراق‌و سوریا لەلایەك‌و تورکیا لەلایەکی ترەوە زیاد دەکات لەسەر ئاو، لەکاتێکدا لەم سەدەیەدا سەرچاوەکانی ئاو گرنگی‌و بایەخی زیاتری پێ دەدرێت وەکو سەرچاوەیەکی ژیان‌و، وزە... هتد.

### حەوزی روباری فورات

پانتایی حەوزی روباری فورات ٤٤٤ کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت کە٢٨٪ی دەکەوێتە ناو خاکی تورکیا، ١٧٪ی دەکەوێتە سنوری سوریاو ٤٠٪ دەکەوێتە سنوری عیراقەوە، بەڵام وڵاتی تورکیا ساڵانە بەڕێژەی ٩٤٪ سود لەکۆی داهاتی ئاوی ئەم روبارە وەردەگرێت، لەکاتێکدا سوریاو عیراق پێکەوە تەنها سود لەنزیکەی ٦٪ی داهاتی ئەو روبارە وەردەگرن.

درێژایی روباری فورات لە ٣ هەزار کیلۆمەتر زیاترە کە٤٥٥ کیلۆمەتری دەکەوێتە سنوری تورکیا، ٦٧٥ کیلۆمەتری دەکەوێتە سنوری سوریاو ١٢٠٠کیلۆمەتری دەکەوێتە سنوری عیراقەوەو داهاتی ساڵانەی ئاوی فورات نزیکەی ٣٠ ملیار م٣ دەبێت.

هەواڵنامەی کتێب

### حەوزی روباری دیجلە :

پانتایی حەوزی ئەم روبارە ٢٨٩ هەزار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، زیاتر لە ٦٤٪ دەکەوێتە سنوری عیراق‌و ١٩,٩٪ی دەکەوێتە سنوری تورکیاو ١٢,٥٪ی دەکەوێتە سنوری ئێران‌و ٢,٠٪ی دەکەوێتە سنوری سوریاوە، ئەم رێژانە ئەوە ناگەیەنن وڵاتانی بەشداربوی حەوزی دیجلە بەهەمان رێژە بەشداری داهاتی ئاوی ساڵانەی روبارەکە دەکەن، چونکە تورکیا بەتەنها بەشداری ٥٤,٦٪ی داهاتی ئاوی روبارەکە دەکات، لەکاتێکدا ئێران بەڕێژەی ١١,٨٪و عیراق ٣٣,٤٪ بەشداری دەکەن. درێژایی روباری دیجلە ١٧١٨ کیلۆمەترە، ٣٠٠ کیلۆمەتری دەکەوێتە سنوری تورکیاوە، ٤٤ کیلۆمەتری سنوری سوریا پێك دەهێنێ‌و ١٣٧٤ کیلۆمەتریشی دەکەوێتە ناو خاکی عیراقەوە. داهاتی ئاوی ساڵانەی دیجلە لەساڵانی ١٩٥٠-١٩٨٧ بەتێکڕایی نزیکەی ٤٨ هەکتار/م٢ بوە بەنیوەنجی تەسریفی (تێپەڕبونی) ٦٨١,٨/م٣ ئاو لەچرکەیەکدا.

## پرۆژەی گاپ

GAP گاپ بەزمانی توركی كورتكراوەی GUNEYDOGN ANADOLU PROJESI، واتە پرۆژەی خۆرهەلاتی ئەناتۆلیا دەگەیەنێت، بەتەواوبوونی پرۆژەكە بنەمای پێویست بۆ گۆڕانی ئابووریی گەورە دەڕەخسێت لەپارێزگاكانی باشوری خۆرهەلاتی ئەو ولاتە كەدیاربەكر، غازی عەنتاب، سیرت، شانلی ئادیەمانو ماردین دەگرێتەوەو ناوچەیەك بەپانتایی ٧٣,٨٢١ كیلۆمەتری چوارگۆشە دادەپۆشێتو دانیشتوانەكەی نزیكەی ١١ ملیۆن كەس دەبێت كەزۆربەی كوردنو ئەوانی دیكەی عەرەبو ئەرمەنن.

ئامانجی سیاسەتی توركیا لەتەواوكردنی پرۆژەی گاپ پەرەپێدانی ئابوریو كۆمەلایەتیو رۆشنبیرییە لەو ناوچەیەدا كەبەدەست هەژاریو دواكەوتوییو پشتگوێ خستنی چەندین سالەوە دەنالێنن، هەروەها لەڕوی سیاسەتی دەرەكیشەوە حكومەتی ئەنكەرە درك بەگرنگی ئاو دەكات لەئایندەداو بەكاریدەهێنێ وەك گوشارێكی سیاسی بۆ سەر ولاتانی هاوسنور، جگە لەفرۆشتنی بەو ولاتانە.

## بیرۆكەی گاپ

بیرۆكەی گاپ دەگەڕێتەوە سالی ١٩٣٠و بەكردەوە سالی١٩٣٦ گەڕانو توێژینەوەی سەرەتایی بۆ روباری فورات دەستی پێكردو سالی ١٩٣٧ پلانی دامەزراندی بەنداوی(كیبان) دانرا لەناوچەی خواروی یەكگرتنەوەی هەردو لقی فورات لەگەل موورادسو. سالی ١٩٥٠ گرنگیی زیاتر درا بەناوچەی خۆرهەلاتو باشوری خورهەلاتی توركیاو ناكۆكی لەسەر داهاتی ئاوی هەردو روباری دیجلەو فورات كەوتە نێوان توركیا لەلایەكو سوریاو عێراق لەلایەكی دیكەوە.

گاپ بریتییە لەژمارەیەك پرۆژەی ئاودێریو دروستكردنی بەنداو و وێستگەی كارۆ ئاوی، لەگەل چەندین حەوزی كۆكردنەوەی ئاوو تونێلو كەنالی تایبەت، خەرجی گشتی پرۆژەكە بەنزیكەی٣٠ ملیار دۆلار مەزەندە دەكرێتو لەو چوارچێوەیەدا بەنداوی ئەتاتورك وەك گەورەترین بەنداوی جیهان، سالی١٩٩٠ تەواو كرا، ئەم بەنداوە توانای گلدانەوەی ٧,٤٨ ملیار مەتر سێجا ئاوی هەیەو بەرهەمی سالانەی كارەبای وێستگەكەی ٨٩٠٠ ملیۆن كیلۆ واتە لەسەعاتێكدا.



هەموو کتێب

پانتایی حەوزی بەنداوەکە ٨ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەم ئاوی پێویست بۆ ئاودێری ناوچەیەکی فراوان لەزەویوزاری کشتوکاڵی دابین دەکات.

لەبەنداوەکانی دیکە دەکرێ ئاماژە بۆ بەنداوی کیبان بکرێت کەساڵی١٩٧٤ تە واوکرا، هەروەها بەنداوی قەرەقایا کەساڵی ١٩٨٦ تەواوکراو لەگەڵ چەندین بەنداوی دیکە ئێستا کاریان تێدا دەکرێت، لەوانە بەنداوی قەرەقەمیش، بیرەجەكوپرۆژەی ئەدیمان — کاهناو پرۆژەی غازی عەنتاب لەسەر روباری فورات.

گرنگترین پرۆژەکانی سەر روباری دیجلەش بریتین لەپرۆژەی دیجلە- قرال قزی، پرۆژەی باتمانو پرۆژەی جزیرە کە بەهۆیانەوە نزیکەی ٦,٦٧ ملیۆن دۆنم زەویوزاری کشتوکاڵی ئاو دەدرێت.

## ئامانجی تورکیا لە پرۆژەی گاپ

١-بەدیهێنانی گۆڕانێکی گەورەی ئابوریو کۆمەڵایەتی، بەجۆرێ لێپرسراوانی تورکیا پێیان وایە دوای تەواوبونی پرۆژەی گاپ بەروبومی لۆکە سێ هێندەو گەنم دوو هێندە زیاد دەکاتو دەکرێت ناوچەکە ببێتە ناوەندێك بۆ هەناردەکردنی بەروبومی کشتوکاڵی جۆراوجۆر بۆ بازارەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

٢-بوژاندنەوەی ناوچەکە لەهەمو رویەکەوە، کەمکردنەوەی بێکاری، بەجۆرێ پسپۆڕانی ئابوری بیریان بۆ ئەوە دەچێت٥ ملیۆن دەرفەتی کار بۆ بێکارانی ناوچەکە بڕەخسێت.

٣-ئامانجی سیاسیی پرۆژەکەش بریتییە لەکپکردنی بزاڤی چەکدارانەی کوردو بەکارهێنانی پرۆژەی گاپ وەك ئامرازێکی زیاتر بۆ بە تورك کردنی ناوچە کورد نشینەکان، چونکە بەپێی مەزەندەکارییە سەرەتاییەکان ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوچەکە راگوێزراونو ژمارەیەك ئاماری حکومەت ئاماژە بۆ کۆچکردنی نزیکەی دوو ملیۆن گوند نشین دەکەن، کە ئێستا زەویوزارەکانیان بەدەستی مڵکدارە گەورەکانی تورکەوەن.

٤-دابینکردنی سەرچاوەی وزەی کارەبا بۆ ناوچەکانی دیکەی تورکیاو وزەی بەرهەمهێنراوی کارەبا رەوانەی خۆرئاوای تورکیا دەکرێت.

٥-گوشار خستنە سەر هەردو وڵاتی سوریاو عیراق، چونکە دروست کردنی ئەو بەنداوانە لەسەر هەردو روباری دیجلەو فورات دەبن بەهۆی کەمکردنەوەی داهاتی ئاوی سوریاو عیراقو خراپبوونی جۆری ئەو ئاوەی بەر ئەو دو وڵاتە دەکەوێت.

## ئاسەواری جیۆپۆلەتیکی پرۆژەی گاپ لەسەر عیراق

ئاشکرایە کەهەمو پلاندانانێك بۆ گەشەپێدانی کەرتەکانی پیشەسازی کشتوکاڵو خزمەتگوزاری پەیوەندییەکی نزیکی بەداهاتی ئاوەوە هەیە، بۆیە هەنگاوێکی تورکیا بۆ سود وەرگرتنی یەك لایەنە لەئاوی هەردو روباری دیجلەو فورات کاریگەری جیوپۆلەتیکی دەبێت لەسەر سوریاو عیراق، بەتایبەتی ئەو پرۆژانەی تایبەت بەئاوەدانکردنەوەن‌و ئاو یەکێك بێت لەپێویستییەکانی.

ستراتیجی تێڕوانینی تورکیا بۆ ئاو بریتییە لەهێنانەدی خەونی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی ناوچەیی، بۆیە وابیر دەکەنەوە لەسایەی کۆنترۆڵ کردنی سەرچاوەکانی ئاوەوە، هێزێك بەرامبەر وڵاتە خاوەن نەوتەکان پەیدا دەکەن‌و کاریگەرییان زیاتر دەبێت لەسەر سیاسەتی ناوچەکەو سەرئەنجام بەکارهێنانی ئەو سیاسەتە لەخزمەتی بەرژەوەندییەکانیاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش تورکیا لەشەستەکانەوە پلانی داناوە بەنداو لەسەر روباری فورات دروست بکات‌و ساڵی١٩٦٦ بەبەنداوی کیبان دەستی پێکردو ساڵی١٩٧٦ سیاسەتی گلدانەوەی ئاوی پەیڕەوکرد، تا بیرۆکەی پرۆژەکەی گاپ لەدایکبوو.

پرۆژەی گاپ پانتاییەکی گەورە دەگرێتەوە، لەزنجیرە چیای(ئەنتی توروس) تا سنوری سوریا، تێیدا ٢٢ بەنداوو ١٥ وێستگەی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دروست دەکرێن، پرۆژەکە لەسێ لقی بنەڕەتی پێکدێت لەگەڵ ژمارەیەك پرۆژەی بچوك‌و تەواوکەرو ٧ لەم پرۆژە سەرەکییانە لەسەر روباری فورات‌و شەشی دیکەش لەسەر دیجلە ئەنجام دەدرێن.

پرۆژەی گاپ ساڵی ١٩٨٣ کارکردن تێیدا دەستی پێکردو بڕیارە ساڵی ٢٠١٠ پرۆژەکە کۆتایی بێت.

## ئاسەواری پرۆژەی گاپ لەسەر عێراق

پرۆژەی گاپ ئاسەوارێکی نێگەتیفی لەسەر داهاتی ئاوی عیراق دەبێت‌و ئاستی ئاو لەم ڕوبارە بەجۆرێك دادەبەزێت ٣,٨٥ ملیار مەتر سێجا کێماسی ئاو تەنها لەروباری فورات رودەدات. ئەگەرچی بەشی زۆری روباری فورات لەناو سنوری عیراقدایە، کەچی تەنها ٨,٦ ملیار مەتر سێجا ئاوی ئەو روبارە لەعیراق

بەکاردەهێنرێت. تەواوبونی پرۆژەی گاپ بەرێژەی ٤٠٪ روبەری زەویوزاری کشتوکاڵی عیراق لەبواری بەرهەمهێناندا دەردەکاتو نزیکەی ٢,٥ ملیۆن کەس لەسودمەندانی ئاوی فورات بێبەش دەبن. پرۆژەی گاپ سەرەڕای کەمکردنەوەی بڕی ئاوی عیراق، چۆنایەتی ئاوەکەش خراپ دەکاتو ڕێژەی خوێ بەرز دەبێتەوە تا ١٥٠٠ پیپی ئیم( PPM PART PER MILLION)، ئەوەش کار لەبەپیتی خاك دەکاتو دیاردەی بەبیابانبوونی زەویوزارە کشتوکاڵیەکان دەگرێتەوە، جگە لەوە دەرکردنی ٤٠٪ی زەویوزاری کشتوکاڵی دەبێتە هۆی کەمی خۆراكو بەروبومی کشتوکاڵ لەعیراق.

کەمبونەوەی بەشە ئاوی عێراق لە٥٠٠م٣/ لەچرکەیەکەوە بۆ ١٢٠م٣ لەچرکەیەکدا کارێکی وا دەکات زیاتر لەملیۆنێك هێکتار زەویوزاری کشتوکاڵی بەکەڵکی کشتوکاڵ نەیەتو دیاردەی بە بیابانبوون زیاد بکاتو دیاردەی خاك ڕامالێن زەویوزارەکان بگرێتەوە.

لەڕوی تەندروستیەوە کەمبونی ئاوی روبارەکانی دیجلەو فورات کاریگەری خراپی لەسەر زیندەوەرە ئاویەکانو ژینگە دەبێتو نەخۆشی جۆراوجۆر بڵاو دەبێتەوە.

هەروەك بەشی ئاوی عێراق کەمبۆتەوە، هاوشان لەگەڵ دروستکردنی بەنداوی زیاتردا، زیاتر کەم دەبێتەوە، بەجۆرێك پێشتر تورکیا ١٠٪ ی ئاوی روبارەکانی بەکاردەهێنا، بەڵام دوای ئەنجامدانی پرۆژەکان رێژەی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن تورکیاوە گەیشتە ٥٣٪و ئەگەری ئەوەش هەیە رێژەکە زیاد بکات بۆ ٥٥٪ لەروباری فورات.

رۆژنامەی حەیات کە لەلەندەن چاپدەکرێت لەژمارەی رۆژی ٢٠٠٦/١٠/٤دا سەبارەت بەئاسەوارە خراپەکانی پرۆژەی گاپ بەگشتیو بەنداوی ئەلیسو بەتایبەت لەسەر ئایندەی کشتوکاڵو داهاتی ئاوی عێراق بەیاننامەیەکی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی عێراقی بڵاوکردۆتەوەو تێیدا ئەو هەنگاوەی تورکیایان بەمەترسیدار وەسفکردوەو داوایان لەحکومەتی عێراق کردوە هەوڵی چارەسەرکردنی بدات.

بەنداوی ئەلیسو ئاستی ئاوی روباری دیجلە لە ٢١ بلیۆن مەترسێجاوە کەمدەکاتەوە بۆ ٩ بلیۆن مەترسێجا لەساڵێکدا، ئەوەش ئایندەی کشتوکاڵی عێراق دەخاتە مەترسییەوەو سێیەکی زەویوزاری کشتوکاڵی عێراق دەکات بەبیابان.

## بۆچونی تورکیا دەربارەی بەکارهێنانی ئاوی روبارەکان

تورکیا پێی وایە ئاوی هەردو روباری دیجلەو فورات ئاوی تورکیان و سنوری ئەو وڵاتە دەبڕن، واتە ئاوی هەردوو روباری دیجلەو فورات ئاوی نێودەوڵەتی نین و بەتەنها تورکیا خاوەنیانەو بۆی هەیە بەشێوەیەکی رەهاو ئازاد رەفتار بکات.

بەپێی رێککەوتنی هلسنکیی ساڵی ١٩٧٦ بڕیار دراوە ئاوی روبارە نێودەوڵەتییەکان بەپێی رێژەی کۆی روبەری حەوزی هەمو ئەو وڵاتانەی روبارەکانیان تێدایە دابەش بکرێت، بۆ نمونە بەشی تورکیا دەبێت بەرێژەی ٢٨٪و سوریا ١٧٪و عێراق ٤٠٪ بێت، بەڵام تورکیا پابەندی رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان نابێت و بەدروستکردنی ئەو بەنداوانە بەشە ئاوی عێراق لە ١٥ ملیار مەتر سێجاوە کەمدەکاتەوە بۆ ٨ ملیار مەتر سێجا لەساڵێکدا، ئەویش ئەگەر تورکیا پابەند بێت بەو بەڵێنەی داویەتی کەرۆژانە ٥٠٠م٣ ئاو لەچرکەیەکدا بەربداتەوە.

ئەم بۆچونەی تورکیا سەبارەت بەوەی دیجلەو فورات روباری نێودەوڵەتی نین، بەڵکو لەسنورەوە تێپەڕ دەبن، بۆچونێکی شازو سەیرەو لەیاسا نێودەوڵەتییەکاندا رونکردنەوەی لەبارەوە نییە، بەڵام پاساوی تەواوی داوەتە تورکیا بۆ ئەوەی نەچێتە ژێرباری هیچ رێککەونێکی دوو قۆڵی یان چەند قۆڵی لەگەڵ سوریاو عێراق و دوپاتی دەکاتەوە یەك لایەنەو بێ قبوڵ کردنی گوشاری هیچ لایەنێکی دەرەکی رەفتار بەئاوی هەردو روبارەکەوە دەکات.

## کۆتایی

عێراق لەژێر هەڕەشەی تورکیادایە، ئەم هەڕەشەیەش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاد دەکات بەهۆی زیادبونی ژمارەی دانیشتوانو زیاتر بەکارهێنانی بڕی ئاوی پێویستەوە، هەروەها عێراق هیچ چارەیەکی دیکەی نییە جگە لەپێکهاتنو خۆڕاهێنان لەگەڵ تورکیا، چونکە ناکرێت بەهیچ سەرچاوەیەکی دیکەی ئاو (ئاوی ژێر زەوی یان سەرچاوەی دیکە) قەرەبوی کێماسی ئاوی روبارەکانی فوراتو دیجلە بکرێتەوە، لەبەرئەوە پێویست دەکات حکومەتی عێراق هەڵمەتێکی دیپلۆماتی چڕ دەست پێبکات بۆ ئەوەی ئەگەر نەتوانێت مۆرکێکی نێودەوڵەتی بداتە هەردو روبارەکە، وا بکات بەپێی چەند ڕێککەوتنێکی نێودەوڵەتی تورکیا ناچار بکات بەشە ئاوی عێراق لەداهاتی ئەو دوو روبارە دابین بکاتو لەژێر هیچ بیانویەك هەڕەشەی کەمکردنەوەو بڕینی نەکات. هەروەها پێویستیشە عێراق بەشێوەیەکی ژیرانە سود لەو بەشە ئاوەی خۆی وەربگرێتو بەپێی سیاسەتێکی زانستیانە پلان دابڕێژێت بۆ دروستکردنی بەنداوی نوێو گلدانەوەو پاشەکەوت کردنی ئاو، بەجۆرێ پێداویستییەکانی پڕبکاتەوەو ئەو بەشە ئاوەی بەفیڕۆ نەڕوات.

### سەرچاوەکان:


١-الدكتور ابراهيم خليل العلاف، مشكلة المياه والموارد المائية في الشرق الاوسط، مركز الدراسات الاقليمية، الطبعة الاولى، جامعة الموصل، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي ٢٠٠٥.

٢-رۆژنامەی (المدى) ژمارە ٧٦٤ رۆژی ١٠ی ئەیلول ٢٠٠٦.

# نوسەران و رۆژنامەنوسانی توركیا لەبەردەم دادگادا

خەندە جەمال رەئوف

هەواڵنامەی کتێب

لەتوركیا رۆژ بەدوای رۆژ ئەو كێشەو سكاڵایانەی بەرزدەكرێنەوە دژی نوسەران و رۆژنامەنوسان روو لەزیادبون دەكات، پار ساڵ نوسەری تورك(ئورهان پاموك) بانگهێشتی بەردەم دادگا كرا بەتۆمەتی ئەوەی رەخنەی گرتوە لەو رەشەكوژیانەی دژی ئەرمەنییەكان كراوە لەتوركیادا، كە ئەمە بۆخۆی وا دەردەكەوێ كەگەورەترین كێشەبێ كەتەنها لوتكەی شاخی مەهۆڵێن دەنوێنێ. لە چەند رۆژی رابردوشدا ئورهان پاموك خەڵاتی نۆبڵی لە ئەدەبدا پێ بەخشرا لەسەر ئەو كارە ئەدەبیانەی كە كردویەتی، ئەمەش خۆی لەخۆیدا رەتكردنەوەی بڕیاری دادگای پامۆكە. پاموك ئەو كتێبەی كە لەسەری دادگایی دەكرێ باس لە كوشتاری ئەرمەنیو ٣٠ هەزار كورد دەكات لە توركیادا.

**(كونتەر زوفرت) بەم شێوەیە باس لەخۆی دەكات:-**

من لەدایكبوی خێزانێكم كەهەمویان لەساڵی ١٩١٥دا لەلایەن توركەكانەوە لەناوبران، هەر لەبەرئەوەشە فێری داكۆكیی كردن بوم لەڕەسەنایەتیو پشتی باو باپیرانی خۆمو وەهاشی فێركردم كەهەرگیز رەشەكوژی رووی نەداوە.

خاتوو(ئـەلیف شـەفەق) کـەژنێکی ئەرمەنی‌یـەو لەئەسـتەنبوڵ پـەروەردە کراوەو ئێستاکە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەژی، لەگێڕانەوەکانیدا ئاماژە دەکات بەو ئافرەتانەی کـە لەشـاری سـان فرانسیسـکۆو ئەسـتەنبوڵ دەژیـن‌و هەمیشـە پەیوەنـدی دەکـەن لەگـەڵ یەکتریـدا سـەرەڕای ئـەوەی کەمێـژووی گەلەکەیان پڕە لەئازارو ناخۆشی‌و ستەم.

**( لغاوی هەمیشە ئامادە، بۆ داخستنی زارەکان )**

لە٦ی حوزەیراندا، لێکۆڵەرەوەی گشتی لەشاری ئەسـتەنبوڵ دەسـتی کـرد بەلێکۆڵینـەوە لەگـەڵ ئـەلیف شـەفەق لەسـەر ئـەم نوسین‌و وتارانـەی، کـە تورکەکان هەستان بە بەرزکردنەوەی سکاڵا دژی ئـەم ژنـە بـەبیانوی لەکـەدار کردن‌و روشاندنی هەموو ئەوانەی کەبەرەچەڵەك تورکن، هەر بۆیە ئەم نوسـەرە داکۆکی لەخۆی دەکات‌و دەڵێ:-((راوبۆچوونی کەسـایەتیەکانی نێوگێڕانـەوەو باسەکانی مـن رکابـەری یـەکتری دەکـەن بەشـێوەیەکی جیـاوازو دژی یـەك)) پێویستیشە لەسەرمان کەڕاستی‌و خەیاڵ لەیەکتر جیا بکەینەوە. بـەڵام ئەگـەر لەڕاستیدا دەوڵەت رای خۆی بەڕایەکی رەها دابنێ هەر وەکو لەوڵاتی تورکیـادا رودەدات، ئـەوا هـیچ رێگەیـەك نامێنێتـەوە لەبـەردەم نوسـەران‌و ئەدیبانـدا، سەرەڕای ئەمەش ئەگەر هەر کەسێ خواسـتی بـێ نارەزاییـەك دەربـڕێ جائـەو نارەزاییە لەچوارچێوەی چیرۆکێکی ئەدەبیشدا بێت، ئەوا هەر بەدژایەتی کردنی دەوڵەت لەقەڵەم دەدرێت‌و دەبێ روبەڕوی یاسا ببێتەوە.

ئێستاکە یاسای سزای نوسینی تورکیا وایلێهاتووە بووەتە بابەتێك بـۆ ئـەم جـۆرە کێشـەو بگرەوبەردانـە. کـە لـەمانگی ئـەیلولی ٢٠٠٤دا لەسـەر داوای یەکێتی‌ی ئەوروپا دانراوە، دواتریش ئەنقەرە بەرەسمی لەمانگی تشرینی یەکـەم دانی پێداناو لەمیانەی مەرجە سیاسییەکان‌و بەڵێننامەی کۆبنهـاگن، ئێسـتا ئەم یاسایە بەرفراوان کرا لەمانگی ئەیلولی ٢٠٠٥، بەڵام بەجۆرێ کەسنورێکی زۆر بەرتەسـکی هێشـتەوە بـۆ نوسـەران‌و رۆژنامەنوسـان‌و هونەرمەنـدە ئەکادیمییەکان لەتورکیادا. لەچاو هەموو شوێنەکانی تری ئەوروپادا.

لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٥وە تـاوەکو کۆتـایی مـانگی حـوزەیران کۆمـەڵێ سـکاڵا بەرزکرایـەوە دژی(٤٩) کتێـب‌و نوسـەرەکانیان بـەجۆرێ کەهـەر رۆژ

کێشەیەك تۆمارکراوە، بەڵام ئەو سکاڵایانەی کەدژ بەرۆژنامەنووسان بەرز دەکرێنەوە جیاوازن‌و لەنێو ئەم جۆرە کێشانەدا بەدی ناکرێن، هەروەکو ئەو شکایەتەی دژی (ئۆرهان پاموك)ی نوسەر بەرزکرایەوە کەبەهیچ شێوەیەك بەرزکردنەوەی شکاتەکە لەسەر هیچ کام لەکتێبەکانی نەبوو!

بڕگەیەك هەیە لەنێو یاسای سزادانی تایبەتدا کەجەخت دەکاتەوە لەسەربوونی هەر نیەتێك‌و رایەکی هەڵە، ئەو بڕگەیەش تەشەرەو لەکەدارکردنی هەموو هاولاتییەکی بەرەچەڵەك تورك دەگرێتەوە لەگەڵ خراپەکاری بەسوپای کۆماری تورکیا کەئەمەش وەکو گورزێکی بەئێش‌و ئازار وایە پشتی پێدەبەسترێ. بەڵام هەندێ بڕگەش هەن کەزیان‌و ئازاریان کەمترە وەکو رێگەگرتن کەهاندانی هاوولاتیان، هەروەها بڕگەی پاراستنی شەرەفی تاك بەجۆرێك ئامارکراوەو دارێژراوە کەئەگەر رەخنەی لێ بگیردرێ ئەوا ئەو کەسە بەتاوانبار لەقەڵەم دەدرێ، ئەمەش وادەکات دەبێ لانی کەم نزیکەی ٢٠ بڕگە لەیاساکاندا بگۆڕدرێ تاوەکو نوسەران‌و رۆژنامەنوسان لەژێر چەتری یاسادا پارێزراوبن، چونکە بەگوێرەی ئەو لیستەبێت کەیەکێتی‌و سەرانی تورکیا بلاویان کردوەتەوە ناوی گەلێك کتێب هاتووە کەتاوانیان خراوەتە پاڵ. ئەو داواو شکایەتانەیشی لەسەر ئەو کتێبانە بەرزکراونەتەوە دووبارە تێهەڵچوونەوەیان تیادەکرێتەوە، بۆ نمونە ئەو داوایەی کەدژ بەعەبدوڵڵا یلزر بەرزکراوەتەوە کەخاوەنی یەکێ لەچاپخانەکانەو هەستاوە بەبلاوکردنەوەی کتێبی (جادوگەرەکانی ئەزمیر Icmir Burueuleri) کەئەم کتێبە هی ژنە نوسەری مایماریدی یۆنانی‌یەو وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی تورکی، مایماریدکەشارەزایە لەزانستە مرۆڤایەتیەکان‌و باس لەژیانی کۆزموگرافی دەکات (کەزانستێکە لەگەردون دەکۆڵێتەوەو بەشێوەیەکی گشتی کەکۆمەڵێ زانستی وەك فیزیاو کیمیاو جیۆلۆجی دەگرێتەخۆ) واتە ژیانی کۆزموگرافی لەئەزمیر لەسەدەی ئۆزدەدا باس دەکات‌و بەشێوەیەکی تایبەتمەندتر باس لەژیانی ژنی (یۆنانی، یەهودی، تورکی، ئەرمەنییەکان) دەکا لەوسەدەیەدا، ئەو سکاڵایەی کەدژ بەم کتێبە بەرزکراوەتەوە هاوشێوەیە سکاڵایەکە دژی کتێبەکەی ئەلیف شەفەق بەرزکراوەتەوە بەڵام لەهەندێ بڕگەیدا، هەروەها بۆ

جاری دووەم ئاماژە دەکاتەوە بەلەکەدارکردنی کەسانی بەرەگەز تورك، بەلاّم ئەمجارەیان مەبەست لە کەسەکان ژنانی تورکە کە بەشێوەیەکی ناشرین باس کراونو زیانیان پێدەگەیەنێ، لەگەلّ ئەوەشدا ئەم کتێبە یەکێکە لەکتێبە پڕفرۆشەکان لەتورکیادا، هەروەها هەندێ لەکەنالّە تورکیەکان لەگفتوگۆکردندان لەگەلّ کەنالّی(میگا ١)ی یۆنانی سەبارەت بەرێگەدانو مۆلّەت گرتنیان بۆ پەخش کردنی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی یۆنانی کەرووداوەکانی پشت دەبەستێ بەناوەرۆکی ئەم کتێبە. دەستەی(کۆمەلّە)ی دەستپێشخەران(کەکۆمەلّەیەکی نارەسمییە) زۆرجار لەمجۆرە کێشانە دەوروژێنێت کەمرۆڤ نازانێ لەبەرامبەریاندا پێ بکەنێ یان بگری، بەناوبانگترین دەستەش لەنێو ئەم دەستانەدا(دەستەی مافخوازان یان مافناسان)ە کەپارێزەر کەمال گرینجسیز سەرۆکایەتی دەکاتو هەستاوە بە بەرزکردنەوەی سکالاّ دژی ئورهان پامۆكو رۆژنامەنوسی(ئەرمەنی-تورکی) هبرانت دینك، لەگەلّ ئەوەی کەزۆربەی زۆری ئەو سکالاّیانە جێگەی سەرسوڕمانو پێکەنین، بەلاّم دادوەرانو دەستەی داواکاری گشتی ئەم جۆرە سکالاّیانە بەهەند وەردەگرن بەمەبەستی درێژەپێدانی کێشەکان بۆ چەندین سالّی داهاتوو... ئەوانەیشی کەرەگەزپەرستن لەدادگاکاندا دەستدرێژی دەکەنە سەر ئەو کەسانەی کەتۆمەتیان خراوەتەپالّو هەروەها ئەو پارێزەرانەیشی کەپارێزگاریان لێدەکات.

## هەستیاریی کێشەی کورد

دەسەلاّتی داد لەتورکیادا ئەرکی بەدواداچونی ئەو کتێبانەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی کەگومان بۆ کۆمەلّ دروست دەکەن لەبەرامبەر ئەو راستیانەی کەلەلایەن دەولّەتەوە راگەیاندراون. ئەمە بریتییە لەحالّی کتێبی(راستی ئازادمان دەکات)

(Gerick Biziozgu Clack)کەخاوەنەکەی مێژونوسی ئەرمەنی(جۆرج جرجانە) کەباس لەرووداوەکانی ١٩١٥ دەکات، بەلاّم لەروانگەیەکی جیاوازتر لەو روانگەیەی کەدەولّەت هەیەتی، هەر هەمانحالّەتی ناوەرۆکیش هەیە بەنسبەتی کتێبی(بیرەوەرییەکانی ئەزمیر)ی نوسەر دوکاباکابان کەوەسفو

باسی دووباره دەستگرتنەوەی هێزەکانی تورکیا دەکات بەسەر ئەزمیر لەساڵی ١٩٢٢دا.

دادگا هەستاوە بەدادگایی کردنی خاوەن چاپخانەی(بیلغەز- بون) کەناوی(رەجیب زار کولو)وە لەسەر دوو کتێب. ئەو کەخاوەنی چاپخانەی بیلغەز بونەو چاپخانەیەکی ناسراویشە لەساڵی ١٩٦٨وەوە لەلایەن دادگای سیاسی لەتورکیادا چوارجار خراوەتە بەندیخانەوە بەهۆی ئەو کتێبانەی کە لەچاپی داون‌و گوایە دژ بەدەوڵەتە. وا بۆ جاری پێنجەم‌و جارێکی تر سزای بەندکردنێك چاوەڕوانی دەکات کە ماوەکەی لە١٣ ساڵ زیاترە ئەویش بەهۆی بڵاوکردنەوەی سێ کتێبی ترەوە. جگە لەو کتێبانەی تر کە ناویان هاتوە لەلیستی رەشی تایبەت بەدادگا کتێبێکی بڵاوکراوەی تریش هەیە کەهەر لەلایەن چاپخانەی(بیلغەز بون)ەوە بڵاوکراونەتەوە بەناونیشای(دێهاتە سوتاوەکان)(Koyler Binyllam Mirasyald Yitik) ئەم کتێبە ناوی زۆربەی زۆری گوندە کوردییەکانی گرتۆتەخۆ کەبونەتە قوربانی ئەو جەنگانەی کەسوپای تورکی دژ بەپارتی کرێکارانی کوردستان بەرپای کردون.

زۆرینەی ئەو کتێبانەی کەتۆمەتی تاوانبارانیان خراوەتە پاڵ باسی کێشەی کورد دەکەن ١٩ کتێبی گرتۆتەخۆ لەکۆی ئەو ٤٩ کتێبە، وە لەنێوانیشیاندا هەندێکیان نەمری‌و سەروەری دەخەنەپاڵ ئەو شەڕە باندیانەی کەپارتی کرێکارانی کوردستان(PKK) پێی هەستاوە وەك رۆمانی(سوێندی گەردەلول)( Taburu Kasarga) لەگەڵ هەندێ راپۆرتی سۆزداری دەربارەی دەسگیرکردنی سەرکردەی(PKK)ە عەبدوڵڵا ئۆجالان، هەندێ کتێبی تریش هەن کەتۆمەتیان خراوەتەپاڵ لەبەردەم دادگادا لەکاتێکدا نوسەرەکانیان بیانین. بۆ نمونە کتێبی وەرگێڕدراو بۆسەر زمانی تورکی(دەسکەوتەکانی جەنگ Savas Ganimeteleri) کەلەساڵی ١٩٩٧دا دەرچووە لەکتێبی نوسەر(چۆن تلمانەوە) وەرگێڕدراوە. ئەم کتێبە باس لەو تێکەڵاویە دەکا کەهەیە لەنێوان سوپاو سیاسەت‌و پیشەسازی سوپایی لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هاوکاریکردنیان لەگەڵ هەندێ وڵاتی دیکتاتۆریدا کەتورکیای بەنمونەی ئەو وڵاتە دیکتاتۆریانە هێناوەتەوە(ئەم کتێبەی کەسەرکەوتنێکی گەورەی

بەدەستهێناوە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، تاوانبارکراوە بەلەکەدار کردنی کۆماری تورکیاو سوپاو هەروەها لەکەدارکردنو ناو زڕاندنی سەرکردەی تورك(کەمال ئەتاتورك) لەئەنجامیشدا ئێستا سزای بەندکردنی ٦ ساڵ بەسەر(فاتح تاس)ی تورکی تەمەن ٢٦ ساڵ دەرکراوە بەهۆی بڵاو کردنەوەی ئەم کتێبەوە.

لەبەرامبەریشدا حکومەتی تورکیا ماوەی ١٠ ساڵ دەبێ گوێی نەداوە بەو کتێبانەی کەدەربارەی کێشەی ئەرمەنییەکان دەردەچێت! سکاڵا نوێیەکانیش کەبەرزکراونەتەوە وەکو فشارێك وایە لەدەرەوە کەبۆتە قەیرانێك لەساڵی ٢٠٠٥دا بەبۆنەی یادی ٩٥ ساڵەی رەشەکوژییەکەی ئەرمەنەوە، کە لەئەنجامدا وتوێژ دەربارەی ئەم مەسەلەیە هیچ مەودایەکی بەجێ نەهێشتووە بۆ شاردنەوە، تەنانەت لەناوخۆی وڵاتی تورکیاشدا. هەموو ئەو کەسانەی داوایان لەسەر تۆمار کراوە دادگایی ناکرێن چونکە زۆربەی ئەو کتێبانەی تاوانبار کراون بەدەرچون لەنەریتی گشتی وڵات، دواتر بڕیاری بێ تاوانییان بۆ دەردەچێ، لەوانەش کتێبە کاریکاتێریەکانو ئەو نوسراوانەی بەشێوەی هۆنراوە نوسراونو ئەو بابەتانەشی کەباسی سێکس دەکات وەك کتێبی وەرگێڕدراوی(مارکیز دوساد) بەناونیشانی(فەلسەفە لەناو ئارایشتگای خانماندا).

١٠ کتێبیش هەن کەباس لەدەوڵەتو ئایدیۆلۆژیای دەوڵەتو سوپا دەکەن لەنێو کتێبە تاوانبارەکاندا کەژمارەیان دەگاتە ٥٠ کتێبو نوسەرەکانیان سەرزەنشت دەکرێن لەسەریان، تەنانەت گەر زۆر بەوریاییەوە نوسرابێتەوە، نمونەی ئەو کتێبانەش کۆمەڵە چیرۆکی(چیرۆکی دووشا Llcisehrin Hikayesis)ی نوسەر لسەیفی ئۆنغیدر) کەباس لەپەیوەندی نێوان ئەستەنبوڵو ئەنقەرە دەکاتو وا چاوەڕوانیش دەکرێ ئۆنغیدر بەند بکرێت بۆ ماوەی ١-٢ساڵ، چونکە دووبارە ئەویش وەسفی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا(ئەتاتورك) دەکات بەکەسێکی زیادەڕۆ لەخواستەکانیدا، بەمەش ئۆنغیدر هەستاوە بەلەکەدار کردنی یەکێك لەڕێزو سەروەرییەکانی کۆماری تورکیا.

# کوردایەتی و جولانەوەی کورد لەماوەی نێوان ١٨٨٩-٢٠٠٠

**حەمید بۆز ئەرسەلان**

کوردایەتی لەساڵی ١٨٨٠ دا لەگەڵ راپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا دا یەکەمین بنەماکانی خۆی دارِشت و دواتریش رۆژنامەی کوردستانی وەکوو میراتێکی نووسراوە بەجێهێشت، بەڵام ئەوەش ئاشکرایە کەلێرەدا مێژووی سەد ساڵەی ئەم ناسیۆنالیزمە بەختەی ئەستووری خۆی باس دەکرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپێوانێکی گەورەدا لەبواری چوارچێوە کرنۆلۆژیکییەکەی خۆیەوە گرنگی هەیەو لەو بارەشەوە دیاریکردنی چەند خاڵێك وەکوو پێویستییەك دەزانم.

وەکوو یەکەمین شت پێویستە ئەوە دیار بکرێت کەناسیۆنالیزمی کوردی لەسەردەمی عەبدولحەمیدی دووهەمداو لەساڵانی سەرەتایی((مەشروتییەتدا))زیاتر رەنگی(تایبەتمەندییەکی))کولتووری هەبوو، بەڵام لەساڵی ١٩١٤ بەدواوە ئەم ناسیۆنالیزمە بووە ناسیۆنالیزمێکی سیاسی تر. بەپێی سەرچاوەی نووسراو و هەندێك سەرچاوەی زارەکی، راپەرینەکانی بتلیس- سۆران- بارزان لەساڵی ١٩١٤دا هەندێك داخوازیی سیاسییان هێناوەتە سەر زمانو یەکەم هەنگاوەکانی ئەم تێپەڕبوونەی راپەڕینەکانیان پێکهێناوە. هاوپەیمانیی کوردو دەوڵەت لەشەڕی یەکەمی جیهاندا و دواتریش لەشەڕی سەربەخۆییدا، بوو بەهۆی ئەوەی کە بەسیاسی بوونی دوایین نەتەوەخوازی سنووری دەوڵەتی عوسمانی بەشێوەیەکی کاتی راوەستێ.

خاڵی دووهەمیش ئەوەیە کەئەم هەنگاونانە بەرەو نەتەوەخوازیی سیاسی، لەهەمان کات دەربازبوون لەنەریتی ئیمپراتۆریو هەنگاونان بوو بەرەو مۆدێلی دەوڵەت- نەتەوە. ئەم تێپەڕبوونە بەواتای تازەکردنەوەی پەیمانو بەڵێندەرایەتی دەوڵەتی عوسمانی دەهات کە لەسەدەی ١٩دا تووشی لاوازی بوو و چوارچێوەی پێشنیارەکەی((مەرکەز- کەنار))ی شەریف ماردین لەخۆ دەگرێت. سیاسی بوونی ناسیۆنالیزمی کوردیو ئاشکرابوونو مەرکەزی بوونو نەتەوەگەرابوونی کۆماری تازە دامەزراوی تورکیا لەریزی ئەو فاکتەرانەدان کەوا لەبەرامبەر دانوستان لەسەر پەیمانو بەڵێندەرایەتییەکی تازە ئاستەنگیان دروستدەکرد.

لەبەر ئەم هۆیەش، لەلایەکەوە لەمێژووی کۆماردا ناتوانرێت کێشەی کورد بەشێوەیەکی جیاواز بخرێتە بەر باسو لەلایەکی تریشەوە ناتوانرێت وەکوو ئەو چاوی لێ بکرێت. ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر بنەمای کوردایەتی پێکهاتەیەکی ئیداری((ئۆتۆنۆمی-فیدراسیۆن یاخود دەوڵەتێکی جیاواز))ی دەویستو سەمبولو گوتاری تایبەت بەخۆی پێکهێنابوو و وەکوو رەوتێك دەرکەوتبووە مەیدانەوە. دەتوانرێت کێشەی کورد وەکوو کێشەیەکی نەتەوەییو کۆمەڵایەتیی کۆماری تورکیا پێناسە بکرێت، چونکە کۆماری تورکیا لەپەیوەندیی هێزو دەسەڵاتدا جگەلە تورکایەتی هەموو ناسنامەیەکی تری رەتدەکردەوەو لەمێژووی کولتوورو پەروەردەدا تەنیا رێگای بەتورکایەتی دەداو هەموو سەرچاوە سەمبولییەکانی گرووپەکانی تری قەدەغە دەکرد. بەواتایەکیتر دەتوانرێت وەکوو لاپەڕەیەکی((تورنوسل)) سەیری کێشەی کورد بکرێت کەرێگای لەبەردەم شیکردنەوەی کێشە گرنگەکانی تری تورکیا وەکوو دیموکراسی، رژێم، فرە کولتووری، نەتەوەگەرایی زاڵو باڵادەست دەکاتەوە.

وەکوو سێهەمین خاڵیش پێویستە ئەوە دیار بکرێت کەبەبێ لەبەرچاوگرتنی نەتەوەگەراییی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی، تێگەیشتن لەنەتەوەگەراییی کوردی مومکین نابێت. نەتەوەگەرایشی وەکوو ژانوس(خوای دەرگاو دەروازە لەیۆنانی کۆن) دووچارەی هەیەو ئارەزووەکانی خۆی سەبارەت خواستی وەك خۆمانەوەو گەڕانەوە بۆ جەوهەرو گەردونی بوون لەیەك کاتدا دەژی. گەڕانەوە بۆ جەوهەر

مانای بوون بەنەتەوەو وەکوو کۆمەڵێکی سیاسیش دۆزینەوەی هۆی هەبوونیی خۆ لەسەرچاوەیەکی نەتەوەیی دەدات.

گەردوونی بوونیش هەبوونی نەتەوەیی لەسنووری تەنگی نەتەوەیی تێپەڕ دەکات‌و تایبەتمەندی هەمەگیری پێدەداو یەکسانی لەگەڵ نەتەوەکانی تری گەردووندا دەکاتە ئامانجی خۆی.

دیدگای نەتەوەیی تەنیا مافی هەبوون بەو نەتەوانە دەدات کەهەبوونێکی مێژوویی‌و وڵاتێکیان هەبێ‌و بەشداری پێشکەوتنی شارستانیەتیان کردبێ. پێکهێنانی بەشێکی گەردوونیش دەبێت بەهۆی ڕەوایی پێدان- بەنەتەوەیەك- وەکوو نەتەوە.

لەنێوان خۆیی بوون‌و گەردوونی بووندا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، لەهەمانکاتدا پێویستە بەتایبەتی نەتەوەخوازی کەمینەکان لەباری ناسیۆنالیستی‌و هەم لەباری پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ گوتارە گەردوونییەکان‌و جوڵانەوە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکاندا بخرێنە بەرباس. بەمجۆرەش لەساڵی ١٩٢٠-١٩٤٠دا جوڵانەوەی کوردی بەئەندازەی کەمالیزم ڕۆژئاوا گەرا بووە. لەم ساڵانەدا ناسیۆنالیزمی کوردی هەوڵی ئیسپاتکردنی ئەوەی داوە کەکوردەکان بەشداری پێشخستنی مێژوو شارستانییەتیان کردوە، لەلایەکیتریشەوە گەیشتن بەمەدەنیەت وەکوو ئامانجی ناسیۆنالیزمی کوردی پەسندکراوە. لەساڵانی دواتریشدا ناسیۆنالیزمی کوردی جوڵانەوەی کوردی وەکوو جوڵانەوەی گەلێکی بندەست لەقەڵەم داوەو لەگوتاری چەپدا شتێکی پێبەخشی. بۆ خۆدۆزینەوە لەگەڵ ڕەوتە چەپەکاندا کەوتووەتە ناو پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیەوە، ئەم مارکسیزم- لینیزمە بەکوردی کراوە وەکو چۆن لەهەندێك لەجوڵانەوەی نەتەوەیی کەمینەکانیتردا بینراوە، لەساڵانی هەشتاو نەوەدەکاندا مۆرکی خۆی لەجوڵانەوەی کوردی داوە. دوا جار دەتوانرێت بگوترێت کەجوڵانەوەی کوردی بەتایبەتی لەساڵانی ٩٠دا لەپێوانێکدا کاریگەری لەئیسلام گەرایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەرگرتووە کەگوتارێکی تازەی گەردوونی پێشخستوە.

خاڵی چوارەم‌و کۆتایش سەبارەت بەدابەشکرانی کوردستانی عوسمانی لەپەیمانی لۆزان‌و پەیمانەکانیتردایە وەك شەمسەدین سامی لەلێکۆڵینەوەیەکی

دووورودرێژدا لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانیدا باسی دەکات، ئەم پارچە بوونە ئەنجامی خراپتری لەدابەشبوون لەنێوان عوسمانیو ئێرانییەکاندا لەسەدەی ١٦دا لەگەڵ خۆدا دەهێنا. شەڕەکانی ئێرانو عوسمانی لەئەنجامی کۆتاییدا بوو بەهۆی پەیدابوونی سنور لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا کەنەتەوەیی نەبوونو رۆڵی سافییان دەگێرا. سنووره بەلارێداچووەکانی لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانی وەکوو گەرەنتی پێدەری ئابووری نەتەوەییو ناسنامەی نەتەوەیی دەناسرێ. ناسنامە سنووربەزێنەکان بەخەیانەتەوە تاوانبار دەکرانو رەخنەیان لێدەگیرا. بەمجۆرەش کوردەکان بەناچاری ئەنتەگرەی میکانیزمە ئابوریو کولتوورییەکانی ولاتانیتربوون.

ئەم دابەشبوونە، پارچە بوونی جولانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیشی لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەلام ئەمە وەکوو ئەو پێناسەیەیوا jacquse Baque بۆ (مەغریب) بەکاری هێناوە، نەیتوانی ((هاوبەشی کۆمەلایەتی)) کوردان لەناوبەرێ. بەپێچەوانەوە سەپاندنی دابەشکراوی سنووری ئەو دەوڵەتانە بەسەر کوردەکاندا، لەدوای سالانی بیستەوە بوو بەهۆی ملکەچبوونی کوردان لەبەرامبەر دینامیکی ئەو پێکهاتە سیاسیانەدا کە بەسنوورەکانەوە دیاریکرابوون، هەم بووە بەهۆی ئەوەی کەکورد دینامیکە هەرێمییەکانی خۆیان بەپێی هەلومەرجە تازەکاندا رێکخەنەوە. دەوڵەتەکان کەوەکوو پێکهاتەی دەستکردی دروستکرابوون بەتێپەڕبوونی کات تایبەتمەندی ژیانیان بەخۆوەگرتو لەدروستکردنی ناسنامەی ئابووریو سیاسیدا رۆڵێکی بەرچاویان گێرا. بەمجۆرەش کوردەکان وابەستەی دینامیکو جولەیی ئێرانو عیراقو تورکیاو سوریا بوون. بەلام کوردایەتی لەهەمانکاتدا وەکوو دیاردەیەکی سنوور بەزێن بەردەوام بوو و بەپشت بەستن بە سەرچاوەو رابردووی خۆی(نەخشە، ئالا، سروودی نەتەوەیی، گوتاری مێژویی) پێکهێنا. بەمجۆرەش لەدوای عوسمانی ناسیۆنالیزمی کوردی لەپراکتیکدا جولانەوەیەکی پارچە کراو بوو بەلام لەبۆچووندا بوو بەناسیۆنالیزمێکی یەکگرتوو. لەم مانایەدا هەرچەندە کەناسیۆنالیزمی کوردی ئەزمونی دەوڵەتو دەزگایی نییە، بەلام هاوشێوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە.

هەموولنامەی کتێب

پارچەپارچە بوونی دونیای عـەرەبی، ئـەنجامی پەیوەنـدیی هێزەکـانی دوای عوسمانیو دینامیکەکانی راکردن لەناوەندی دونیای عەرەبی بوو. ئەو پێکهاتـە سیاسیانەی وا لەنێو ئەم پارچەبوونەدا دروستبوون دواتر هەروەها مانەوە. بـەڵام ئەمەش بـەواتای لەناوچـوونی ناسـیۆنالیزمی عـەرەبی نـەدەهات. هەرچـەندە کەکوردەکان پێکهاتەی سـەربەخۆی سیاسـییان نـەبووە بـەڵام پێشـکەوتنێکی هاوشێوەی ئەمەیان بەخۆوە بینیوە. هەرچەندە کە لەپراکتیکدا پارچەپارچە بووە بەڵام پەیوەندیداربوونی ئەمانە لەگەڵ یەکدا واتـای هـەبوونی ناسـیۆنالیزمی کوردی داوە.

هاوسەنگییە سیاسییەکانی ناو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو بەهۆی ئەوەی کـە لەهەندێك جێگـادا ئـەم پارچـەبوونانە دووبـەرەکیو جیـاوازی خوێناوییـان لێ بکەوێتەوە. بەڵام لەهەمانکاتدا ئەوەش هەیە کەهەموو جوڵانەوە کوردییـەکان، بەشێوەیەکی یەکسانو وەکـوو خـاڵێکی هاوبەشـی مێـژوویی خۆیـان سـەیری بونیاتنەری ئەفسانەیی(کاوە)و رۆژی نەتەوەیی کەهەمان نەورۆزەو سرودی ئـەی رەقیب کەسرودی نەتەوەییـە دەکـەنو لەبارزانییـەوە کەسـەرۆکی بزوتنـەوەی کوردی عیراقە تاوەکووPKK ی تورکیا هەموو جوولانەوەیەکیش وەکوو بەشێکی ئەو مێژووە دەزانن. ئەم سەرچاوەو رابردووە یاخود بەشێوەیەکیتر ئەم بڕوانامەیە قۆناخە سەمبۆلیکەکانی بزوتنەوەی نەتـەوەیی کـورد لەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دیاریدەکەن. هەر لەبەرئەمەش جووڵانەوەیەك کـە لەوڵاتێکـدا دەسـتپێبکاتو هەمیشـەیی بـوونێکی دیـاریکراو بـەخۆوەبگرێتو لەسـەریی بمێنێتـەوە، لەماوەیـەکی کورتـدا تایبەتمەنـدی هـەرێمی بەخۆیـەوە دەگرێـتو بزوتنـەوە نەتەوەییـەکانی کـورد لەوڵاتـەکانیتریش دەخاتـە جمووجۆڵـەوە، یـانی ناچـاری هەڵوێست وەرگرتنیان دەکات.

وەکوو خاڵی کۆتایش باس لەوە دەکەم کـە ناسـیۆنالیزمی کـوردیش وەکـوو ناسیۆنالیزمەکانیتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەکۆمەڵگای کوردیدا ناچار ماوە کـــەخووی ئـــاکتیڤو بەجووڵـــەی خـــۆ دوورخســـتنەوە(هـــەڕاکردن) لەمەرکـەز(ناوەنـد)بخاتـە نێوحیسـابەکانیەوە. لەڕاسـتیدا لـەئێرانو عێـراقو تورکیاشدا لەکۆمەڵگای کوردیدا لەسەر بنەمای زمـانو مەزهـەب، گرووپـی

جۆراوجۆری ئیتنیکی هاتوونەتە ئاراوە(لەتورکیادا، زازاکانو کرمانجەکانو عەلەویو سوننەو ئێزدی هەبوونیان هەیە). لەسەدەی بیستەمدا ئەلیتی(دەستەیەکی کەم یاخود چینێکی کەم) ناسیۆنالیزمی کوردی لەلایەن رۆشنبیرانی ئەم گرووپە ئەتنیکییانەی ناوەوەی کوردانەوە دروست بووە(بۆ نموونە شێخ سەعید زازاو سوننەبوو، نوری دێرسیمی زازاو عەلەوی بوو بەدرخانیو براکانی جەمیل پاشا زادەکانیش سوننەو کرمانج بوون). بەڵام ئەم گرووپانە لەهەمانکاتیشدا تایبەتمەندی کۆمەڵایەتیو مرۆڤایەتی تایبەت بەخۆیان هەیەو زۆرجاریش لەدەوری بزوتنەوەیەکی هاوبەشی نەتەوەییدا کۆدەبنەوە. بەهەمان شێوە لەم دواییانەدا ئۆپۆزیسیۆنی یاسایی کورد کە بە HEP ەوە دەستی پێکرد، لەنێو کرمانجە سوننەکانداو رەوتی ئیسلامی کە بە(MSP)ەو دەستی پێکرد لەنێو زازا سوننەکانداو رەقە چەپە توندرەوەکانیش لەنێوان کوردە عەلەوییەکاندا بەقورسایی شوێنی خۆیان کردۆتەوە. دەتوانرێت خوونەریتی خێڵو تەریقەتیش بەم هێزە خۆدوورخەرەوە لەمەرکەزانە زیادەبکرێن لەدوای ساڵەکانی بیستەوە بەگشتی زۆربەی جووڵانەوە کوردییەکان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کەوا تێپەرکردنی ئەم دەزگا نەریتییانە مەرجێکی سەرەکی یەکێتیی نەتەوەییە. ئەمەش لەکاتێکدایە کەئەم پێکهاتانە لەتورکیاو عێراقو لەئێرانیش جاروبار سەرچاوەیەکی مرۆییان بۆ جووڵانەوە کوردییەکان پێکهێناوەو جاروباریش بوون بەپاڵپشتی دەوڵەت لەهەرێمە کوردییەکاندا. هەر لەبەرئەم هۆیەش لەهەندێك لەبەشەکاندا جووڵانەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی تایبەتمەندییەکی خێڵەکی بەهێزی هەیەو ئەم جووڵانەوانە بەقسەی((میشل هۆدسۆن)) دەتوانرێت بەشێوەی ناسیۆنالیزمی عەشیرەیی(خێڵەکی)پێناسە بکرێنو وەها پێشکەوتوون.

## ناسیۆنالیزمی کوردی بەر لەدروستبوونی کۆمار

سەدەی(١٩) لەبۆ کوردەکان سێ پێشکەوتنی هێنابووە ئاراوە. یەکەمینی ئەمانە ئەوەیە کەئۆتۆنۆمییەکانی(بابی عالی)و میرنشینە کوردییەکان بەپێی رێکەوتنی نێوان سوڵتان سەلیمی دوەمو شێخ ئیدریسی بەتلیسی لەساڵی(١٥١٤)دا هەڵوەشێندرابوون. یاخود بڕیاریان بۆ ئەو مەبەستە لەسەر

درابوو. لەگەڵ ڕێکخستنەکاندا ئەوە ئاشکرابوو کەوا سیاسەتی تازەی عوسمانی دەیەوێت ئیدارەی مەرکەزیو دەسەڵاتەکەی لەهەرێمە کوردنشینەکانو ئەو جێگایانەدا کەوا خودموختارییان تێدایە جێگیر بکرێن. دووهەمین پێشکەوتن ئەوەبوو کەئەم پرۆژەیەی مەرکەزی کردنە لەپێوانێکی گەورەدا بێ ئەنجامو نەزۆك مایەوە. هەرچەندە کە((بابی عالی))یەك لەدوای یەك سەرهەڵدانی میرنشینە کوردییەکانی سەرکوت کرد، بەڵام لەڕاستیدا بەڕێوەبەرایەتیی عوسمانی ئەم جارە ڕووبەڕووی دینامیکی خێڵەکی هات کەوا پێشتر میرەکان کۆنترۆڵیان دەکردن. ئەم دینامیکانە بەشێوەیەکی بابەتیانە بوو بەهۆی دروستبوونی سەدان دەستەی سیاسی جیاواز لەیەکتری.

هەرچەندە کەئەم جیاوازیو پەرشو بڵاوبونەوەیە ڕێگربوو لەبەردەم دروستبوونی جووڵانەوەیەکی یەکگرتووی نەتەوەیی کورد، بەڵام لەهەمانکاتیشدا ناوەندەکانی دژایەتیکردنی دەوڵەتی زیاتر دەکرد. وەکوو کۆتایی دەبێت لەئەنجامی ڕۆژئاوایی بوونو جووڵانەوە نەتەوەییەکاندا وەکوو چۆن لەگرووپە جیاوازەکانی مەسیحیشدا هەبووە، پێویستە باس لەیەکسانی نێوان ئەرمەنییەکانو هاوتاییەکەیان لەگەڵ موسڵمانەکانیشدا بکرێت. ئایا ئەم فاکتەرانەی کەوا ئەم جولانەوانەیان هێناوەتە ئاراوەو کاردانەوەی جۆراوجۆریان هێناوەتە مەیدانەوە دەیانتوانی لەکۆتایی ئەو سەدەیەدا لەدروستبونی ناسیۆنالیزمی کوردیشدا ڕۆڵ بگێڕن؟ بۆ نمونە شاعیری کورد حاجی قادری کۆیی لەکۆتایی سەدەی(١٩) دا ئەم دێڕانەی دەنووسی: (ئەی جزیرەو بۆتان، ئەی وڵاتی کوردان، ئەمە چ نەهامەتییەکە، کەدەیانەوێ تۆ بکەن بەئەرمەنستان، تەنیا لوردێکیش نامێنێتەوە لەم دونیایەدا،[.. ] ). شێخ عوبەیدوڵڵای نەهریش سەرەڕای ئەوەی کەئەرمەنییەکانی بەهەدەف نەدەگرت، بۆ پێشگیری کردن لەدروستبوونی ئەرمەنستان باسی لەوە دەکرد کەئەگەر پێویست بکات ژنەکانیشمان بەچەك دەکەین. لەگەڵ ئەوەی کەئەم قسەو باسانە لەجیاوازیو دەستە دەستەیی ئیسلامییەوە سەرچاوەی دەگرت، هەم ئیسلامەتیو کوردایەتی یەك واتای دەبەخشی(بەیەك واتا سەیری دەکرا) هەم وەکوو نیشانەی تێپەڕبوون لەئیسلام بوو بەڕێگای کوردایەتییەوە. بەشێکی

زۆری راپەڕین و سەرهەڵدانە کوردییەکانی بەر لەساڵی ١٨٨٨- لەنموونەی موحەممەد عەلی‌وە کاریگەرییان وەرگرتووەو هیچ یەك لەوانە خاوەنی وتارێکی ناسیۆنالیزمی نەبوون، لەگەڵ ئەوەی کەئامانجەکانیان لەدینامیکی ئەتنیکی‌یەوە سەرچاوەی دەگرت دەیانەویست دەوڵەتێکی(نانەتەوەیی) دابمەزرێنن، هێماکانی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بەراپەڕینی شێخ عوبەیدوڵڵا کەدوایین راپەڕینی سەدەی نۆزدەیەمی کوردی بوو، دەستپێکرد، لەسەرەتادا ئەمە بەمەبەستی پاراستنی وەزعی تایبەت بەباج وەرگرتن لەشێخ تەهای باوکی شێخ عوبەیدوڵڵاوە دەستپێکرا، بەڵام دواتر کەراپەڕینەکە لەدەوروبەری ورمێ‌و پەرەی سەند، بەتێپەڕبوونی کات راپەڕینەکە رەنگێکی نەتەوەیی بەخۆوەگرت.

شێخ عوبەیدوڵڵا بەدیپلۆماتێکی ئینگلیزی گوتبوو: ((کە کوردستانەکانی ئێران‌و تورکیا هەموو هی وڵاتێکن‌و کوردەکانیش وەکوو هەر نەتەوەیەکیتر مافی دیاریکردنی داهاتووی خۆیان هەیە)).

ئەم جوڵانەوەیە کەیەکەمین باڵەخانەی بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی بیناکرد، یەکەمین قۆناغی دژایەتی کورد لەبەرامبەر ناوەندی لەخۆدەگرت. لەڕاستیدا قۆناغی دوای راپەڕین دەبووە قۆناغێك کەشاهیدی پێوەلکانی دینامیکە خێڵەکییەکان بێت بەسیستەمەوە، کەوا لەکۆتایی سەدەی ١٩دا گیانێکی تازەیان وەرگرتبوو، لەلایەکی تریشەوە دەبووە هۆی دەرکەوتنە مەیدانی ناسیۆنالیزمێکی کولتووری کوردیی کەماوەیەکی درێژ مارژینال دەمایەوە.

هەروەکوو چۆن دایوید کوشنەریش باسی کردووە، سوڵتان عەبدولحەمیدی دووهەم کە لەساڵی ١٨٧٦ چووبووە سەر تەخت، وەکوو چارەیەك بۆ دەربازکردنی رەوشی لاوازی ئەناتۆلیا لەبەلکانەکان، تورکایەتی وەکوو دالّدەیەك دەبینی‌و بۆ ئەمەش دوکتورینێکی نەنوسراوی پێشخست. بەڵام ئەم ئەناتۆلیایەی کەوا دەبوو بەناوەند لەهەمانکاتیشدا پێویستی بەهەندێك موسڵمانی غەیرە تورك هەبوو کە لەکەنارەوە ئەناتۆلیا بپارێزن. هەربۆیەش دەبوایە ئەم گروپە موسڵمانانەی کەوا ئەو بازنەیە پێك بێنن ئەنتەگرەی

سیستەم بن(پێوەلکان). لیواکانی سوارە حەمیدیی‌کان ئەو پێکەوەلکانەی دورستدەکردو توندوتیژی ناوکۆمەڵگای کوردی دەکرد بەشتێکی ناوخۆیی کوردان لەوەش زیاتر لەشەڕی ئەرمەنییەکاندا کوردەکانی دەکرد بەهاوپەیمانی دەوڵەت. ئەم لیوایانە لەساڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٦بەشێوەیەکی فراوان بەشداری قەتڵو عامی ئەرمەنییەکانیان کردو لەسەر کێشەی کشتوکاڵی ئەرمەنییەکان خاکەکانیان داگیرکردنو لەبەئیسلامکردنی هەرێمەکەدا رۆڵێکی کارایان گێڕا.

دروستکردنی ئەم لیوایانە هاوکات بوو لەگەڵ پێشکەوتنی بیری نەتەوەیی بەتایبەت لەنێو مندالآنی بنەماڵە میرەکاندا. رۆژنامەی کوردستان کە لەساڵی ١٨٩٨دا دەردەچوو پارێزگاری لەبیری نەتەوەیی دەکردو لەهەوڵی پێکەوە سازبوون بوو لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا. ئەم رۆژنامەیە کەوا زانیاری کەمان لەسەری هەیە، وادیار دەبێت کە لەنێو خوێندەوارانی ئەو کاتەی کورددا ناوو دەنگێکی باشی هەبووە. عەبدولڕەحمان بەدرخان لەم رۆژنامەیەدا، بانگەوازی هۆشیاریو بێداری کوردەکانو دژایەتییان لەگەڵ رژێمی عەبدولحەمیددا دەکرد: ((دەزانم کەکوردەکان لەشەڕی-ئەرمەنی- کورددا ژمارەیەکی زۆری ئەرمەنییان کوشتووە. خوداش لەم وەزعە رازی نییە. کوردەکان لەبەر نەزانی خۆیان ئەم تاوانەیان ئەنجامداوە، ئەوان هەستیان بەنەبوونی جیاوازی نێوان کوشتنی ئەرمەنییەكو موسڵمانێك نەدەکرد. هەندێك لەم تاوانانە دەگەڕێتەوە بۆ زانایانی کورد. زانایان پێویستە راستیو ناڕاستی نیشانی نەزانەکان بدەن تاوەکوو کەسانی بێ تاوان نەکوژن. ئەی کوردەکان ئیدی واز لەکوشتارو تالآنکردن بهێنن، لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا یەکبگرن، ئاگاداربن کەئەگەر ئەم دووبەرەکییە لەناو بەن(..) و ئەگەر فەرمانبەرە ستەمکارەکانی عەبدولحەمید لەخۆتان دوورنەکەونەوە ئەوا هەم ئێوەو هەم ئەرمەنییەکانیش لەژێر پێدا دەمێننەوە. ئەوەندە نەتەوەی بچووك هەن کە لەئەنجامی هەوڵو تێکۆشانەکانی خۆیاندا حکومەتی داخوازراوی خۆیان دامەزراندووەو خۆشبەختو بەختیار بوون. ئێوەش لەجیاتی ئەوەی کەئەم جۆرە نەتەوانە بەنموونە وەرگرنو لاساییان بکەنەوە بەکوشتاری یەکتری هێزی خۆتان لەناو دەبەنو رێگا بۆ پاوانخوازیو

زۆرکاری پادشا دەکەنەوەو بەخەنجەرەکەی دەستتانەوە جەنایەتێکی وەکوو ئـەوەی خۆتان بکوژن خەنجەر بەدڵی خۆتاندا بکـەن ئەنجامـدەدەن[ ...] ئایـا کوشـتنی چەند ئەرمەنی نەتوانو بێچارە وێرانکردنیماڵو وڵاتی خۆتان نییە؟؟)).

ئەمـە گوزارشـتێکی تـازەی ناسـیۆنالیزمی کولتـووری بـوو، کۆمەڵـەی ((تەرەقیو تـەعاونی کـوردی))کـە لـەدوای مەشـروتیەتی دووەم پێـك هـات برایەتی نێوان کوردو ئەرمـەنو بەڕێوەبـەرانی کـوردو ئەرمـەنی بەشـێوەیەکی مەشرووتە لەدەوڵەتی عوسمانیەکی تازەدا وەکوو هەدەفی خۆی لەقەڵەم دەدا.

ناسیۆنالیزمی کولتـوری، دیـاربوونی پێناسـەی کـوردیو(هۆشـیاربوون)و گەیشتن بە(شارستانیەتی) لەنێو هەدەفەکانی خۆیدا دەردەخستە کێشەوە.

نیزامنامـە یـاخود پـەیڕەوو پرۆگرامـی کۆمەڵـە کەئەمانـەی خـوارەوەی لـەخۆدەگرت" بـوونی زمـانی کـوردی بـەزمانی پـەروەردەییو بڵاوکردنـەوەی بەرهەمی کـوردی، ئامـادەکردنی مێـژوی ئـەدەبیاتی کـوردیو هەوڵـدان بـۆ دروستکردنی بیری پەروەردەییو کۆڕو کۆبوونەوەی کوردی بەبنەما وەردەگـرێو، هەروەها پارێزگای کوردیو ئاڵای کوردی دروست ببێو هـەوڵ بـۆ بـەرپاکردنی شوعبەی جودا لەقەزاکاندا ئەنجامدەدات.

پەیڕەو بەرنامە باس لەمانە دەکاتو بەم شێوەیە بەردەوامی دەکات:

کۆمەڵە جۆری پەیوەندیی گونجاو لەکوردستاندا رێکدەخاتو لەنێوان کوردو ئەرمـەنیو نەتـەوەکانیتردا هـەوڵی دروسـتکردنی بـەرەی زیـاتر(پەیوەنـدیو یەکگرتن)و ئامۆژگـاری پێویسـت بـۆ پێشـکەوتن بەبنـەما وەردەگـرێ، لـەم بارەیەشەوە کـەڵك لەکاریگـەری حکومـەتی هـەرێمیو زانایـانو شـێخەکانو کەسایەتیەکانیان وەردەگرێ. بۆ ئەمـەش لەگەڵ کۆمەڵـەکانی ئەرمەنییەکانـدا وەفدێك دروستدەکاتو هەوڵی بەدیهاتنی هەرچی زووتری ئەم مەبەستە دەدات.

لەئۆرگانەکانی بڵاوکردنەوەو راگەیانـدنی کۆمەڵەشـدا داوای یـەکگرتوویی کوردانو کۆتایی هاتن بەشەڕو ئاژاوەی ناوخۆیی دەکرا:

((وەکوو عەرەبو تـورکو ئـەلبانیو یۆنـانیو خاچپەرسـتەکان کاربکـەنو گەوهـەری خۆتـان بناسـێنن هـەر وەکـوو چـۆن گـەلی رەسـەنی ئەلبانی(تاکەکانی)وازیان لەشەڕی سەدان ساڵەی خوێن رشتن هێنـاو دەسـتیان

خستە ناودەستی یەکترو بەدەستی یەکەوە بەهاو جوامێری خۆیانیان نیشاندا، ئێمەش باوەکوو ئەوان واز لەشەڕی خوێنو دوژمنایەتیەکانمان بهێنینو پاکیان بکەینەوەو بیانسڕینەوەو شەرەفی کوردەکان بپارێزینو بەماڵو گیانمانەوە وڵاتە وێران بووەکەمان ئاوەدان بکەینەوە)).

ڕێکخستنی ناسیۆنالیزمی کولتوری کوردیو جێگرتن لەشانۆی سیاسەتی عوسمانیدا شتێکی مومکین بوو. بۆ نموونە شەریف پاشای بابان کە نوسراوی سەیرو سەمەرەی لەسەر پەیوەندییەکانی کورد- ئەرمەنی هەیە، یەکێك بوو لەسیما گرنگەکانی لیبرالیزمی عوسمانی، شایانی باسەکە ئیسماعیل هەقیش کەهەر لەو بنەماڵەیە لە(ئیتحادو تەرەقی)داو (ئەحمەد نەعیم)یش لەبەرەی ئیسلامیدا جێگای خۆیان دەگرت لانی کەم زیاگۆك ئالپو سەعیدی کوردی(نەورەسی)و عەبدوڵلا جەودەتو.. لەریزی ئەو کەسانەدا جێگا دەگرن کەوا ناسیۆنالیزمی کولتووری سەرەتایی کوردیان بەردەوام کردووەو بیرمەندانی گرنگی ئەو بابەتە بوون، ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەتوانای پێشکەوتنی ناسیۆنالیزمی کولتووری لەدەرەوەی مەشروتیەتی دووهەمدا شتێکی مومکین نەبوو. لەلایەکیتریشەوە لەساڵەکانی ١٨٩٤-١٨٩٦دا سوارەی حەمیدی کە بەکوشتاری ئەرمەنییەکان دەوڵەمەندبوونو پەیوەندی مشتەریو خاوەن شتیان لەگەڵ دەوڵەتدا پێك هێنابوو لەگەڵ شێخو ئاغاکاندا ئامادەی یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا نەبوون. بەپێچەوانەوە قۆناغی(١٩١٤-١٩٥٩) ڕاپەڕینەکانی کورد لەسەرەتا بەدژایەتی ئەرمەنیو دواییش بەدژایەتی دەوڵەتەوە دەستپێکردو، ناوەڕۆکی وەهای بەخۆوەگرت. وەزعی عەبدولحەمیدی دووەم کەسوارەکانی حەمیدی نازناوی باوکی کوردیان پێ بەخشیبوو لەگەڵ زیادبوونی کاردانەوەکانی لەبەرامبەر(ئیتحادو تەرەقی)دا، بوون بەهۆی ئەوەی کەوا ڕاپەڕینەکانیش روو لەزیاتربوون بکەنو بەرفراوانتر بن. لەلایەکیتریشەوە هەرچی دەچوو، ڕژێمی تاك حیزبی(ئیتحادو تەرەقی) کەبوو بوو بەرژێمی(دەوڵەت- حیزبی)بەرەو لای سیاسەتی ناسیۆنالیزمی تورکی دەچوو، هەرلەبەرئەوەش تەنانەت بەشێوەیەکی گەرم پێشوازی لەرەوتی ناسیۆنالیزمی کولتووری موسڵمانەکانیتر نەدەکرد.

لەبەرئەم وەزعەش لەماوەیەکی کورتدا، کۆمەڵەی(ئیتحادو تەعاون)ی کورد قەدەغەکرا. لەبەرامبەر خۆسەپاندنەکانی کۆمەڵەی(ئیتحادو تەعاون)ی کوردیو کاردانەوەکانی دژ بەوڵاتو ناسیۆنالیزمی تورکی بەسیاسی بوونی هەندێك بنەمای نەتەوەگەرایی کوردی هاتەئاراوە. لەساڵی ١٩١٤دا کەراپەڕینەکانی سۆران- بەتلیس- بارزان هاتنە ئاراوە بەراشکاوی هەندێك داواکارییان لەسەر خودموختاری جۆراو جۆر دەهێنایە سەرزمان، هەرلەم بارەیەشەوە پێشکەوتنێکی گرنگی هێنایە ئاراوە. ساڵەکانی جەنگی جیهانی کەبوو بەهۆی بەدوژمنی هاوبەش لەقەڵەمدانی ئەرمەنییەکان، بوو بەهۆی ئەوەی کەکورد واز لەستراتیجی راپەڕین بهێننو رێککەوتن لەگەڵ دەوڵەت دا بەباشتر بزانن.

هەرچەندە کەپاکتاوکردنو کوشتاری ئەرمەنییەکان کەخاڵی کۆتایی ئەم رێککەوتنە بوو نەیتوانی کۆچبەرکردنی نزیکەی ٧٠٠,٠٠٠ کورد ئاستەنگ بکات، بەڵام توانی لەپارێزگاکانی رۆژهەڵاتدا ببێ بەهۆی جێگربوونی کوردو بەئیسلام بوونی هەرێمەکە.

## کۆمەڵەی تەعالی کوردستان

لەدوای شەڕی جیهانی یەکەم ئەوە دەبینرێت کەناسیۆنالیزمی کوردی دووبارەو بەوتارێکی سیاسییەوە گیانێکی تازە بەخۆدەگرێ. لەساڵی ١٩١٥-١٩١٩دا لەشارە گرنگەکانی کورددا یانەی کوردیو لەئەستەنبوڵیش کۆمەڵەی تەعالی کوردستان دامەزرێنرا.

بەڵام ئەم کۆمەڵەیە کەشادەماری ناسیۆنالیزمی کوردی پێکدەهێنا، خاوەنی بەرنامەیەکی سیاسی هەمەگیرو فراوان نەبوو. گروپێك لەئەندامانی کۆمەڵە وەکوو براکانی بەدرخانیو شەریف پاشا کەنوێنەری کۆمەڵە لەئەوروپا بوو بیری سەربەخۆیی کوردیان دەپاراست، لەهەمانکاتدا سەید عەبدولقادر کەسەرۆکی کۆمەڵەکە بوو تێزی یەکگرتوویی کوردو تورکو خودموختاریەتی دەپاراست. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەئاغاو شێخی عەشیرەتەکانو چینە باڵادەستەکەی کوردستان لەگەڵ هیچ یەك لەم دوو پرۆژەیەدا نەبوون چونکە ئەو بەشەی کوردانیش کە لەگەڕانەوەی ئەو ئەرمەنیانە دەترسان کەوا لەکوشتارەکە

رزگاریان بوو بوو، یەکگرتوویی کورد- تورکیان دەپاراستو پارێزگارییان لەگەڕانەوەی خەلافەت دەکردو پشتیوانیان لەهێزەکانی موستەفا کەمال دەکرد. هەر لەبەرئەمەش ئەمانە کاردانەوەیەکی زۆریان(بەشێوەی نەریتی) لەبەرامبەر پەیمانی سیڤەردا هەبوو کەباسی لەدروستبونی دەوڵەتێکی ئەرمەنیو کوردی دەکرد. یانەکانیش کەخەریکی شەڕوئاژاوەی ناوخۆیی بوون لەماوەیەکی کورتدا مارژینال بوونو بچوکبونەوە.

دەتوانرێت بزوتنەوەی تەعالی کوردستان وەکوو بزاڤێکی کلاسیکی نەتەوەیی-رۆژئاواگەرا پێناسە بکرێت کەوەکوو(ئیتحادو تەرەقی)وابوو. گۆڤاری ژین کە لەساڵی ١٩١٩دا وەکوو ئۆرگانی کۆمەڵەی تەعالی دانرا وەکوو جووڵانەوە فیکرییەکانیتری عوسمانی کاریگەری لەپۆزتیڤیزم، دارونیزمی کۆمەڵایەتیو وتارە شارستانیەکان دەکرد.

(شارستانییەت))یەکێك بوو لەگرنگترین بابەتو پەیامەکانی دوای شەڕ کە لەدونیادا بڵاوبوو بووەوە. بەکاریگەری کەسانی وەکوو عەبدوڵا جەودەت کە لەنێو سیمای گرنگترین کەسانی نەریتی رۆژئاواگەرای عوسمانیدا جێگای خۆی کردبووەوەو لەهەندێك لەبەشەکانی دیاریکراوی ژیاندا پەیوەندی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەبوو ئەنتلیجنسیای کوردیش لەگەڵ ئەم بابەتەدا(شارستانیەتدا) ئاشنابوو.

کۆمەڵەی تەعالی کوردستان بۆچوونەکانی(زیاگوك ئالبی)پێ پەسندبوو کەباسی رۆیشتنەناو مەدەنیەتی دونیای دەکرد کەهەمان شارستانیەتی رۆژئاواییەو بەهێزبوونی نەتەوەو قازانجکردنو شەرمانەوەی لاپەسەندبوو کەوەکوو مەرجی ئەمە دەزانرا, هەروەها لایەنی دژبەری(رەوتی پێشکەوتن)لەژێر پەردەی ئاییندا وەکوو مەترسیەکی مەرگ هێنەر لەقەڵەم دەدرا.

ئەو شارستانیەتەی کەوا ژین(jin) پارێزگاری لێدەکات، لەوەی زیاتر کە بەسەری خۆی ئامانجێك بێت، گەرەنتی بەنەتەوەبوونە. رۆژنامە بڕوای بەوە هەبوو کەدروستکردنی مێژوویەکی نەتەوەیی، گرنگترین ئامانجی ناسیۆنالیزمی کوردییە. ژین(jin) بەدەستپێکردنی باسەکەی لەئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر

لەنێوان قۆناغەکانی بەر لەمێژووی ژیانی کۆمەڵگای کوردیو ئایندەیدا پەیوەندییەکی دروستدەکردو بەجۆش و خرۆشێکەوە رۆژانی نەتەوەیی پیرۆزبایی دەکرد، بۆ ئەم مەبەستەش بانگەوازی خەڵکی دەکرد. چاپکرانی مەمو زینی ئەحمەدی خانی لەساڵی ١٩١٩لەئەستەنبوڵدا رەوابییەك بەناسیۆنالیزمی کوردی دەبەخشێ، ئەمە ئارەزوو ویستی کۆتایی هێنان بەحکومەتی(عەرەب، فارس، تورك)و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی زیندوو دەکردەوە.

## ١٩٢٣-١٩٣٨کۆماری کەمالیستیو قۆناغی راپەڕینەکان

وەکوو چۆن لەسەرەوە باسمان کرد، ناسیۆنالیزمی کورد لەکاتی شەڕی سەربەخۆییدا گرنگییەکی زۆری بەخۆوە نەبینی. لەساڵی ١٩٢١دا و لەم قۆناغەدا تەنیا راپەڕینی قۆچگیری ئەنجامدرا، کەئەوەش بەئاسانی سەرکوت کرا. هەرچەندە سەرکوتکردنی خوێناوی ئەم راپەڕینەی قۆچگیری دەنگێکی زۆری دایەوەو کاردانەوەی لەبەرامبەردا دروستکرا، بەڵام هاوپەیمانی کوردو هێزە کەمالیستەکانی خراپ نەکرد. رادیکاڵ بوونی جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد لەدوای راگەیاندنی کۆمار وبەجێنەهێنانی وەعدەکانی پاراستنی خەلافەتو وەکوو ئەنجامی ئەمانە هاتە ئاراوە.

هێزی دژ بەری کورد کەدژایەتی کەمالیزمی دەکرد، کەڵکی لەزنجیرەیەك راپەڕینی وەکوو ١٩٢٥ شێخ سەعید، ١٩٢٧ ئاگری، ١٩٣٦-١٩٣٨ راپەڕینی دێرسیم وەرگرت.

یەکەمین شەڕی ئەم راپەڕینانە کەوا پێویستی بەئامادەکردنی هەزاران سەرباز هەبووەو بەکوژرانی هەزاران کەسی سڤیل کۆتایی پێهاتووە بەشەڕی تورك دژی کافرەکان ناوزەدکراوەو دوایین شەڕیش بەشەڕی ناوخۆیی بۆ سەربەخۆیی ناوزەد کراوە. هەروەها پێویستە ئەوەش دووپات بکرێتەوە کەهەرێمە کوردییەکان لەبیست ساڵی یەکەمی کۆماردا کرابوون بەهەرێمێکی سەربازی، لەدەرەوەی جێگا فەرمییەکان(بەڕێوەبەرایەتی بەرێگای لێکۆڵەرەوەی گشتیەوە بەڕێوەدەبران). لەم قۆناغەدا گوتاری رەسمی دەوڵەت نکوڵی هەبوونی کوردی بەتایبەتی دەکرد. لەم گوتارەدا، لەبەشی

کەوا لەامدی کتێب

سەرهەڵدانەکاندا، کوردایەتی وەکوو شتێکی دواکەتوو دەنرخاند کەکوردە وەحشییەکانی گرێدراوی سیستەمێکی باوکسالاری نەریتیو خراپنو نوێنەرایەتی فیودالیەتو دواکەوتوویی دەکەنو دژی شۆڕشگێڕیو پێشکەوتنخوازی تورکی رادەوەستێ.

ئەوە دیار دەبێت کەنەتەوە گەرایی کوردی لەسەردەمی کۆماردا لەدوو ئۆپۆزیسیۆنی جیاوازەوە پشتیوانی لێدەکرا. یەکەمینی ئەمانە (ئەنتلیجنسیای ئۆپۆزیسیۆنی کوردی)بوو. ئەم رەوتە کەنەریتی یانەکانی کوردستانو کۆمەڵەی تەعالی کوردستانیان بەردەوام دەکرد، لەساڵی ۱۹۲۳دا لەکۆمیتەی ئازادیدا و لەساڵی ۱۹۲۷دا لەکۆمیتە خۆیبووندا (وەك خۆبوون- وەکوو خۆمانەوە) لەدەوری یەك کۆبونەوە، هەرچەندە زانیاری پێویست لەبەردەمدا نییە بۆ ئەوەی کەبتوانرێت لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسەرئەم رێکخراوانە بکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەتوانرێت بگوترێت کەسەربازی کوردی وەکوو ئیحسان نوری پاشا کە لەسوپادا جێگای خۆیان کردبووەوەو کەسانی وەکوو خالید بەگی جبران کەکۆنە ئەفسەرانی سوارە حەمیدییەکان بوونو دکتۆرانی وەکوو فواد ئەفەندیو کەسی وەکوو مەحمود سەلیمو براکانی بەدرخانیو براکانی جەمیل پاشا زادەو رۆشنبیرانی بنەماڵە میرزادەکانو چینە باڵادەستەکان لەسیما دیارەکانی ئەم دژ بەرایەتییە بوون. پێویستە کەسانی رۆشنبیری وەکوو دکتۆر نوری دێرسیمی کەپێشتر لەکۆمەڵەی تەعالیدا کاری کردووەو گەرچی ئیدی ئەندامی ئەو رێکخستنە نەبوون، و لەدێرسیمدا کاریگەرییەکی باشیان هەبووە، بەم ناوانە زیاد بکرێن. ئەم ئۆپۆزیسیۆنە کەرۆژئاواگەراو شارستانی خواز بوو وتاڕادەیەکیش داروینیستی کۆمەڵایەتی بوون، دەوڵەتیان لەبەر دەوڵەتبوون رەتنەدەکردەوە، بەڵکو لەبەرئەوەی کەتورکە رەتیان دەکردەوە. ئەم رەوتە پاڵپشتێکی کۆمەڵایەتی نەبوو. ئەو دەسەڵاتە سەربازییەی کەوا کەمالیزم لەشارەکاندا داینابوون رێگربوون لەبەردەم ئەوەی کەئەم بۆچوون و رەوتە لەنێو چینی ناوەندی کۆمەڵگادا ریشە دابکوتێ. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەزۆربەی شارەکان پێکهاتەیەکی موحافەزەکاریان

هەبووە، لانی کەم ئەوکات بەگەرمی پێشوازیان لەرێکخراوە کوردییەکان نەدەکرد کەوا لەباری رۆژئاوا خوازییەوە دەستی کەمێکیان لەکەمالیزم نەبوو.

دوهەمین ئۆپۆزیسیۆنیش ئەو خێڵو گوندێتیو تەریقەتانەیە کە(ئەنتلیجنسیا)وەکوو شکست خواردو پێناسەی دەکردن، ئەم لایەنە لەبەر تورکایەتی دژایەتی دەوڵەتی نەدەکرد، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کەشتێکی پێچەوانەی دەوڵەتی عوسمانی بوو. تێکۆشانی دەسەڵاتی کەمالیستی بۆ تێکشکانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانو پێداگری لەسەر سەربازی مەجبووری، نەتەوەیی کردنی ئابووری، دانانی سەرباز لەوسنوورانەدا وا پێشتر مەبەستی دابڕینی پەیوەندی کوردانی لەیەك نەبوو، هەروەها لابردنی خەلافەت کەسەرچاوەی رەوا پێدەری شەڕی سەربەخۆیی بوو، هەروەها پێداگری لەسەرئەوەی کەنابێ دین دەستدرێژی ژیانی تایبەتی تاکەکان بێ لەگەڵ شتی لەم جۆرەدا بابەتەدا بەهۆی ئەوەی کەئەم لایەنە بکەوێتە ناو توندوتیژیو شەڕ لەبەرامبەر دەوڵەتدا. وەکوو ئەو شتە کەوا(ئیسماعیل بێشکچی) پێشنیاری دەکات، کەمالیزم وازی لەو سیاسەتە نەهێنابوو کە لەنێوان چینە فیودالەکانی کوردستاندا پیاو ماقوولانی خۆی دروست بکات. بەپێچەوانەوە لەسەرکوتکردنی راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران دا هێزی ملیشیای دروست کردو دواتریش حاکمیەتی نەتەوەیی لەئاستی هەرێمی دا بەهەندێك خێڵ.

نەبوونی سیاسەتی لەیەك هاتنو ئاشتی کەمالیزم وەکوو دەوڵەتی عوسمانی لەبەرامبەر ئەم راپەڕینانەدا بوو بەهۆی رادیکاڵتربونیانو زەمینە هاوکاری کردنی خەڵکی گوندو خێڵ لەگەڵ ئەنتلیجنسیای نەتەوە گەرا- رۆژئاواگەرادا هێنایە ئاراوە. ئەگەر ئەنتلیجنسیای کوردی لەساڵی ١٩١٩-١٩٢٠ دا دەوڵەتێکی نەتەوەیی دروست بکردایە، ئەوا بەئەگەرێکی گەورە هەوڵی لەناوبردنی ئەم لایەنە دژەی دەدا کەهێزی خۆی لەخێڵو تەریقەتەوە وەردەگرت.

بەڵام لاوازی ئەنتلیجنسیای کوردی لەدەورەی کەمالیزمدا بوو بەهۆی ئەوەی کەئەم یەکگرتنەی نێوانیان دروست ببێت. لەبەرئەم یەکگرتنەوەش بزاڤی نەتەوەیی کوردی کەسەرچاوە مرۆییەکەی خۆی لەم خێڵانەوە بەدەست دەهێنا بێ بەبزاڤێکی نەتەوەیی خێڵایەتیو ئاغاکانی خێڵیش بەرەو نەتەوەیی بوون

بڕۆن‌و لە نەتەوەگەراییدا زمانێکی سیاسی وەربگرن‌و ڕەوایی دژایەتیکردنی دەوڵەت بەدەست بهێنن. پێکهاتنی ڕێکخستنی ئازادی‌و تەریقەتی نەقشبەندی‌و کەسانی دیاری خوانەناسی وەکوو فەهمی- بیلال، لەسەرهەڵدانەکەی شێخ سەعیدی پیران لەساڵی ١٩٢٥دا هەنگاوێکی گرنگی لەیەك نزیکبوونەوەی ئینتلیجنسیای کوردی وهێزە نەریتیەکان بوو. هەڵوێستی هاژۆ ئاغای سەرۆکی عەشیرەتی هەوەرکان نموونەیەکی تری ئەم بابەتەیە. ئەم ئاغایە لەساڵی ١٩٢٥دا یارمەتی هێزە کەمالیستەکانی لەدژی شێخ سەعیدی پیران دا، بەڵام لەساڵی ١٩٢٦دا کەدەوڵەت دەیویست لەسنووری سوریا-تورکیادا سیاسەتی تەفروتوناکردنی خێڵ بەکاربەرێ، هاژۆ ئاغا خۆی بەلای ناسیۆنالیزمیدا تلاندەوەو لەکۆمەڵەی خۆیبوندا کە لەساڵی ١٩٢٧دامەزرا ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا. دەیان خێڵێتریش کە لەساڵی ١٩٢٥دا یان بێ لایەن بوو یاخود پشتیوانی ئەنقەرەیان دەکرد بەرەو ناسیۆنالیزمی دژبەر ڕۆیشتن.

## خۆیبوون‌و ناسیۆنالیزمی کوردی

دەتوانرێت خۆیبون وەکوو گرنگترین هێزی دژبەری ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەردەمی کەمالیزمدا بنرخێنین کە لەساڵی ١٩٢٧دا دامەزراو کاروبارەکانی تا ساڵی ١٩٤٦ بەردەوام کرد. خۆیبوون دروستکردنی دەوڵەتێکی کوردی‌و ڕزگارکردنی کوردەکانی ژێردەسەڵاتی تورکیای کردبووە ئامانجی خۆی. ئەم کۆمەڵەیە هەروەها بڕیاری ئەوەشی دابوو کەتاوەکوو دەرکردنی دوا سەربازی تورك لەسنوورەکانی کوردستاندا دەست لەتێکۆشان بەرنەدات. خۆیبوون کەسەرهەڵدانی چیای ئاگری دروستکردبوو لەسەرەتاو کۆتایی ڕاپەڕینەکەدا، گرنگییەکی تایبەتی بەدروستکردنی خرۆشی نەتەوەیی دەدا. کۆمەڵە بانگەوازی: (ڕزگارکردنی کوردستانی پیرۆزمانی.. لەدەستی زاڵمان)دەکرد: ((ئادەی برا، چەك هەڵگرە! تاوەکوو بەهەموو بسەلمێنین کەئێمە ڕۆڵەی قارەمانی باپیرە قارەمانەکانی خۆمانین، با بەشەرەفی خۆمانەوەی بمرین‌و بکوژین، ڕزگاری کولتورەکەمان‌و وڵاتەکەمان لەم ڕێگایەدا..)) جەلادەت بەدرخان کەوەکوو سەرۆکی کۆمەڵە هەڵبژێردرا بوو دەیگوت: ئەگەر

ساڵانێکیتریش کۆیلایەتی گەلی کورد بەردەوام بکات ئەوا ڕێگا لەناوبردنی گەلی کورد بەحکومەتی ئەنقەرەوە نادەین))، بەم شێوەیە قسەکانی خۆی بەردەوام دەکرد: ((ئەو ئامانجەی کەسەرکردە کوردەکان بۆ بەدیهاتنی تێدەکۆشن زۆر سادەو خاکییە. ئەوەش دروستکردنی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یە بۆ پاراستنی گەلی خۆی لەهەموو جۆرە هێرشێك. لەوە دەچێ کەئەم سەرکردانە هەمیشە تاقیب بکرێن و لەمەترسی دابن, بەڵام هیچ کات بێ هیوا نابن. ئەم سەرکردانە کەدەزانن چییان دەوێ کەسانێکی بەبڕیارن کەفرمێسکی خۆیان بۆ ئازارەکانی نەتەوەی خۆیان دەڕێژن و بڕوایان بەوەهێناوە کەراستییەکان بەرەوپێش دەچن و هیچ کات راناوەستێندرێن و(هتد) )).

ناسیۆنالیزمی کورد کەبانگەوازی بەدیهاتنی بەڵێنەکانی برایەتی کورد-تورکی مستەفا کەمالی دەکرد کە لەکاتی شەڕدا دابووی، وەکوو "مۆدێل" و"دوژمن" کەوتبوونە ژێر کاریگەری کەمالیزم. ناسیۆنالیستانی کورد، وەکو کۆمەڵەی خوێبوون هەروەکوو کەمالیزم لەنێو کاتی بەر لەمێژوو و شارستانیەت دا پەیوەندییەکیان دروستدەکرد. ئەنتلیجنسیای کوردیی بڕوای بەوە هەبوو کەتەنیا ئەو نەتەوانە مافی ئەوەیان هەیە کە لەمێژوودا جێگا بگرن کەوا بەر لەمێژوو بەشداری شارستانیەتیان کردبێ. هەر لەبەرئەمەش بۆ دووپاتکردنەوەی ئەوەی کەکوردیش بەشداری مەدەنیەتی کردووە، پێویست بوو کە بەپێچەوانەی تیۆری مێژووی تورك و تیۆری زمانی خۆر کەئیدعای ئەوە دەکات تورك خزمەتی شارستانیان کردووە، باسی ئەوەش بکەن کەکوردیش خزمەتی شارستانیەتی کردووە. خزمەتەکانی کورد بەشارستانیەت، لەلایەن سەلاحەدینی ئەیوبی و ئەمیرەکانی ترەوە بەردەوام کراوە. لەکتێبێکی خوێبووندا ئەوە نوسرابوو کە، تورکەکان نوێنەرایەتی بەربەرییەت دەکەن و بۆئەوەی کە کوردەکانیش دابەزێننە ئاستی خۆیان ڕێگا لەپێشکەوتنیان دەگرن و هەموو شتێك بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام دەدەن.. هەر لەدوای ئەوەی کەتورکیا پیتی لاتینی بەکارهێنا، خوێبوونییەکانیش لەگۆڤاری "هاوار"دا دەستیان بەبەکارهێنای پیتی لاتینیدا بڕیاری پەیوەندی وەرگرتنیان لەگەڵ خوێندەوارانی ناوەوەو دەرەوە وەرگرت، ئەمەش نیشانەی خوازیاربوونی ئەوان بۆ ڕۆژئاوایی بوون

بووە. گۆڤارەکانی "روناهی" و رۆژی نو" کە لەدوای شەڕی دووەمی جیهانەوە دەردەکران لەباری رۆژئاواییی بوونەوە زۆر لەدواوەی گۆڤاری ئاکشام(Aksam ) و ئولوس (ulus) نەبوون.

## ١٩٣٨-١٩٥٩- ساڵەکانی ماندووبوون و وەستان

نرخاندنی بیست ساڵی دوای ١٥ ساڵ راپەڕین وەکوو ساڵانی بێدەنگی شتێکی مومکینە. لەدوای سەرکوتکردنی راپەڕینی ١٩٣٨ جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد نەتواناای مادی ئەنجامدانی راپەرینێکی تری هەبوو. نەوەکوو ستراتیجیەتێکی بەدیل و جێگیری سەرهەڵدان و راپەرینی پێ بوو. ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەدوای شەڕی دووهەمی جیهانی یەك لەدوای یەك گۆڕانکاری گەورەی مێژوویی هێنابووە ئاراوە. لەکاتێکدا کەکەسە رزگاربووەکانی (بەناوبانگەکان) بزوتنەوەی نەتەوەخوازی کورد لەدەرەوەو لەدوورەخراوەییدا دەژیان، هێرشی کولتووری کەمالیزم لەشارە کوردنشینەکانی تورکیادا بۆ بەتورك کردن ئەنجامی باشی بەدەست هێنابوو، لەئەنجامی ئەمەدا ئەنتلیجنسیایەکی تازەی کوردیی دروست بووبوو کەئەگەر لەتورکایەتیشدا نەبێ، ئەوا لەکۆماری تورکیدا بەدوای کولتورێکی سیاسیدا دەگەڕا. وەکوو کۆتاییش دەتوانرێت بگوترێت کەتێپەڕبوونی سیستەمی تاکە حیزبی و جێگیربوونی سیستەمێکی فرە حیزبی بوو بەهۆی ئەوەی کەتا ئەندازەیەك گوشار لەسەر کوردەکان کەم ببێتەوە، هەروەها خێڵ و تەریقەتەکان لەرێگای پێوەلکان بەسیستەمدا جۆری پەیوەندی خاوەن کار-موشتەرییان لەگەڵ دەوڵەتدا دروست کردبوو. هەڵبژێردرانی مەلیك فوراتی کوڕەزای شێخ سەعید وەکوو نوێنەری پارلەمانی پارتی دیموکرات نیشانەی هەبوونی ویستی ئاشت کردنەوەی سیستەمی سیاسی لەگەڵ کوردایەتی و ئیسلامیدا بوو کە بە دوو دوژمنی سەرەکی سیستەم لەقەڵەم دەدران.

## نوسینی مێژوو بەشێوەیەکی ناسیۆنالیستانە

لەم قۆناغەدا تێکۆشانی چەکداری جێگای خۆی گۆڕیوە بەکاروچالاکی راگەیاندن ونوسینی مێژو و رووداوی سەردەم کە لەرێگای گۆڤارەکانی((رۆژا نو))و ((روناهی))وە دەکرا. نوسینی مێژوو و رووداوەکانی ئەو دەمە لەلایەن کەسانی وەکوو نوری دێرسیمی، براکانی جەمیل پاشا زادە، ئیحسان نوری، و ناسیۆنالیستانی ترەوە بەمەبەستی مانەوە بۆ نەوەی دواتر ئەنجامدرا. هەرچەندە کەئەم گرووپە بچووكو کەمە خاوەنی پێکهاتەی دەزگاییو سەرچاوەی پێویست بۆکاری نوسینی مێژوو نەبوون، بەڵام ئەم ئاستەنگە بەدوو رێگاوە لابرا. یەکەمینی ئەمانە زۆرسادەو گەردوونییە. نوسینی مێژوو لەدیدگایەکی ناسیۆنالیستانەوە، شتێکە کەمۆدێلێکی جیهانی هەیەو ئامانجی ئەوەیە نیشانبدات کەنەتەوەکەی شتێکی هەتاهەتایی بوو وئەو خاکەی لەسەریەتی هەر هی ئەو بووە. لەوکاتەوەی کەمێژوو بەو مەبەستە بەکارهێنراوە، مێژوونوسە ناسیۆنالیستەکانیش میتۆدێکی شفرەدارکراوی دیاریکراوی خۆی هەیە. نووسینی مێژوو و رووداوەکانی کۆمەڵگای کوردیش کەپڕە لەخەیاڵە مێژووییەکانیو ژیانێکی ملیتانی بەرێگای ئەم میتۆدۆلۆژییەوە ئەنجامدرا.

دووهەمین رێگاش بەنووسینی مێژووی قۆناغی کۆمارەوە پەیدابوو بوو. نوسینی مێژووی کورد لەباتی لێپرسینەوە لەچۆنیەتی نوسرانی مێژووی تورك ومیتۆدۆلۆژییەکەیان، ئەوانەی دەکرد بەکوردی و رەنگێکی کوردایەتی پێدەبەخشین. مێژووی نوسراوی تورك چەندە کوردو لایەنەکانی تری رەتدەکردەوە. دەبوو مێژووش بەهەمان ئەندازە بەقازانجی کورد بنوسرێتەوە. بەمجۆرەش نوسینی مێژوو دەبوو بەئەفسانەو دروشمە پێویستەکانی ناسیۆنالیزمی لەخۆدەگرت. بەمجۆرەش مێژووی کوردیی ئیحسان نوری، بانگەوازی شانازیکردنی کوردانی بە بەردی مەزاری شەرکەرە کوردەکانەوە دەکرد کە بەسەدان ساڵ لەرزەیان خستبووە گیانی دوژمنان. زنار سلۆپی(قادری جەمیل پاشازادە)ش داوای لەکوردەکان دەکرد کەخاوەندارێتی لەزمانو مێژوو و داهاتووی خۆیان بکەن:

((پێویستە دووبارە جوانیو پاراوی زمانی کوردی زیندووبکەینەوە کە لەهەزاران ساڵەوە یەکێکە لەبەکارهاتووترینو بەرێزترین زمانەکانی

رۆژهەلاتی ناوەڕاست. نەتەوەکەمان سەرەڕای ئەوەی کەسەدان ساڵە لەژێردەسەلاتی ئەو خێڵە مەغوولیانەدایە وا بۆ تێرکردنی سکی ئەسپەکانیان هاتوونو هەموو جێگایەکیان وێران کردووە. لەژێر قورسترین باری ملکەچککردنیشدا، خۆیەتی خۆی پاراستووە، کورد نەتەوەیەکە کەناوی خۆی لەبەرزاییەکانەوە وەرگرتوە. پێویستە بڕوامان بەوەهەبێت کە لەداهاتوویەکی نزیک دا یاخو رۆژێك، نەتەوەی کوردی بگاتەوە بە گەورەیی‌و جوانیی‌و سەربەخۆیی خۆی، کەیەکێکە لەگەورەترین نەتەوەکانی دونیا، پێویستە بە وازهێنان لەخواستە کەسییەکانمان رێگا خۆشکەری ئەمە بین)).

بەهەمان شێوەش نوری دێرسیمی لەکتێبی((دێرسیم لەمێژووی کوردستاندا))بەشی رابردووی ژیانی بەر لەمێژووی کوردان دەداتەوە. دێرسیمی لەبانگەوازێکی خۆی بۆ لاوان دا کە لەبانگەوازەکەی مستەفا کەمال بۆ لاوان دەچێ، مێژوو وەکوو تاکە سەرچاوەی رەوایی بەخش بەنەتەوە لەقەڵەم دەدات. وا دیاردەبێت کەکتێبەکەی دێرسیمی لەساڵی ١٩٥٢دا گەیشتووەتە تورکیاو گەیشتووەتە دەستی خوێندەوارانی کوردو جۆش‌و خرۆشێکی لەنێویاندا بزواندوە. بەلام لەم سالانەی بێدەنگیدا چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا کەئەم بلاو کراوانە بلاوبنەوە کاریگەرییەکیان لەسەر جەماوەر هەبێت. گرنگی ئەم بەرهەمانە لەسالانی دواتردا دەبینرا، ئەم بەرهەمانە کە لەسالانی شەست‌و حەفتادا یان لەئاورووپا یاخود لەتورکیادا چاپکراون، گرنگترین سەرچاوەکانی وتاری مێژوویی ناسیۆنالیزمی کوردیان پێك دەهێنا. بەرهەمەکانی رۆلێکی باشیان بۆ ئەوە دەگێڕا کەنیشانبدەن کوردەکان جوداتر لەتورکەکان مێژوویەکیان هەیە، هەروەها دەبوو بە باشترین سەرچاوەی نیشاندەری مێژووی کورد لەسەدەی بیستداو گوتاری مێژووی ناسیۆنالیزمی کوردیان پێك دەهێنا.

## ۱۹۵۹-۱۹۷۱ تێپەڕکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی وەکو ئۆپۆزیسیۆنێکی کۆمەڵایەتی بەرەو جوڵانەوەی کوردی.

وەکوو ئەوەی کەئەم نوسینەوەی مێژوو و رووداوەکان نیشانی دەدات، ئەو بیست ساڵە بێدەنگییە کۆتایی ناسیۆنالیزمی کوردی نەبوو. رۆژنامەی(هەفتەنامەی)سەرچاوەی دیجلە کە لەساڵی ١٩٤٨دا لەلایەن موسا عەنتەرەوە بلاّودەکرایەوە لەگەڵ جگەرخوێن و قەدری جان و سەبری جان کەکوردی سوریابوون و کەسانێکی چەپیش بوون لەنێو خەڵکی کوردی تورکیادا بەشێوەیەکی سنوورداریش بێت کاریگەری داناو لاپەڕەیەکی تازەی ناسیۆنالیزمی کوردی نیشان دەدا. لەدوای ساڵانی ١٩٥٠وە ئەم جووڵەو جووڵانە بوون بەهۆی دروستبوونی پێکهاتەی تازە لەئەورووپاو تورکیا. لەدوای ئەوەی کە لەنێوان ساڵانی ١٩٤٨ تا ١٩٥٠ دا(بولتەنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی) لەلایەن کامەران بەدرخانەوە بلاّودەکرایەوە، هەندێك لەکوردەکانی عیراق و سوریا کەخاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی بوون کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند. ئەو شتانەی کەوا لەساڵانی ١٩٥٠دا لەتورکیادا روویدا لەژێر کاریگەری ئەمانەدا بوو، بەڵام پەیوەندییەکی ئۆرگانیکیان پێکەوە نەبوو. ئەمانە چالاکی راگەیاندنی وەکوو دەنگی رۆژهەلاّت، و رۆژنامەی ولاّتی پێشکەوتوو و هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵەو جێگای وەکوو جێگای خوێندکارانی کوردو لاوانی رۆژهەلاّت لەئەستەنبوڵداو جەژنی خوێندکارانی لەخۆدەگرت. ئەو کەسانەی کەئەم کارانەیان دەکرد، ئەو خوێندکارە لاوانە بوون کەدوای کۆمار لەدایك بووبوون و کەسانی کاسبکار بوون کەتەمەنیان لەسی ساڵ تێپەڕنەبوو بوو. دەسەلاّتی کەمالیستی جوڵانەوەی کوردی مارژینال کردبوو، هەروەها لەنێوان نەوەی کاراو چالاکی ساڵەکانی بیست و سی و نەوە تازەکاندا دابڕانێکی دروستکردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا، توندوتیژی فیزیکی نەیتوانی زەمینەی ناسیۆنالیزمی لەناوبەرێ، بەپێچەوانەوە پوتانسیلەکەی بەهێزتر کرد. وەکوو ئەوە لەبیرەوەرییەکاندا (قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی وا ئەوکاتانە لەتەمەنی لاوێتیدا بوون)) دەردەکەوێت، رەوتی تازەی کوردایەتی

لەوکاتەدا بەواتای خوێندنەوەی مێژوو قسەکردن بەکوردیو گەیشتن بەزانایی کوردبوون وکوردمانەوە دەهات. وەکوو ئەوەی لەیادەوەرییەکانی موسا عەنتەرو ناجی کوتلای دا دەردەکەوێت، لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٥٠دا ئەم ڕەوتە لەتەواوی شارەکاندا و بەتایبەت لەنێو خوێندکاراندا بڵاوبووەتەوە، ئەم ڕەوتە تازەیەی ناسیۆنالیزمی دوای ماوەیەکی دیار، لایەنی سیاسی(ئەگەر بەشێوەیەکی مارژیناڵیش بێت، لایەنی ڕێکخستنی)بەخۆوەدەگرت. ڕێکخستنی کۆمەڵەی رزگارکردنی کوردەکان کەزۆر زانیاریشمان لەسەری نییە، بەڵام کەسانی وەکوو موسا عەنتەر، موستەفا ڕەمزی بوجاخ، یوسف عەزیز ئۆغلو، زیا شەرەفخان ئۆغلو، فایق بوجاخ دەیانەویست دروستی بکەن یاخود دروستیان کردبوو، لەم بارەیەوە گرنگییەکی سەمبولیکی هەیە.

گروپی(٤٩)کان (چلو نۆکان) کە لەساڵی ١٩٥٩دا دەستگیرکران، لەجولانەوەی کوردیدا، یاخود لەژیانی سیاسیی تورکیدا رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو و کەسانی وەکوو سەعید ئەلیخی، شەرافەدین ئەلچی، نورەدین یلماز، مەدەت سەرحەد، سەعید قرمزی توپراك، جانبیب یلدرم، موسا عەنتەر، یاشار کایا، ناجی کوتلای، تێدابوون نیشانەی دەستپێکردنی قۆناغێکی تازە بوو. سەبارەت بە(٤٩)کان هیچ جۆرە کارێکی جیددی لەئارادا نییە، دەتوانرێت بگوترێت کەگروپێکی بێ فۆرم بووە بەمانای لایەنێکی ڕێکخراوەییان نەبووە، بەڵام کۆبوونەوەی گروپێکی دروست لەسەر بیری کوردایەتی بووە.

بەڵگەکانی(داوا یاخود دۆزی)ناجی کوتلایو بەڵگەکانی تری ئەو سەردەمە ئەوە نیشان دەدەن کە ئەنتلیجنسیای کوردی لەجولانەوەی ئازادیخوازی گەلانیتر، بەتایبەت گەلی جەزائیر کاریگەری وەرگرتووە. هەروەها ئەوەش دیاردەبێت کەئەم گروپەی وازۆربەیان لەدوای کۆمار لەدایك بوون، بەڵگەکانو وتارەکانی موستەفا کەمالیان لەسەر کورد-تورك لەساڵانی١٩١٩-١٩٢٠دا دۆزیوەتەوەو خوێندۆتەوە. بەمجۆرەش ئەو وتارانە وەکو بەڵگەی هەبوونی کورد رۆڵێکی گرنگیان لەزیندووکردنەوەی بیری نەتەوەخوازیدا دەگێڕا. کوردایەتی بەشێوەیەکی پڕ ناکۆکی(پاردوکسیکال)و لەرێگای ئەو کاردانەوانەی وا دروستی دەکردن پێشدەکەوت. کەمال بورقای کە لەنێوگروپی(٤٩) دا جێگای

خۆی نەگرتووە، بەڵام لەگەڵ لاوە ناسیۆنالیستەکاندا بووە، باسی نوسراوەیەکی لێکۆڵەر- ئاڤنی دۆغان دەکات کە لەرۆژنامەیەکدا کوردایەتی وەکوو((زەنگە مەترسیدارەکان)) ناوزەد دەکات. ئەم زنجیرە نوسراوە کەباسی ئەحمەدی خانی دەکات و دەڵێ ئارەزوی ئەم پیاوە لە سێ سەدساڵی لەمەوپێشەوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی نیشانەی ئەم مەترسییەیە دەبێت بەهۆی ئەوەی کەلاوەکان ئەم بەرهەمەی ئەحمەدی خانی بناسن کەتاوەکوو ئەو کاتە پێیان نەزانیبوو، شایانی باسە کەکاریگەرییەکی باشی دانابوو.

## پێشکەوتنە دوولایەنەکانی شەستەکان

کودەتای ساڵی ١٩٦٠ لەباری جوڵانەوەی نەتەوەیی کوردەوە بەواتای پێشکەوتنێکی دوولایەنە دەهات. جەمال گورسال م. شەریف فرات لەکتێبی((شارەکانو... رۆژهەلات کەکوردبوونی خۆیان رەتدەکەنەوە))و لەهەندێك لەقسەکانی خۆیدا باس لەوە دەکات کەکوردایەتی شتێکی زۆر مەترسیداربووە. دوورخستنەوەی(٥٥)ئاغای کورد لەدوای کودەتاو دەستگیرکردنەکانی ساڵی ١٩٦٣دا هەستیاربوونی حکومەتی تازەی لەم بارەیەوە نیشان دەدا. بەڵام یاسای سەرەکی ئامادەکراوی دوای کودەتا ئازادی قسەو رێکخستنی بەرفراوانترکردبوو. ئەمەش رێگای بۆ باسکردن لەسەرکێشەی رۆژهەلاتو بەبارهاتنی ئیمکانی خۆئیفادەکردنی ئەنتلیجنسیای کوردی کردبووەوە. قسەوباسو گفتوگۆکانی حفزی ئوغوزی سەرۆکی کاروباری ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانی تورکیا لەگەڵ وەزیری تەندروستی(یوسف عەزیز ئۆغلۆ) کە بەکەسێکی کوردپەروەر دەناسرا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبووە. هەروەها باسەکانی ئەحمەد حەمید بەشار کە لەکولتوورێکی لیبراڵەوە هاتبوو، لەسەر کێشەی رۆژهەلات لەگۆڤاری دونیای ئاشتیو دواتریش گۆڤاری((ئاراستە))دا رێگای بۆ قسەوباسی زیاتر کردەوە. لەسەرەتاکانی شەستەکانەوە ناسیۆنالیستی کوردی کەتازە سەری هەڵدەدایەوە دەستی بەکاروباری راگەیاندنو دواتریش کاری سیاسی دەکردو دەبوو بەهێزێکی گرنگ.

نوسینەکانی عاشق ئیحسانی، شوکری یاستمانو وتارەکانی ئیسماعیل بێشکچی لەکۆتایی شەستەکانەوە بوو بەجێگای سەرنجێکی گەورە لەنێو لاوانی زانکۆو خوێندەواری کورددا. بڵاوبوونەوەی مەمو زینی ئەحمەدی خانی وەکوو

گرنگترین بەرهەمی کلاسیکی کوردی لەساڵی ١٩٦٨دا ئەوەی دووپات دەکردەوە کەکوردی زمانی نوسینی هەیەو ئەمەش زۆر گرنگ بوو. باسکرانی کێشەی کورد لەنێو گۆڤارە چەپەکانی وەکوو(ئانت- چەپی تورکیا- رۆشنایی)و وەرگێڕانی هەندێك نوسراوی لینین‌و ستالین لەسەر کێشەی نەتەوەیی بەزمانی تورکی، رەواییەکی باشی بەکوردایەتی بەخشی. وەکوو ئەوەی کەدواتریش ئاماژەی پێدەکەم، وتاری چەپی بۆ جووڵانەوەی کوردی بەواتای گەردونی بوونێکی تر دەهات.

بەرێگای ئەم گوتارەوە بزاڤی ناسیۆنالیستی کوردی واهەستی دەکرد کەنوێنەری نەتەوەیەکی بندەستەو چارەنووسەکەی خۆی لەگەڵ پرۆلیتاریاو گوندییەکان دەکرد بەیەك. بۆچوونی مارکسیزم- لینینزم سەبارەت بەکێشەی نەتەوەیی‌و رووکردنە چەپایەتی(چەپ)ی رۆشنبیرە کوردەکان‌و هۆی جێگرتنی لاوانی کورد لەپارتی کرێکارانی تورکیا و(لاوانی- شۆڕشگێڕدا)(Dev-Gens)ی روونده‌کردەوە. دەتوانرێت بگوترێت کە لەکۆتایی شەستەکاندا، ئەم ناسیۆنالیزمە تازەیەی کوردی لایەنێکی کولتوری‌و یاسایی بنەڕەتی هەبووە. داواکارییە گشتییەکان پەیوەندییان بە بەشی کوردی رادیۆو بوونی زمانی کوردی بەزمانی پەروەردەیی‌و راگەیاندن‌و پێشخستنی باری ئابووری هەرێمەکانی کوردستان‌و رێزلێنان لەئازادییە یاساییەکانەوە هەبوو. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا لەهەندێك شوێندا بینراوە کەهەندێك لەرۆشنبیرە کوردەکان سەبارەت بەستاتۆی سیاسیی کوردستانیش داواکارییان بەرزکردۆتەوە.

بۆ نموونە پارلەمانتاری سابك(sabik) کەناوی موستەفا رەمزی بوجاخ بووە، لەدوای ئەوەی کە لەتورکیا دەردەچێت نامەیەك بۆ عیسمەت ئینۆنۆی سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتە دەنێرێ‌و لەو نامەیەدا باسی ئەوە دەکات کە: کوردبوون‌و کوردایەتی بەئەندازەی تورك بوون‌و تورکایەتی خۆشەویست‌و بەتامە، بۆیە پێویستی بەرێزلێنان‌و ژیانکردن هەیە، شایانی باسە ناوبراو لەونامەیەدا باس لەبیری دروستکردنی فیدراسیۆنی کوردو تورك دەکات. ناوبراو لەنامەیەکدا کەبۆ یوسف عەزیز ئۆغلۆوی نوسیوە تیایدا دەڵێ:((مافی دەسەڵاتی دەوڵەتی

کۆماری تورکیا لەسەر کوردستان، لەمافی دەسەلاّتی فەرەنسەییەکان بەسەر جەزائیرەوە زیاتر نییە.

## تێپەڕبوون لەناسیۆنالیستی کوردیەوە بەرەو وتاری چەپ

لەم قۆناغەدا جوولاّنەوەی کوردی تایبەتی بوونێکی تەواوی بەخۆوە نەدی‌و بەهەڵسەنگاندنی ئەو سەمبول‌و وتارە کۆمەلاّیەتیانەی وا بەکاریان دەهێنا، دیارەبێ کەدوو بابەت راستی ئەوانەی بەهێز دەکرد. یەکەمینی ئەمانە راپەڕینی بارزانی لەکوردستانی عێراق بوو. ئەم راپەڕینە کە لەساڵی ١٩٦١دا دەستی پێکرد لەنێو کوردەکانی تورکیاو ئێران‌و سوریادا پێشوازییەکی باشی لێکرا. ئەم راپەڕینە وەکوو راپەڕینەکانی تری کوردستان سنووری تێپەڕ دەکرد، هەربۆیەش بوو بەهۆی ئەوەی جوولاّنەوەی کوردی لەتورکیا بتوانێ بەئاسانی خۆی تایبەتی بکاتەوە. وەکوو ئەوەی کەپێشتر باسم کرد گروپێکی دۆستانەی وەکوو(٤٩)کان دەیتوانی بەرێگای جوولاّنەوەی بارزانی‌وە ببێت بەرێکخراوێك. پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا کە لەساڵی ١٩٦٥دا دامەزرا لەدوای رێکخراوی خوێبوون لەساڵانی ١٩٣٠ یەکەمین رێکخراوی کوردی بوو. لەساڵانی سەرەتاییدا وەکوو درێژاییەکی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بوو، لەدوای کوژرانی فایق بوجاخ دکتۆر سەعید ئەلچی ئەم پارتەی بەڕێوەبرد.

(Gerard- Chaliand)جوولاّنەوەی بارزانی وەکوو گەورەترین جوولاّنەوەی گەریلایی ساڵانی شەست دەزانێ، لەهەمانکاتیشدا بەبۆچونی ئەو هەتا دوایی موحافەزەکارو رۆژئاواگەراش بووە.

سەرۆکایەتی جوولاّنەوەکە پشتی بەتۆڕێکی گەورەی خێلاّیەتی دەبەست‌و لەبابەتە گشتی‌یەکانی وەکوو ریفۆرمی زەوی لەوتاری چەپ دووربوو. بەلاّم جوولاّنەوەیەکی شەڕی گەریلایی(بەواتای خشتەگەری هێز رادیکالی چەپی گەنج دەهات). لایەنێك لەم گەنجانە ئەندامی حیزبی کومونیستی عیراق بوون. لایەنێکیتریش لەنێو KDP دا بەشێوەیەکی چالاك کاریان دەکرد. ئەم هێزی گەنجە هەم لەتەرمینولۆژییەکی تازەو هەم لەپراکتیکێکی تازەوە تێپەڕ دەبوو. بۆ نمونە کاتێك بۆ یەکەم جار ناوی شەڕی گەریلایی وەکوو شۆڕش دانرا ئەمە

لەلای گەنجەکان زیاتر لەراپەڕینێك زیاتر مانای شەڕی دەداو پاشاگەردانیو شۆڕشی بەیاد دەهێنا(سالآنی دواتر وشەی شۆڕش لەکوردیدا واتایەکی تری بەخۆدەگرت)لەگەڵ ئەوەی کەئەفسانەی پێشمەرگە(ئەو کەسەی بەرەو پیری مەرگ دەچێ)لەگەڵ پێشکەوتنی شەڕدا دروست بوو، فیگۆری کلاسیکی ملیتانی چەپیش پێشدەکەوت.

لەساڵی ١٩٦٦دا کەئیبراهیم ئەحمەدو جەلال تاڵەبانی لەبارزانی جیابوونەوەو تەنانەت لەگەڵ بەغدادیش دا هێرشیان کردە سەر بارزانی، مۆدێلێکیان پێشخست کەئەو تەیارە چەپەی رازی دەکردو چارەیانی دیاری دەکرد. سەرۆکایەتی KDP ی تورکیاش وەکوو KDP ی عیراق لەچینی موحافەزەکاری کورد(سەرۆك عەشیرەتەکان، تەریقەت، شێخو بازرگان)بوون. کەسانی وەکوو پارێزەر فایق بوجاخو دکتۆر سەعید ئەلچی کەخوێندەواربوون، گرنگیو، بایەخیان بەپەروەردەو گەشەکردنی دەوروبەری خۆیان دەدا. بەلآم ئەم دەستەکادێرە زیاتر کەسایەتی شێخ سەعیدیان بەبنەما وەردەگرتو لەوتاری چەپو ئەنتلیجنسیای کوردی سالآنی ١٩٣٠وە دووربوون، بەلآم وەکوو KDP ی عیراق لە KDP ی تورکیاشدا وتاری چەپ کاریگەری لەسەر لاوان دانا وئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کەفیگۆرێکی چەپی جیاواز کە لەفیگۆری ناسیۆنالیستی کلاسیك دەرکەوێت. دکتۆر شوان کەدواتر باسی لەسەردەکەم نموونەی ئەم فیگۆرە بوو. چەپی تورك دینامیکێك بوو کە لەباری ئۆرگانێكو ئایدۆلۆژییەوە جووڵانەوەی کوردی بەخۆوە دەبەستەوە. بۆچوونی کوردایەتی بەستراوە بەچەپەوە لەدوای دووبەشبوونی(٤٩)کان بە ناسیۆنالیستی چەپو راستەوە پێشکەوت کەریشەی کۆمەلآیەتیی جیاوازیان هەبوو. قۆناغێکی پڕ لەجووڵە بوو(٤٩)کان مۆری خۆیان لەسیاسەتی شەستەکان دابوو، بۆیە رەوتە راستگەراکانی ناسیۆنالیستی کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو.

نەبوونی توانایی راستگەراکان بۆ دروستکردنی گوتارێکی لیبراڵ لەبەرامبەر ناسیۆنالیزمێك کەچەپ رەوایی پێ بداتو لەگەڵ ئەوەشدا بەمەترسی لەقەڵەم دانی ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کەئەم رەوتە مارژینال ببێو بگاتە ئەو ئاستەی کەهەندێك لەوانە لەپارتی عەدالەتدا جێگا بگرن.

کوردایەتی رەواپێدراو لەلایەن چەپەوە داخوازی سنورداریان هەبوو. تەنیا کاریان بڵاوکراوەی سنوردارو کار لەکوردستاندا بوو (بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەو بیرە). رۆشبیران و خاوەن کارە ئازادەکان و لاوەکان لەمەدا جێگای خۆیان دەگرت، شایانی باسە ئەمانە لەجێگا بڕیاردەرەکانی پارتی کۆمۆنیستی تورکیادا نوێنەرایەتیان هەبوو. وردە وردە لەکوردستاندا دەنگیدایەوە. بۆ نمونە بەرگدرووخانەکەی مەهدی زانا لەسیلوان بوو بەجێگایەکی وەکوو زانکۆ کە کوردایەتی و چەپی تێدا باس دەکرا.

نیو سەدە لەدوای ئەوەی کەگوتاری سیاسیی نەتەوایەتی کوردی لەدایك بوو، گوتاری نەتەوە بچوکەکانی ئەوروپا (میلۆسۆیچ بورچ) کە دەیگوت ئینتلیجنسیای نەتەوەیی سنووری تەنگی خۆی بەجێ دەهێڵێ و دەبێ بەگوتاری گشتی شارو بڵاودەبێتەوە.

بەڵام ئەم پێشکەوتنە کە لەسایەی وتاری چەپەوە پێشکەوتبوو، تێپەڕبوون لەنەتەوەگەرایشی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا. وتاری چەپ هەم گەردوونی و ناونەتەوەیی بوونی بەرەوا دەزانی. هەم وەکوو لەنێوان کێشەی نەتەوەیی و گرووپە جیاوازەکاندا پەیوەندییەکی دروستدەکرد. بەمجۆرەش لەگەڵ ئەوەی کەهێماکانی نەتەوەگەرایی کلاسیکی بەرنەدا، جووڵانەوەی کوردی ناوەڕۆکێکی لەولای نەتەوەگەراییەوە بەخۆوەگرتبوو و خۆی بەبەشێك لەکرێکارو گوندی و گەلانێك دەزانی لەدژ بەئەمپریالیزم شەڕیان دەکرد.

ئەم تایبەتمەندییە دوولایەنەی جووڵانەوەی کوردی زەمینەیەکی کۆمەڵایەتی بەهێزی باشی پێبەخشی بوو. بۆ نموونە لەمیتینگ و ڕێپێوانەکانی ساڵی ١٩٦٧دا ژمارەیەکی زۆر لەخەڵك لەحەوت شاری کوردیدا بەشدارییان کردبوو.

## تایبەتی بوونی جوڵانەوەی کوردی
## یەکە شۆڕشگێڕەکانی کولتووری رۆژهەڵات

تایبەتی بوونی جوڵانەوەی کوردی لەتورکیا کە لەژێرکاریگەری جوڵانەوەی کوردی عیراق و چەپی تورکیاوە پێشکەوتبوو لەکۆتایی ساڵەکانی شەست مومکین دەبوو. دروستبوونی (حەرەکەتی کۆماندۆکان) کە لەسایەی هەندێك

رۆژنامەنووسی وەکوو ئیسماعیل جەمەوە راگەیانراو رای گشتی تورکیایان ئاگادارکردەوە کەکەسێکی نزیکی چەپ بوو، لەنێو خەڵکی کورددا کاردانەوەیەکی خراپی هەبوو پێشوازی لێ نەکرا. ئەمە باسکردنو دەستێوەردانی کێشەی نەتەوەیی کورد لەدەرەوەی سۆسیالیزم بوو. بەڵام ئەمە دواتر(تێکۆشانی چەکداری)لەنێوچەپی تورکیدا باسی زۆری لەسەرکراو لەنێوکوردیشدا بوو بەهۆی رادکالێتربوون. لەگەڵ ئەوەی کەجووڵانەوەی بارزانی لاواز نەکەوتبوو، بەڵام ئیدی جووڵانەوەی کورد لەتورکیا خۆی وەکوو درێژایی جووڵانەوەی کوردی عیراق نەدەزانیو رەتی دەکردەوە . ئەم رادیکاڵ بوونە بوو بەهۆی ئەوەی کە لەکۆنگرەی چوارەمی پارتی کۆمۆنیستی تورکیادا کەوا شوێنێکی بڕیار وەرگرتن بوو و کوردیش لەوێدا نوێنەری زۆر هەبوو، کێشەی کورد لەتورکیادا بەشێوەیەکی رەسمی بناسرێت(ساڵی ١٩٧٠). لەساڵی١٩٧٠دا گروپێکی بەرچاو لەکوردە خوێنەوارەکانی زانکۆ بڕیاری جیابوونەوەیان لەچەپی تورکیداو رێکخراوێکیان بەناوی یەکەکانی شۆڕشگێڕی کولتووری رۆژهەڵات دامەزراند. ئەم پێشکەوتنە رێکخستنییە بەمانای تێپەڕکردنی دروشمی((گەلی تورك)و(کێشەی سۆسیالیزم) وگەیشتن بەدروشمی(گەلانی تورکیا)و(کێشەی رزگاری نەتەوەیی)دەهات. لەبولتەنی یەکەمی(DDKO)ئەو رێکخراوەدا کە ٣٠٠,٠٠٠ نوسخەی لێ چاپ دەکرا بانگەوازی تێکۆشان لەبەرامبەر ئیمپریالیزمی ئەمریکاو بەکرێگیراوە هەرێمییەکانیو ئاغا موڵکدارەکانو سەرمایەداری گەورە دەکراو بانگی پێشخستنی کولتووری شۆڕشگێڕانەی خەڵكو بڵاوکردنەوەی دەکرا. ژمارەکانی تری ئەو بولتەنە(کۆماندۆکانی گەلی) دەگرتەبەر رەخنەو سەبارەت(بەجوڵانەوەی گەل لەرۆژهەڵاتدا) زانیاری دەداو پێشنیاری دروستکردنی بەرەیەکی لەبەرامبەر فاشیزم دەکرد. جیاوازی سوننەو عەلەوی- رۆشنبیران- رۆشنبیرانی کورد-و.. هەندێك لەبابەتە هەمیشەییەکانی بولتەنەکە بوون.

DDKO لەهەمانکاتدا پێشکەوتنخوازی بەشێوەی کەمالیزمی دەگرتە بەر رەخنەو لەبەر رۆژئاوایی بوونو بوونیان بەمیسۆنەری رەزامەندانەی کاپیتالیزمو ئیمپریالیزم رەخنەشی ئاراستەی هەندێك لەرۆشنبیرانی چەپ دەکرد.

DDKO بەشێوەیەکی سروشتی هێڵێکی هاوشێوەی چەپی تورکیای هەبوو کەلێوەی دەرکەوتبوو.

بەڵام لەم هێڵەدا زیاتر جەخت لەسەر راستی کورد دەکرایەوە. یەکەمین بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دامەزراندنی گشتی ئەم یەکانە بەم شێوەیە دەبوو:

١-لەنێو یەکپارچەیی تورکیادا کوردیش هەیە.

٢-زمانی کوردی زمانێکە کە لەتورکیادا قسەی پێدەکرێت.

٣-ئەم هەبوونە یەکێتیەکی کولتووری تایبەت بەخۆی دروستکردووە.

٤-کوردەکان لەرۆژهەڵاتو باشووری رۆژهەڵاتی ئەناتۆلیادا لەسەر ئابووری بازارێکی هاوبەش کۆبوونەتەوە.

دووهەمین ئەنجامی ئەم بەرادیکاڵ بوونە ئەوەبوو کەسەعید قرمزی توپراكو دکتۆر شوان لەپارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا جودابوونەوەو دەستیان بەشەڕی چەکداری کرد. لەقۆناغی ١٢ی مارت دا کوژرانی سەعید ئەلچی سەرۆکی(PDK.T) بەدەستی دکتۆر شوانو دواتر ئیعدام کرانی دکتۆر شوان بەفەرمانی بارزانی بوو بەهۆی ئەوەی کەکارەکەی دکتۆر شوان هەروا بمێنێتەوە، لەلایەکیتریشەوە بوو بەهۆی کشانەوەی جولانەوەی کوردی وەکوو چەپی تورکیا, لەلایەکی تریشەوە بوو بەهۆی ئەوەی کەوەکوو جاران نزیکایەتی لەبارزانی نەکرێت.

## قۆناغی کشانەوەی جووڵانەوەی کوردی
## ١٩٧١-١٩٨٤

ئەگەرچی جولانەوەی کوردی بەقەدەر چەپی تورکیا زەربەی بەرنەکەوت کەهەموو سەرکردە رادیکاڵەکانی بەجارێ کوژران بەڵام ئەویش لەدوای کودەتای ١٢ی مارت لاوازتربوو. رادیکاڵ بوونی رژێم کەوەکوو فاکتەرێکی کاریگەر لەسەر گۆڕانکارییەکان بوو لەگەڵ ناکۆکی نێوان(ئەلچی وقرمز توپراك)بوو بەهۆی کشانەوەی جولانەوەی کوردی. زیندانی دیاربەکر بوو بەزانکۆیەك کەباسی کێشەی کوردی تێدا دەکرا. بەڵام رۆشنبیرانو خوێندەوارانی ناو زیندانیش بەسەر چەند رەوتی جیاوازدا دابەشبووبوون. رۆشنبیران دەستیان بەدامەزراندنی پێکهاتەیەك کرد کەزۆرترکاری راگەیاندنی

دەکردو دواتر وەکوو رزگاری دەناسرا. لایەنگرانی سەعید ئەلچی وەکوو PDK کاریان دەکرد، بەڵام ئەوانەی قرمزی توپراك هەولی دامەزراندنی(کۆمەڵە شۆڕشگێڕەکانی کولتووری رۆژهەلات(DDKD)یان دەدا. هەروەها کەمال بورقای کە لەچەپی تورکی دابڕابوو ئامادەیی دامەزراندنی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا(دواتر بەس پارتی سۆسیالیستی کوردستان)بوو کە بەرێگای ئازادی دەناسرا دەکرد. هەرچوار هەوڵەکەش دەیانویست لەچوارچێوەی دیموکراسیدا لەتورکیا کێشەی کورد چارەسەر بکەن. هەرچوار لاش خەباتی یاسایی‌و نایاساییان کردبوو بەیەك‌و بەدوور لەتوندوتیژی کاریان دەکرد. DDTDو رێگای ئازادی زیاتر هێلێکی نزیك بەیەکێتیی سۆڤیەتیان هەبوو. بەڵام(PDK و رزگاری)خۆیان لەدەرەوەی ناکۆکی چین- سۆڤیەت هێشتەوە. لەگەڵ لەت بوون‌و(انشعاب)ەکانی چەپی تورکیادا کشانەوەی جولانەوەی کوردی زیاتر لەهۆی ئایدۆلۆژی زۆر هۆکاری ئەسبابی سۆسیۆلۆژیکانەیان هەبوو، لەڕاستیدا ئەم پەرت‌و بلاوەییەی جولانەوەی کوردی لەئەنجامی قەبوڵ نەکران‌و یاسایی نەبوونی کێشەی کورد لەلایەن دەولەتەوەو نەبوونی میکانیزمەکانی کۆنترۆڵ‌و هاوسەنگی دەسەلاتی ناوخۆوە دەهات. لەگەڵ ئەمەشدا جولانەوەی کوردیش وەکوو چەپی تورکیا لە(سەندرۆمێکی)بەپەلەبووندا بوو و رێکخراوەیی بوونی لەکارەکانی داهاتوودا وەکوو مەرجی مانەوە لەقەلەم دەدا. ئایدۆلۆژی سنووری جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەیەك‌و ئەوانیتری دیاری دەکرد. جولانەوەی کوردی کەوەکو چەپی تورکیا مەحکومی نایاسایی بوون کرابوو، بۆیە دواترین شانسی ئەم جولانەوەیە ئایدۆلۆژیانە بوو بەڵکو مەسەلەی سۆسیالیزاسیۆن بوو کەپەیوەندییەکانی هاوولاتیبونی لەخۆدەگرت. ئەو قۆناغە کورتەی کە بەدوای لێبوردنێکی گشتییەوە بوو دەتوانرێت وەکوو قۆناغی خۆکۆکردنەوە پێناسە بکرێت. ئەم خۆکۆکردنەوەیە هاوکات بوو لەگەڵ راوەستاندنی تێکۆشانی بارزانی(ئاشبەتاڵ) لەساڵی ١٩٧٥دا. کۆتایی هاتنی جولانەوەی بارزانی بۆ لایەنە ناسیۆنالیستە چەپە کوردەکان سێ واتای هەبوو. بەر لەهەمووشتێك ئیدی ئەکتەرێکی پالپشت بۆ جولانەوەی کوردی تورکیا نەمابوو. ئەمەش دەبوو بەهۆی

خێراتربوونی پرۆسەی تایبەتی بوونی جولانەوەی نەتەوەیی کورد لـەتورکیا کـە لەساڵەکانی شەست دا هەنگاوی بۆ هەڵگیرابوو. دوهەمیش ئەوەبوو کـەکۆتایی چاوەڕواننەکراوی جولانەوەی بارزانی کـەرۆڵی پاڵپشتی بـۆ جولانـەوەی کـورد لەتورکیا دەگێڕا، جولانەوەی کوردی تورکیای خستبوە ناو شـۆکەوەو رووبـەڕوی بەرپرسـیارێتی تـازەتری هێشـتبووەوە. ئـەم جولانەوەیـە کـە لـەڕوی دروشـمە سەمبۆلەکانیەوە لەهەموو کاتێکیتر زیاتر کوردستانی بـوو بـوو، ئیـدی خـۆی وەکوو ئەڵقەی دوای جولانەوەی سنور بەزێنی کوردی دەبینی کەهـەموو سـەدەی بیستی دەگرتەوە. بەجۆرە لەشاگردییەوە پلەی مامۆستای بەدەست هێناو، ئیدی پێویست بوو کەببێت بەئەکتـەرێکی کـورد لەڕۆژهـەلاتی ناوەڕاسـت داو ئـەو بۆشاییە پڕبکاتەوە وەکوو دواییش جولانـەوەی بـارزانی و کۆتاییەکـەی ئـەوەی پیشان دا کەسیاسەتی پشت بەستوو بە-ئەمریکا- رۆژئاوا -ئیسرائیلو ئێران- سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ، بۆیە ئەمە بوو بەهۆی رادیکاڵتربوونی جولانـەوەی کوردی لەتورکیا کەبەرەو چەپ رۆیشتبوو(سـاڵەکانی شەسـتەکان). هـەروەها گەڕان بەدوای بۆچوونو دیدگایەکی تازەشدا وەکوو فاکتەرێك کاری دەکردە سەر قووڵکردنەوەی کشانەوەکەی چینو سۆڤیەتو(دواتریش ئەلبانیا)کـە لەسـالانی ١٩٧٠دا بوون بەهۆی دروستبونی جیاوازی لەنێوان چەپی تورکیداو کاریگـەری لەسەر جوولانەوەی کوردیش دادەنا. رێکخراوی(کـاوە)کـەزانیاری زۆری لەسـەر نییە، بـەلام بـەگوێرەی بلاوکراوەکانیـان دەیانویسـت وتـاری ماوچیێتی بکـەن بەکوردی، لەساڵی(١٩٧٦-١٩٧٧)دا دامەزراو لەنێو لاوانی کورددا پێشـوازی باشی لێکرا. شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە لەسەر ئـەم جولانەوەیـە لـەحاڵی حازردا مومکین نییە(چونکە پێویستی بەکارێکی زۆر لەسەر هەلومەرجی ئەو کـات هەیـە). لەگـەڵ ئەمەشـدا دەتوانرێـت بگوترێـت کەملیتانـەکانی ساڵەکانی(١٩٧٠)پێکهاتەیەکی جیاوازیـان لەناسیۆنالیستەکانی سـاڵەکانی شەست هەبوو. ئەوە دەبینرێت کە لەجولانـەوە کوردییـەکانیش دا هـەر وەکـوو بزاڤـە تورکییـەکان خوێنـدکارانی زانکـۆو خـاوەن کارەکـان جێگـای خۆیـان لەجولانەوەکەدا دەگرنو رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت بیر لەوە بکرێتەوە کەملیتانەکان لەبنەماڵە ئەریستۆکراتەکانەوە نەهاتوون، بەڵکو

زیاتر لەچینی لاوە گوندییەكانەوە یاخود لەنەوەی یەكـەمی لاوە شـارییەكانەوە هاتبوون.

ئـەم راسـتییە دواتـر لـەدوای دەركەوتنـە مەیـدانی PKKو KUK دا بەشێوەیەكی ئاشكراتر دیاربوو. لەهەمانكاتدا ئەگەر بەشێوەیەكی سنووداریش بێت ئەوا سیمای وەكـوو((بەهجـەت جـان تـورك))كەكەسـێكی سـەركۆلانیو (قەبـەدایی)بـوو وئاسـتی خوێندەواریشـی كـەم بـوو، لـەوتاری چـەپو ناسیۆنالیسـتیەوە كاریگـەرییان وەرگرتبـوو ئیمكـانی كـارو پاراسـتنیان بـۆ ملیتانەكان دابین دەكرد. ئەم بەرزبوونەوەی چینە خوارووەكـانی نـاو كۆمـەڵگا بەشـێوەیەكی سروشـتی واتـای كۆتـایی پـێ هـاتنی میكانیزمـەكانی كۆمەلایـەتیكردنی پشت بەسـتوو بـەخێڵو هاوشـارییەتی دەهـات. لەگـەڵ پێشكەوتنی ئەم نەوە تازەیەدا كاریگەری لایەنە موحافـەزەكارە ناسیۆنالیسـتە نەرێتییەكانی كەم دەكردەوە كەوا زیاتر نزیكی پارتی عەدالەت(AP) و پـارتی سۆسیالیستی نەتەوەیی(MSP)بوون.

## بادانەوەیەك بەرەو توندوتیژی

ئەم خۆكشانەوەیە كەپێشتر كاری یاسایی لەبەرنامەی خۆی دانـابوو، دواتـر بەدروستبوونی پارتی سۆسیالیستی كوردسـتانی توركیـا(TKSP)-DDKD-رزگاری- كاوەو رێكخراوەكانیتر كە نایاسایی بـوون لایـەنی نایاسـایی خۆشـیی پیشان دا. لەساڵەكانی ١٩٧٦-١٩٧٨ چەندین پێكهاتەی جیاوازتر, لەئەنجامی پەرتو بڵاوەیی ناوخۆی ئەو بزوتنەوانە هاتنەئاراوە ئەمانە لـەباری گوتارییـەوە توندوتیژییان رەتنەدەكردەوە. لەلایەكی تر جولانەوەی كورد هەوڵی پێشخسـتنی خۆی لەباری تیۆریو لایەنگیری جەماوەرییەوە دەدا.

سەركەوتنی كاندیدە سەربەخۆكانی شارەوانییەكانی(ئاگریو دیاربـەكر)كـە لەلایەن(TKSP)بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ پشتیوانیان لێدەكرا نیشـانەی ئـەوە بوو كەجوولانەوەی كوردیی لەروی جەماوەرییەوە پێشكەوتنی بەرچـاوی بـەخۆوە بینیوە.

پێشکەوتنی باری تیۆریش ئەوە بوو کەئێدی گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی وا کوردستان هی تورکیاو ئێرانو عیراق نییەو بەشێك لەوان نییە، بەڵکو لەلایەن ئەوانـەوە دابەشـکراوە. ئـەنجامێکیتری تیـۆری ئـەم تیـۆرە تازەیـە ئـەوەبوو کەجولاّنەوەی کوردی خۆی بەبەشێکی مێـژووی کـورد لەرۆژهـەلاّتی ناوەڕاسـت دەزانـیو لەبەرئـەوەش لـەباری یاسـاییو سیاسـییەوە ئەگـەری دروسـتبوونی کوردستانێکی سەربەخۆو یـەکگرتووی رەتنـەدەکردەوە. بیرەوەرییـە نوسـراوەکان نێـوان سـاڵی ١٩٢٠-١٩٦٠و کتێبـەکانی ئیسـماعیل بێشکچـی کەبـەرەی کەمالیستی دەگرتە بەر رەخنە، پشتیوانێکی مادیو مەعنەوی ئەم تیۆرەبوون.

سـاڵی ١٩٧٥ تـاوەکوو ١٩٧٧ زیندووبوونەوەیـەکی گـەورە لەهەرێمـە کوردییەکاندا دەبینرا.

بۆ نموونە سەردانی ساڵی ١٩٧٥ی ئالپ ئارسلان تورکیشی سەرۆکی MHP بۆ دیاربەکر لەلایەن خەڵکەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان پرۆتێست کـرا، هەربۆیـە ناوبراو ناچارما کە لەفرۆکەخانەکەوە دووبارە بگەڕێتەوە. ئەمە لەکاتێکدا بـوو کەجووڵانەوەی کوردی سەرەڕای ئەوەی کە لەباری تیۆریکەوە وتـاری شـەڕی دژی داگیرکەران وەکوو شتێکی سیاسی پەسەند دەکرد، بەڵام لەپراکتیـدا بـەرێگای ئەو ئاکتیویزمەی کەوا توندوتیژی رەتدەکردەوە، ئەم بۆچوونە ریفۆرمیزەکرا ئەو توندوتیژییانە وا تەواوی تورکیایان گرتبووەوە ئـەو پێشـکەوتنانەی وا(MHP) لەهەرێمە تێکەڵاوەکانی عەلەوی- سوننەو کورد تورك بەخۆیـەوە بینـیو ئـەو بەرنامانەی کەوا بۆ عەلەوییەکانی دانابوو، بـوون بـەهۆی ئـەوەی کەچـەپیش لەهەرێمە کوردییەکاندا بکەوێتە ناو شەڕێکی مانو نەمان لـەدژی دەوڵـەتو راستگەرایی.

رۆیشتنی جولاّنەوەی کـوردی بـەرەو توندوتیـژی لەکـەشو هەوایـەکی بـەم جۆرەدا پێك هات. پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیا کـە لـەنێو کاسـبکار- زانایـانی ئـایینیو پیشەسـازانی کـورددا بەشـێوەیەکی بـاش جێگـای خـۆی کردبووەو، بوو بەدوو بەشەوە. بەگشـتی بـاڵی گـەنجیPDK کـەملیتان بـوونو بۆچوونی چەپیان هـەبوو لـە(PDK.T)جیابوونـەوەو ورێکخراوێکیـان بـەناوی

رزگاریخوازانی نەتەوەیی کوردستان دامەزراند(KUK)کەشەڕی چەکداری کردبووە ئامانج.

ڕێکخراوی دووهەمیش ئەو گرووپە بوو کە لەساڵی ١٩٧٤دا لەلایەن عەبدوڵڵا ئوجالانەوە دامەزرا لەساڵی ١٩٧٨دا بەناوی(پارتی کرێکارانی کوردستان)خۆی رەسمی کردوە. PKK لەگەڵ دروستبوونی خۆیدا بڕیاری شەڕی چەکداری وەرگرت. ئەم ڕێکخراوە لەدوای کۆنگرەی دامەزراندنی خۆیدا لەبەرنامەی بڵاوکراودا باسی لەداگیرکراوبوونی کوردستان دەکردەو ئامانجی سەرەکی گەلی کوردی بەرزگاری نەتەوەیی لەقەڵەم دەداو کێشەی کوردی بەکێشەی ئازادبوونو یەکەوەبوونی چوارپارچەی کوردستان دەزانیو بەم شێوەیەی خوارەوە باسی شۆڕشی کوردستانی دەکرد:

((شۆڕشی کورستان سەرەڕای نەتەوەیی بوونو دیموکراتیك بوون دوو کاراکتەری هەیە، ناکۆکی نەتەوەیی، ناکۆکی نێوان کوردو دەوڵەتی تورکە کە ئیمپریالیزم پشتیوانییەتی. ناکۆکی دیموکراتیش، ناکۆکی نێوان گەلی کوردو ستەمی فیودالو نەریتەکان. یەکەمینو گرنگترین کێشەی نێوان ئەمانە ناکۆکی نەتەوەییە. شۆڕشی کوردستان لەسەر بنەمای هێزی گەنج- کرێکارو گوندی بەرێوەدەچێو شۆڕشی گەلە. ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی بەرەییە کەهەموو وڵاتپارێزەکان لەخۆدەگرێت. شۆڕشی کوردستان شەڕێکی گەریلایی دەمدرێژە. قۆناغەکانی شەڕی گەریلا پاراستنو هاوسەنگیو هێرشەو وەکوو میتۆدیش شەڕی چەکداری بەکار دەهێنێت. هێزە داگیرکەرەکانی تورکیاو بەکرێگیراوەکانیانو ئمپریالیزمی پشتیوانی ئامانجی ئەم شەڕە چەکدارییەن)).

لێکۆڵینەوەیەکی بەرچاو سەبارەت بە KUK و PKK نەکراوە. بەچاولێکردن لەوتەکانی خودی ئۆجالان وەها دیاردەبێت کەئەم ڕێکخراوە لایەنێکی نەزانراوی هەیەو لانی کەم(Mit)ویستویەتی لەناوەوە کۆنترۆڵی بکات، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ڕێکخراویش لەباری فیکرییەوە لاوازبوون. لەقۆناغێکدا کەرەخنەی چەك جێگای چەکی رەخنەی گرتبوو. فیکر تەنیا دەتوانی رەوا پێدەری توندوتیژی بێتو لەوە زیاتریش نەدەچوو. ئەو خاڵانەی کەوا هەردوو ڕێکخراوی بەیەك دەگەیاند ئەوەبوو کەهەردوو لەدوای روخانی بزاڤی

بارزانی پەیدابوون‌و پێیان وابوو کەنۆرەی کوردەکانی تورکیایەو خۆیان وەکوو نوێنەری کوردەکان رۆژهەلاتی ناوەڕاست دەزانی‌و پێیان وابوو کەدروستکردنی کوردستانێکی ئازادو یەکگرتوو تەنیا بەرێگای شەڕی چەکدارییەوە فەراهەم دەبێت.

هەردوو بزوتنەوەکە لەنێو لاوانی گوندنشین دا پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە دی‌و سەنتاکسێکی سیاسیان پێداون وقۆناغێکی کۆمەلایەتیکردنی کوردایەتی تێکەڵ بەتوندوتیژییان دەست پێکردبوو.

سەرچاوەی ئەم توندوتیژییە وەکوو چۆن لەهەندێك جێگایتری تورکیاشدا هەبوو، دەگەڕایەوە بۆدان نەنانی تورکیا بەجیاوازییە مەزهەبی- ئیتنیکی‌و گرووپیەکان‌و هەنگاونەنان بۆ چارەسەری کێشەکانیان. هێشتنەوەی سیاسەت لەبازنەیەکی تەنگداو دەستڕۆیشتوویی سوپا لەئیدارەی دەوڵەتدا لەهۆکارەکانی توندوتیژی‌و برەوپێدانی لەتورکیای سالانی ٦٠و ٧٠کاندا بوون. شارنشینی گرژییەکانی زیاتر کردبوو، فراوان نەکردنەوەی سیاسەت لەرێگای یاساییەوە، بوو بەهۆی ئەوەی کە ئیدارەی هەرێمی هەندێك لەشارەکاندا لەلایەن هەندێك ئەکتەر بەزۆر داگیر بکرێت و ئەنجامێکی مۆنۆپۆلیزەکراوی لێدەرکەوێت. قەدەغەکرانی هێما گرێدراوەکانی کوردایەتی بوو بەهۆی ئەوەی کەبەدەستهێنانی ئەمانە لەرێی توندوتیژییەوە سەرنجڕاکێش بێ،تێکشکانی جولانەوەی بارزانی لەکاتێکدا کەبەهێزبوو، شۆکەیەکی دروستکردبوو و بوو بەهۆی ئەوەی کەدۆزی کورد ناوەڕۆکێکی (ئەسکاتۆلۆژیك)* بگرێتەخۆی، ئەمەش ئەوەی وەکوو پێویستییەك دانابوو کەهەرچۆنێك بێ پێویستە هێرشێکی تر ئەنجامبدرێت.

* وەرگێڕ: ئەسکاتۆلۆژی: لەواتای وشەدا بەشێکی زانستی خودا ناسییە کەباسی کۆتایی هاتنی دونیا دەکات. بەلام لەلیتەراتۆرە سیاسییەکەدا بەواتای وەزعێکی قەیران‌و ئالۆز کەپێویستە هەموو هێزو دوایین هەوڵدانەکانی بۆ بخرێتەگەڕ.

لەکۆتایی ساڵەکانی حەفتاو کودەتای ١٢ی ئەیلوول دا pkk و kuk لەگەڵ ئەوەی کەوازیان لەوتاری چەپ هێنابوو وردە وردە بەرەو گوتارێك دەچوون کەزیاتر گرانی دەخستە سەر کێشەی کورد ، ئەم وەزعە شتێکی پارادوکسیکاڵی دورستدەکرد. لەگەڵ کوردیتر بوونی جولانەوەکەدا pkk هێشتا هەندێك ملیتانی چەپی تورکی هەبوو و خۆی وەکوو میراتگری دەنیزگەزمیش، ماهیر چاپایانو ئیبراهیم کایپاکایاو بەردەوامی نەریتەکەیان دەزانی و وردە وردە خۆی وەکوو برا گەورەی چەپی تورکیش لەقەڵەم دەدا. لەکاتێکی ئاوەهادا جولانەوەی کوردی تورکیا خەریکی رێچکە شکاندن بۆ چەپی تورکیاش بوو. ئۆجالان لەدوای دوانزەی ئەیلوول ئەم رووداوە وەها دێنێتە سەرزمان: هەروەکو ئەوەی کەپێویستە شۆڕشی رزگاری نەتەوەیی کورد وەکوو رێچکە شکێنی شۆڕشی تورکیا ببینرێت. پێویستە ئەوەش بزانرێت کەچارەسەری کێشەی کورد لەلاوازترین ئەڵقەی تورکیایە وەکوو چۆن ئەرکێکی نەتەوەییە لەهەمانکاتیشدا ئەرکێکی نێونەتەوەییەو بۆ رزگاری گەلی تورکیاو پرۆلیتاریاو گەلانی جیهانی ستراتیجیەتێکی گرنگە.

لەم واتایەشدا جودابوونەوەی جولانەوە کوردییەکانو دەیان گروپیتر لەچەپی تورکیا لەساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨دا دابڕانێکی مێژووییە کەتایبەتمەندی خۆی هەیە. لەهەمانکاتیشدا بوو بەهۆی دروستبوونی هەندێك(میکرۆ- ئیقلیم) کەواتای هەبوونی خۆیان بەکوردایەتییەوە رەواپێدەدا. وەکوو ئەوەی کەپێشتر باسم کرد ستراتیجی شەڕی هەردوو حەرەکەتەکە لەپێشتر نەوەی پیری رەتی دەکردەوە، لەلایەن گەنجەکانەوە لایەنگیری زۆری لێدەکرا. بەڵام ئەم توندوتیژییە لەپێشدا بەرامبەر دەوڵەت نەبوو و زیاتر لەنێو خودی کوردەکاندا برەوی سەند.

دەتوانرێت بگوترێت کەئەم توندوتیژییە ناوخۆییە هۆی جۆراوجۆری هەبووە. بەر لەهەموو شتێك توندوتیژی وەکوو رووداوێکی کۆمەڵایەتی لەدەرەوەی گوتاری کوردایەتیش هەبوونی هەبووە کەرەوایی بەخۆبەخشیوە. لەپێوانێکدا بەکارهێنانی زەبروزەنگ جیاوازبوو لەوەی کەئەم زەبروزەنگە بەرامبەر کێ بەکاردەبرێ. توندوتیژی لەئەنجامی بەچەقبەستن گەیشتنی میکانیزمە کۆمەڵایەتیو پێوەلکانە ئابوورییەکانەوەو قەدەغەکرانی ئەو سەمبولانەی وا

لەگەڵ کوردایەتیدا بەیەك واتا دەگیردران، سەرچاوەی دەگرت. بەڵام ئەم توندوتیژییە بەمانایکۆنترۆڵ کرانو بەکارهێنانی لەبەرامبەر دەوڵەتدا نەدەهات. ئەمەش لەکاتێکدا بوو کەهەم kuk و pkk ش هەردوو خاوەنی پۆتانسیەلی نەوەی یەکەمی گەنجی شارنشینو لاوانی گوندی بوون. هەوڵدانی هەردوو گرووپیش بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەم نەوانە شتێکی مسۆگەر بوو. وەکوو شتێکی کۆتایی دەتوانرێت وەها بیربکرێتەوە کە KUK و pkk ش لەدەرەوەی هاوسەنگییە خێڵایەتییەکان نەماونەتەوەو ئەگەری ئەوەش هەیە کەناکۆییەکانی نێوانیان لەلایەن هەندێك هێزیترەوە بەکارهێنرابێ.

لەهەر حاڵەتێکدا دەتوانرێت بگوترێت کەئەم ستراتیجی توندوتیژییە لەکۆتایی ساڵانی ٧٠کاندا رێگای بۆ ئاڵۆزییەکی گەورە کردەوە. موسا عەنتەر بەم شێوەیە باسی ئەوە دەکات: ((من خۆم بەچاوی خۆم بینیم رێکخراوە کوردییەکان لەهەرێمە کوردییەکاندا بەبێ ئەوەی پێویستیان بەدەوڵەت هەبێ یەکتریان لەناودەبرد)). وەها مەزەندە دەکرێت کەئەم پێکادانانە سەدان گیانی وەرگرتووە. لەهەمانکاتیشدا دەتوانرێت ئەوە دیاربکات کەشەڕی pkk لەبەرامبەر عەشیرەتی(رامانەکانو بوجاتەکان)کەوەکوو بەکرێگیراوی متمانە پێکراوی دەوڵەت وفیودالیەت تاوانباری دەکردن، دەوڵەتی لاواز نەکردو تەنیا بەشەڕێکی ناوخۆیی لەقەڵەم بدرێت، کودەتای ١٢/ ئەیلوول کە لەسەرەتاکانی خۆیەوە لەهەموو جێگایەکی تورکیاو کوردستان pkk و kuk و رێکخراوە چەپەکانیتریشی غافڵگیر کرد. بەسەدان رۆشنبیرو ملیتانی کورد دەستگیرکران هەندێك لەمانە لەنێو زینداندا کوژران(هەندێك لەزیندانیانو ملیتانەکانی Pkk. سوتان لەنێو زیندان خۆیانیان سوتان. pkk بۆ پرۆتیستۆکردنی دەوڵەتو وەزعی زیندان خۆیانیان سوتان.

لەگەڵ ١٢/ئەیلوول دا خۆی کشایەوە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو بەکەڵك وەرگرتن لەناکۆکی نێوان تورکیاو سوریاو ئەو ئیمکانەیدا لەساڵی ١٩٨٢دا شەڕی لوبنان هێنابوویە ئاراوە لەسەر بنەمایەکی سەربازی دووبارە خۆی رێکخستەوە. Kuk و حیزبەکانیتریش وەکوو رێکخراوی دوورەخراوکراویان لێهات.

ئەم دوورخستنەوەیە لەماوەیەکی کورتدا بوو بەهۆی لەناوچوونی سیاسی. دواتر لەدەرەوەی پارتی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا هیچیان نەیانتوانی

هەبوونی خۆیان بەردەوام بکەن. لەگەڵ ئەمەشدا جێگیربوونی سەدان رۆشـنبیری کورد لەئەورووپا بوو بـەهۆی دروسـتبوونی((ناسـیۆنالیزمێکی دیاسـیۆری)) و پێشکەوتنی کار لەسەر کولتووری کوردی(لەم ماوەیەدا تەنیا لەسویسـرا ٨٠٠ بەرهــەم بڵاوکرایــەوە). ئەنیســتیتۆی کــورد لــەپاریس دامــەزرا لــەبواری دیپلۆماتیکەوە رۆڵێکی گرنگی گێڕا.

## ناسیۆنالیزمی کوردی لەدوای ١٩٨٤

pkk و kuk بـەر لـە١٢/ئـەیلوول لەسـەر بنـەمای توندوتیـژی لاوانیـان کــۆکردەوەو دەوروبــەری سیاســیان تــەنگ کــردوو رەوتێکــی ئاشــکرایی سوسیالیزاســیۆنی دەســتپێکرد, ١٢ی ئــەیلول بــەمانای لــەناوبردنی سوسیالیزاسیۆنی تێکەڵ بەتوندوتیـژی دەهـات، لەگـەڵ ئـەوەی کەبـەدیلێکی سوسیالیزاسیۆنی دوور زەبروزەنگ دروست ببێت. قەدەغەکردنی سـەمبولەکانی کوردایەتیو سەپاندنی کەمالیزمو تورکایەتی وەکـوو تاکـە ئایـدۆلۆژجی بـوو بەهۆی ئەوەی کەسۆسیالیزاسیۆنی لاوانی کورد بەنهێنی کاربکات.

١٢/ئەیلوول کەئایدۆلۆژجیـە بیانییـەکانو کوردایـەتی وەکـوو نەخۆشـی دەزانیو کەمالیزمی وەکوو چارەی ئەمانە تەرح دەکرد، بەڵام نەیاندەزانی کـەبرا گەورەکانی pkk لەزیندانەکاندا چ کاریگەرییەکیان لەسـەر ئـەو منداڵـە(٨-١٢)ساڵانە هەیەکەوا خۆیان دەسـوتاند. ئـەم منداڵانـە کـە لەسـاڵی ١٩٨٤دا بووبوون بەهەرزەکار، رێگای گەیشتن بەسەرچاوەی سەمبولە قەدەغـەکراوەکانی کوردایەتیان لەپێکدادانی pkkو دەوڵەتدا دەبینی. لەم تەمەنە هەرزەکارییەدا، بوون بەگەریلا بـۆ ئـەم لاوانـە بـوو بـە شـتێکی پیـرۆزو فیـداکاری بـۆ ئایندەیەکی پڕ لەشکۆیان بۆ خۆ بەباشترین شت دەزانی.

## سێ چاوگی ناسیۆنالیزمی کورد لەساڵی ١٩٨٤

وەکوو دەزانرێت pkk لە١٥/ئاب ی ١٩٨٤ تاوەکوو ساڵی ١٩٩٩ شـەڕێکی چـەکداری دەسـتپێکرد. بـاڵی چـەکداری رێکخراوەکـە هێـزی رزگـاریی کوردستان(HRK) بەرێگای بەیاننامەیەکەوە شەڕەکەی راگەیاند کەئاوەهایە:

((گەلی وڵاتپارێزی کوردسـتان: تێکۆشـانەکەمان لەبەرامبـەر ئـەو هێـزە داگیرکەرانەدا کەوا بەسەدان ساڵە دەیانەوێ لەناومان بەرن بەرزدەبێتەوە، لـەم

چوار ساڵەی دواییدا زۆری زیاترمـان هاتۆتـه سـەرو خـوێنی زۆرمـان لێ ڕژاوە ئیدی کاتی لێپرسینەوەی ئەمە هاتووە. ئەمە ئەرکی هەر وڵاتپارێزێکی کـوردە کەدەیەوێ ببێ بەخاوەنی ئەم شەرەفە))

لەساڵانی سەرەتایی شەڕدا ڕووی ڕەخنەکانی PKK زیاتر لەسەر حکومـەتی ١٢/ ئـەیلوول بەدیکتاتۆرییـەکی فاشـی کـراوە لەقەڵـەمی دەداو کۆمـاری تورکیاو ملیتاریزمو میکانیزمی(سوپا- میللـەت))بـوو. بـەگوێرەی ئۆجـالان جوڵانەوەی ١٩٢٥/ پێکهاتەیەکی خێڵەکی و فیودالو ئایینی هەبوو.

ناوبراو دەیگوت کەجوڵانـەوەی ڕزگـاریخوازی نەتـەوەیی کـورد ئایـدۆلۆجی مارکسیزم- لینینزم بەبنەما وەردەگـرێو لەداواکارییـەکانی چینی بندەسـتو ڕەنجدەرەوە دەرکەوتووە.

ئۆجالان وەها بەردەوامی دەکرد:

-((چـەمکی تـازەی ڕێکخسـتن لـەلای ئێمـە زۆر پتـەوە، تاکتیکـەکانمان، تاکتیکی شەڕی گەریلایە. ئەمانەش بـەگوێرەی ڕابـردوو تـازەنو بنـەماکانی خۆڕاگرین)).

PKK داوای دامەزراندنەوەی دووبارەی کوردستانی دەکرد بـەئامانجی خـۆی کەدەبوو بەگرنگترین ئەڵقەی فیدراسیۆنی سۆسیالیستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـت. ئۆجالان پارتەکەی خۆی وەکوو جوڵانەوەی ڕزگاری مرۆڤایەتیو سۆسیالیزمیشی وەکوو سەرچاوەی هەموو ڕاستیو باشیو پارێزەری تایبەتمەندییە ئەرێنییـەکانی مـرۆڤ پێناسـە دەکـرد. pkk دەیویسـت بـەڕێگای ڕەخنـەکردنو لـەناوبردنی سیستەمی داگیرکەری- ئیمپریالیست جارێکیتر کۆمەڵایەتی بوونی سەرەتاییو یەکسانیو ئازادی کۆمەڵەی سەرەتایی مرۆڤ لەکۆمەڵگای تێکـەڵاوی ئـەمڕۆدا زیندوو بکاتەوە.

ئۆجالان بەم شێوەیە باسی گرنگییەکەی مارکسیزم- لینینزمی دەکرد: pkk بەر لەهەموو شتێك هێڵی ئایدۆلۆجی- سیاسیی خۆی بـۆ ڕزگـاریی نەتـەوەیی کوردستان لەمارکسیزم- لینینزمەوە وەردەگرێ.

بەقووڵ کردنەوەی مارکسیزم- لینیزم لەوڵاتدا، ئەوە دەکات بەرێنیشـاندەری هەموو کارو چالاکییەکان، لەڕاستیدا pkk بڕوای بەئایدۆلۆژییەکی بـەم جـۆرە

هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا بەپشتیوانی وەرگرتن لەو ئایدۆلۆجیەو قەبوڵکردنی بەئەندامانو لایەنگران ڕێگا لەبەردەم هەڵگرتنی چەکی پرۆلیتاریا دەکاتەوە. و بەرەو سەرکەوتن دەچێ.

ئەم پارتە جوداتر لەدەوروبەرە کوردییەکانو جولانەوە کوردییەکانی تورکیا کەزیاتر بەرەو سۆسیال دیموکراتی چووبوون هەر بەگوتارە کلاسیکە چەپڕەویەکانیەوە گرێدراومایەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا pkk بەرەخنەگرتن لە ناسیۆنالیزمی سەرەتایی، وتارێکی تازەی ناسیۆنالیستی پشت بەستوو بەفیداکاری پێشخست.

دەتوانرێت بگوترێت کەئەم ناسیۆنالیزمە سێ سەرچاوەی هەبوو یەکەمینی ئەمانە وەکو مۆدێلی ناسیۆنالیزمی ئۆتوریتەری دەسەلاتدار لەهەرێمەکەدا بوو، لە ناسیۆنالیزمی کەمایەتییەکانیشدا هەبووە، دەتوانرێت بگوترێت کەئەم ناسیۆنالیزمە فەرمیو ناچارییە لەدوو واتای وشەکەدا مەکتەبێکی پێکهێنابوو. جوولانەوە ڕادیکالەکان تا ماوەیەکی دیاریکراو لەگەڵ ئەو ڕژێمانەدا کە لەبەرامبەریان سەریا هەڵداوە بەردەوامبوونێکیان هەیە. ئۆتۆریتەربوونی زۆربەی ئەو جولانەوانەی لەبەرامبەر ڕژێمێکی ئۆتۆریتەر سەر هەڵدەدەن شتێکی ئاساییە.

دەوڵەتێکی ئۆتۆریتەر ڕۆڵێکی پەروەردەییو فێرکەرانەی دروشمەو سەمبولو هێڵی سیاسیان بۆ ئۆپۆزیسیۆنەکان هەیە. دەوڵەتێکی ئۆتۆریتەر کە لەدروستبوونی کولتوورێکی سیاسیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، بەرێگای دژبەرانی خۆیانیشەوە هەوڵی خولقاندنەوەی ئەو کولتورەیان هەیە.

ئەم ڕۆڵی فێرکاری بۆ pkk و ئۆجالان- کەئاوەها لەکۆمەڵگای کوردیدا پیرۆزکران- دەبێ بەهۆی ئەوەی کە لەقۆناغە جۆراوجۆرە زەینییەکانی کۆمەڵگای کوردی تێبگەین.

سەرکەوتوویی دەوڵەت تەنیا لەوەدانیە کە لەشەخسی pkk دا لەبەرامبەر توندوتیژی دەوڵەت، توندوتیژییەکی دژبەری کوردی دروستکردووە، بەڵکو لەوە گرنگتر لە بەکوردیی کردنی سەمبولەکانی ناسیۆنالیزمی تورکیدایە (کەمالیزم)ە، لەم بە((کوردیی کردنە))دا بەمەرجی هەبوونی کەسانێك کە

لەپێناوی خاکدا بمرن ((نیشتمان))دروست دەبوو. بەگوێرەی ئەم چەمکە نەتەوەیەك کەبتوانێ ببێ بە((نەتەوە- سەرباز)) و ئیرادەو دیسیلپینێکی سەربازی هەبێت شایانی ئەوەیەکە ببێت بەنەتەوە. کاتی بەر لەبەرخۆدانو راپەڕین کاتی خراپیبوونو رووخانو کۆیلایەتییە، بەڵام ئەوانە هەموو وەکوو رابردوو چاویان لێدەکرێت. مێژووش ئەوکاتەیە کەوا بە بەرخۆدانو راپەڕینەوە دەستپێدەکات. لەڕوانگەی کەمالیزمەوە لەناوبردنی عوسمانی کەواتای بەکۆیلەکرانو خراپ بوونی تورکەکانی دەدا، گەڕانەوەی راستەقینەی نەتەوەیە بۆ جەوهەری خۆی. لەم واتایەشدا وەکوو چۆن لەدوالاپەڕەکانی((نوتق[1])) دا باسی دەکرێو لەدیمەنی قیامەتی نوتق دا باسی لێوەدەکرێ، ئامانجی سەرەکی((رزگاری نەتەوەیی))نییە، بەڵکوو خولقاندنی تورکێکی تازەیە کەلەگەڵ کۆماردا خۆی کردووە بەیەك. بەهەمان شێوەش ئامانجی pkk تەنیا((رزگاری نەتەوەیی))نەبوو، بەڵکوو بەرێگای نەفرەت کردن لەکوردی کۆیلەو بەرێگای تێکۆشانی چەکداری ئامانجی دروستکردنی کوردی تازەی وەکوویەکی هەبوو(هۆمۆ کوردیش). Pkkش وەکوو کەمالیزم باسی ئەوەی رەواپێدابوو کەشەهیدەکانو سەرۆك باشنو لەتێکۆشانی باشەکانو خراپەکاندا، تەنیا ئەوان گەرەنتی دەری راستییەکانن. بەمجۆرەش کوردەکان لەبەرامبە(مستەفا کەمال)دا کەتورکەکان کردبوویان بەخودای خۆیان، عەبدوڵڵا ئۆجالانیان کرد بەخۆری خۆیان. شیکردنەوەکانی ئۆجالان وەکوو بەسەرهاتەکانی کۆمار دەچوو کەلە((نوتقی))موستەفا کەمال دا کۆکرابوونەوەو لەراستیدا کوردیی کراوێکی ئەوەبوو. هەروەها لەبەرامبەر(کاریزمای)موستەفا کەمال دا کەتاها پارلا شیکردنەوەی لەسەرکردبوو، کوردەکانیش بە((ناوەندی گەورەترین لەناوچوونو بەرزبوونەوە))و ((لەهەموو سەردەمێکداو لەهیچ سەردەمێکداو لەداهاتوودا دەژی)) بەکاریزمایەکی کوردییەوە وەڵامیان دایەوە.

[1] بەشێك لەوتەکانی موستەفا کەمال ئەتاتورك.

لەهەردوو حاڵەتیشدا، جەوهەر پیرۆزی میللەت تەنیا بەرێگای كەسێكی خاوەن رۆڵی خوڵقێنەری مێژووەوە كە لەبەرامبەر قۆناغی خۆیدا بەرپرسیارەو سەرەوەی كۆمەڵگاو سیاسەتە، دەردەكەوێتە مەیدانەوە، عەبدوڵڵا ئۆجالانیش وەكوو موستەفا كەمال تەنیا سەرچاوەی جوانیو گەردوونو یارمەتیدەری زانستو مرۆڤایەتییە. ئاپۆچێتی لەبەرامبەر میستیزمی كەمالیزم لەتوركیادا بەرهەمێكی ئەلتەرناتیڤی كوردەكان لەبەرامبەر توركەكاندا بوو. دەسەڵاتی كەمالیزم كە لەشەڕی سەربەخۆیی ناوخۆییدا راپەڕینی كوردەكانی سەركوت دەكرد، وای بۆ نەدەچوو كەرۆژێك خۆی ببێ بەسەرچاوەی لەدایكبوونی جوڵانەوەیەكی تازەی كوردی، دووهەمین سەرچاوەش وتاری ماركسیزم لینینزمە. وتاری هەژارەكان لەدوای ساڵی ١٩٨٠ كاریگەری زۆری لەسەر جوڵانەوەی كوردی داناو بەتایبەتی pkk ش لەمەوە كاریگەری زۆرتری وەرگرتبوو.

ماركسیزم- لینینزم لەساڵانی حەفتادا كاریگەری لەسەر هەموو جوڵانەوە كوردییەكان دانابوو و وتاری باڵا- دەست بوو، بەڵام كوردەكانی عێراق- ئێرانو جوڵانەوەكانیان لەكۆتایی ساڵانی هەشتاكاندا بوون بەسۆسیال دیموكرات، بەڵام pkk هەتا كۆتاییەكانی ساڵانی ٩٠ـەكانیش دەستی لەم وتارە بەرنەدا. وەكوو كۆتاییش پێویستە ئاماژە بەو شتە تراژیدییە بكرێت كەئەو شتەی وادەكرێت وەكوو فانۆنچێتی ناوی لێ ببرێتو توندوتیژی دەكرد بەشتێكی تاپۆیی، هەمان رزگاركردنی زۆرەكی كوردی كۆیلەیە كە كردبووی بەئامانجی خۆی. لەم هەلومەرجانەشدا كوردەكان بۆ دووبارە سازكردنەوەی كوردایەتی خۆیان شەڕیان وەكوو ئامانجی واز لێنەهێنراوی خۆ پەسند دەكرد. راگەیاندنەكانی pkk ئەوە نیشان دەدەن كەئەم شەڕە بەشێوەیەكی توندتر لەناو pkk بەرێوەبراوەو حوكمی ئیعدامی دادگاكانی ناو حزب شتانێكی ئاسایی بوونو دوای ماوەیەك هەندێك لەو ئیعدام كراوانە بەپیاو چاك ناوزەد كراونەتەوەو دادوەرەكانیش بەسیخوری تاوانباركراون. لەپێشدا سەرۆكو دواتر سەرۆكایەتی كەسایەتی ئۆجالان كە بەخۆری رزگاری ناوزەد كرا لەگەڵ شەهیداندا بەتاكە مەرجەعی رەواپێدراوی پارتی قەبووڵ دەكرا. رەوایەتی سەرۆكایەتیش لەمیراتی شەهیدانەوە دەهاتو لەهەمانكاتیشدا تەنیا گەرەنتی دروستی لەبەرامبەری ئەوانەدا بوو.

Pkk زیاتر لەجوولانەوە کوردییەکان خاوەن ناوەڕۆکێك بوو کەزیاتر لە(پڵنگەکانی تامیل)، (ڕێگای رۆشنایی)و (چەپی شۆڕشگێری))تورکیا دەچوو. لەوەپێش هیچ جولانەوەیەکی کوردی بەمجۆرە سەرۆکایەتیو کاریزمای هاوئاهەنگ نەکردبوو. کەسانی وەکوو شێخ سەعید، بارزانی، دکتۆر قاسملو خاوەنی کاریزمایەك نین کەپشت بەترسو شەخسپەرتی ببەستێ بەڵکو خاوەن کاریزمایەکی سیاسی یاخود دینی بوون. رازی خۆسووتاندنی سەدان کەس بۆ ئۆجالان لەپشت ئەو فێرکرانەوە دێت کەدەڵێ: ئۆجالان تەنیا((رووناکی دونیای تاریکە)) حەرەکەتەکانی بەر لەpkk و ئەوانەی سەردەمی pkkش توندوتیژییان وەکوو رێگای دانوستاندن لەگەڵ دەولەتو پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی-سیاسی لەقەڵەم دەدا. ئەو توندوتیژییەی کە pkk بەکاری دەهێنا زیاتر لەوەی کەهەدەفی رزگاری کوردانی هەبێت، بەمەبەستی رزگاری کورد لەکۆیلایەتی خۆبوو. کەئەوەش لەگرێدرانی بێ کۆتایی بەئۆجالانەوە دەهات.

لەم هەلومەرجەدا کوژرانو مردن لەرێگای کوردستانو پارتی بەشی پاکانەکردنی تاکی نەدەکرد.

Pkkبەنیسبەت جولانەوەی کوردییەوە، شتێکی جیاوازە. نە لەسەرەتای سەدەوە نە لەبیستەکانو سییەکانداو نەلەعیراقو ئێرانو سوریادا بەگوێرەی چەپی نەتەوەخوازیش لەهەموو زیاتر رادیکال بوو. وپارێزگاری لەنەتەوەگەراییەکی توندڕەوانە دەکرد. بەلام لەهەمانکاتدا پرۆگرامێکی بابەتی بۆ کێشەی کورد نەبوو. خولقاندنی کوردی وەکوو یەك کەپارتی کردبووی بەئامانجی خۆی هەموو قەرزداری ئۆجالان بوون، ئەو دەیان گەنجەی کەخۆیان بۆ پارتیو ئۆجالان فیدادەکرد توندوتیژی بەنیسبەت کێشەی کوردەوە رەواپێدەدا بەلام ئامانجێکی ریالیستی بۆ کێشەی کورد دیارنەدەکرد. گرێدراوی بەهاوسەنگییە لەرزۆکەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاستو رووخاندنی گوندەکانو کوژرانی زیاتر لەسەدان رۆشنبیر لەناوەڕاستی ساڵەکانی نەوەددا بەتەواوەتی pkk ی لاوازکردبوو. بەلام لەمانەش زیاتر خۆداخستنی pkk لەنێو وتارێکی((ئەستاتۆلۆژیکانەدا)) هەموو جارێك قەڵەمبازێکی تازەی دەویست بەلام هەموو جارێکیش ئەمە پێکنەدەهاتو جێگای خۆی دەدا بەهەدەفی تر

وبەمجۆرەش بەلارێداچوونی ئامانجەکان بوو بە شتێکی ئاسایی. لەم هەلومەرجەدا تەنیا بەمەرجێك دەیتوانی ئیستراتیژی توندوتیژی بەردەوام بکات کەئاستەکەی بگەیەنێتە پایەیەکی زۆر بەرز. ئەمەش رێگای لەبەردەم هەندێك ئەنجام دەکردەوە کەپێشبینی نەدەکرا. لەساڵی ١٩٩٨-١٩٩٩ دا pkk تۆزێك وازی لەم توندوتیژییە هێناو تۆزێك بەرەوخەتێکی پراگماتیك رۆیشتو تێگەیشت کەمەیدانی مانۆڕی کەمو تەنگتربووەتەوە. بەرلەوەی کەئۆجالان لە(کینیا)دەستگیر بکرێو بەرلەوەی کەکۆنسەی سەرۆکایەتی pkkوازهێنان لەشەڕی چەکداری بکات بەبڕیار، ئەم قسەوباسانە لەبژارەیەك زیاترەو وەکوو پێشکەوتنێکی ناچاری رووبەڕووی pkk بووبووە وە. لەگەڵ ئەوەی کەپشتی گیرانی ئۆجالان توندوتیژییەکی قورس بەڕێوەچوو، بەڵام دواتر زەمینەی ئەم قۆناغە ئامادەکرا.

ئەو شتەی کەئۆجالان دواتر وەکوو کۆماری دیموکراتیك ناوزەدی کردو مافی کولتوری کورد نشینی لەخۆدەگرت، لەگەڵ پڕۆگرامی بەسیاسی بوونی pkk دا رۆڵێکی گرنگیان لەپێشکەوتنی جوڵانەوەی کوردیو pkkگێڕا. ئۆجالان کەوازی لەهەدەفی سەربەخۆییو بەسۆسیالیست کردنی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێنا، خاوەنداری لەراستی((میثاق مللی))دەکاتو راپەڕینەکانی رابردووی کورد وەکوو(ئاغایەتی سادەو شێخ و..) دەنرخێنێو بەپێوانێك دەیەوێت لەگەڵ کەمالیزم دا ئاشتی بکاتەوە.

لەساڵی ٢٠٠٠دا pkk دەگەڕایەوە بۆ یەکێك لەو شیعارانەی کەوا بو بوو بەهۆی ئەوەی دەست بەرداری پارچە پارچە کردنی وڵاتەکە، ((سەرۆکی pkk لەچوارچێوەی کۆمارێکی دیموکراتیکدا باسی ئۆتۆنۆمی- فیدراسیۆنی رەتکردەوەو خۆیان وەکوو گروپێك لەقەڵەمدا کەپارێزگاری یەکێتیی وڵات دەکەنو زۆرتر لەسەر رۆڵی بونیاتنەرانەی ئاتاتورك راوەستا.

ئەم هەڵوێستە تازەیەی pkk بوو بەهۆی راوەستانی کێشەی کورد. ئەمەش سێ هۆی هەبوو. یەکەم دژایەتی pkk لەبەرامبەر کوردەکانی عێراقو ئەوانەیتری تورکیاو دژبەرایەتی ناوخۆ بەردەوامی دەکردو لەگەڵ ئەوەی

کەپرۆسەیەکی دیموکراتیزە بوونی بۆ تورکیا دەویست لەنێوکورداندا باوەڕی پەسەندنەبوو وخۆی وەکوو تاکە ئەکتەری سیاسەتی کوردستان دەدی.

خاڵێکیتر کەهەرچەندە تورکیا هەندێك مادەی بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمار ڕەوا دەدیت بەڵام لەراستیدا پشتگیری لەکۆدەتای پۆست مۆدێرنی ٢٨/ی شوبات دەکردو بەمجۆرەش رەوایی بەدەسەڵاتی سیاسی سوپا دەدا. سێهەمین خاڵیش ئەوەیەکە، ئەم پرۆگرامە لەئاستی دەوڵەتدا موخاتەبێکی نەبوو و زیاتر لەوەی  کە لەدیالۆگ بچێ شتێکی مۆنۆلۆگ بوو. دەسەڵاتێکی سیاسی کەلە بەسیاسی بوونی کورد دەترساو تەنانەت پەروەردەی زمانی کوردیش بەخەیانەت دەزانێ، زیاتر لەوەی کەتوندوتیژی بهێنێ هیچ شتێکیتری بۆ کێشەی کورد پێنەبوو.

## جوڵانەوەی یاسایی کورد لەساڵانی ٨٠و ٩٠ـە کاندا

هەر لەشەستەکانەوە هەرێمەکوردییەکان لەسیاسەتی تورکیادا جێگایەکی تایبەتیان هەیە. پەیوەندی بەهێزی موشتەری- خاوەنکار، بەهێزترین پەیوەندی مەیدانەکە بوو. پەیوەندییە خێڵەکیو تەریقەتییەکان دەنگێکی زۆریان بۆ(CHP)و (AP) پەیدا دەکرد. بەڵام ئەم مەیدانە سیاسییە دوو تایبەتمەندی بەرچاویتریشی هەبوو. ئەم پەیوەندی موشتەریو خاوەنکارە لەئاستی هەرێمدا لەبەرامبەر کوردایەتیش بەکاردەبرا. بەمجۆرەش کەسانی سیاسەتمەداری ناوداری کورد وەکوو مەلیك فرات، شەرەفەدین ئەلچی، زیا شەرەفخان ئۆغلوو نورەدین یلماز لکان بەدەوڵەتەوەو ئەنتەگرەی سیستەم بوون، دووهەمین تایبەتمەندیش ئەوەیە کەپارتەکانی وەکوو  TBP یەکگرتوویی تورکیا(VTP)تورکیای تازە، (TIP)پارتی کۆمۆنیستی تورکیا کەنوێنەرایەتی سیاسەتی چینی خوارەوەیان دەکرد لەنێو هەڵبژێرە شارییەکانی کوردستاندا برەویان هەبوو. ئەم تایبەتی بوونە لەساڵانی حەفتاکاندا زیاتربوو و وای لێهات کە لەساڵی ١٩٧٧- ١٩٧٩ دا لەهەڵبژاردنە هەرێمییەکاندا بەڕێوەبەرایەتی شارەکانی ئاگری، باتمان- دیاربەکرو هەندێك شاریتر لەدەستی نەتەوەخوازە کوردەکاندا بێت. ئەم چەمکە لەساڵەکانی ٨٠و ٩٠ـە کاندا بەهێزتر بوو. هۆی ئەمەش ئەوە نییە کەپەیوەندییە خێلایەتییەکان لاواز بوون بەڵکوو لەوەدایە کەژمارەی

دانیشتوانی شار زیاتر بووەو ئەمەش رێگایەکی باشە بۆ سیاسەتکردن تەنانەت لەنێوخێڵەکاندا(خێڵە جاشەکاندا). لەم قۆناغەدا دانوستاندنی نەتەوەگەرایی کوردی بە PKK ـە شەوە لەگەڵ ئەم خێڵە جاشانەدا بەئەندازەی دانوستاندن لەگەڵ دەوڵەتدا گرنگی هەبوو. بەمجۆرەش لەنێوان مەرکەزو نەتەوەگەرایی کوردیدا داخوازییەکی دانوستاندنی هاوبەش پێشکەوت. لەساڵەکانی نەوەدەکانو هەشتاکاندا نەتەوەگەرایی یاسایی کورد پێشکەوتو وای لێهات کە لەساڵی ١٩٩١دا خۆی وەکوو ئەکتەرێکی جیاواز دەرخاتە مەیدانەوەو لەسەدا پێنجی دەنگی تورکیا بەدەست بهێنێ. هەندێك لەنەتەوەگەرا کوردەکانیتر وەکوو زازاکان قورساییان خستە سەر ئەو پارتانەی کە لەنەریتی(MSP)پارتی سۆسیالیستی نەتەوەییەوە دەهاتن. بەڵام مەیدانی مانۆڕی سیاسی ئەم جوڵانەوە یاساییەی کورد تەنگ بوو. و دەوڵەت فشارێکی زۆری دەخستە سەر. بەمجۆرەش بەهەزاران کەسی ئەندامی HEP-DEP-HADEP و ئەندامێکی پارلەمانتاری ئەم نەریتە کوژراون(بەرێگای بکوژی نادیارەوە).

وەکوو چۆن لەکەشو هەوا توندوتیژەکانی تریشدا دەبینرێ تورکیاش دەیویست ئۆپۆزیسیۆنی میانەڕەوی یاسایی خۆی لەناوبەرێ. ئەم دژبەرایەتییە یاساییە کە لەتورکیادا وەکوو دوژمنی ناوخۆ دەناسرا بوو بوو بەهەدەفی حیزبوڵلا کەدەوڵەت یان هاوکاری دەکرد یاخود چاوپۆشی لەکارەکانی دەکرد. لەئەنجامدا ئەم جوڵانەوەیەش بەدەزگایی بوو ورادیکاڵ بوو، کەئەمەش هاوکاری کردنی PKK لەگەڵ خۆیدا هێنا. بەدەزگایی بوونیش ئەوەیەك کەئەوانەی وا لەچینی ناوەڕاستەوە هاتبوون یاخود ئەوانەی لەئەنتلیجنسیاوە هاتبوونو تەمەنیان بەسەرچوو بوو ئیدی دەیانەویست کە بەناسنامەی خۆیانەوە ئەنتەگرەی سستەم بن. بۆیە کاتێك PKKی شەڕی راگرت لەلایەن ئەمانەوە بەئاسانی قەبووڵ کرا.

## جوڵانەوەی کورد لەئایندەدا یاخود جوڵانەوەی بان ناسیۆنالیزم

کۆتایی هێنان بەم مەقالەیە کەسەبارەت بەپێشکەوتنی جوڵانەوەی کوردی نوسراوە، بەڕێگای یادداشتێك سەبارەت بەئایندە هەم پێویستە هەم زەحمەتە. بەتایبەتی پێشخستنی بۆچوونو وادانان سەبارەت بەولاتێکی وەکوو تورکیا کەپۆتانسیەلی توندوتیژی زۆرە کارێکی سەختو دژوارە. لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت بگوترێت کەئەم کێشەیەی کەوا چارەنەکراوە هەموو کاتێك پۆتانسیەلی توندوتیژییەکی تازەتری هەیە. دەتوانین وەها بیر بکەینەوە کەگەنجەکان لەسەر بنەمای کوردایەتی دەکەونە ناو رەوتێکیتری سۆسیالیزاسیۆنو ئەگەر بەسیاسی بوونی کورد وەکو مەترسی نەبینرێو وەکو تاکە شانسێك چاوی لێبکرێ، ئەوا جوڵانەوەی کوردی دەبێت بەبەشێکی ئەو سیستەمە سیاسییەی کەوا دووبارە خۆی رێکخستووەتەوەو بەجێگرتن لەسیستەمێکی میکرۆ/ سیاسیو ئیداریدا مەجالی دیموکراتیزەبوون بەدەست دەهێنێ. جوڵانەوەی‌کوردی لەتورکیا لەگەڵ کوردەکانیتردا لەباری سەمبولەوە هاوبەشی زۆریان هەیە، بەڵام ئەمە دەتوانی لەرێگای رۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە نەگەیەنرێنەوە بەیەك بەڵکو لەرێگای گەردوونی بوونەوە باشتر دەبێو بەوجۆرە کوردایەتییەك دێتەئاراوە کە(دیالۆژی)پەسند دەکاتو دەبێ بەحەرەکەتێکی کوردی لەسەرەوەی نەتەوەگەرایی.

و: دۆسێی تورکیا

# ئەرشیف

## کرۆنۆلۆژیای
## هەنگاوەکانی تورکیا بەرەو یەکێتیی ئەوروپا
## (١٩٦٣-٢٠٠٦)

هەوڵە بەردەوامەکانی تورکیا بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی لەیەکێتیی ئەورووپا، لەو ساتەوە بووە جێی ئومێد کە لە (١٢)ی سێپتامبەری (١٩٦٣)دا ڕێککەوتننامەی هاوکاریی لەنێوان ئەم وڵاتەو کۆمیسۆنی ئابوریی ئەوروپا ئیمزا کرا وەك هەنگاوێکی یاریدەدەر تا لەئاییندەدا دوای جێبەجێکردنی مەرجەکان، بتوانێ ببێتە ئەندام.

لەم دانوستاندنانەدا، گرنگترین چەك کە بەدەست تورکیاوە بێت ئەو چانسە جیۆپۆلۆتیکیەیەتی کە لەدوای هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەتەکەیەوە هەرماویەتی، ئەویش بوونی (٣%)ی نیشتمانەکەیەتی کە دەکەوێتە سنوری ئەورووپاوەو دوو دراوسێی ئەورووپایشی هەیە، ئەمە وێڕای بوونی پانتاییەکی بەرفراوانی دەریایی بۆ هاتوچۆی بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دەرەوەی خۆیدا. لەڕووی سیاسیشەوە، دۆستایەتی تورکیا لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیلو چەند دەوڵەتێکیتری ئەورووپایی، کارتەکانی بۆ گوشارختستنەسەر یەکێتیی ئەوروپا بەهێزتر کردووە تا بتوانێت ئەو ئاواتە دێرینەی بهێنێتەدی.

لەگەڵ هەموو ئەو لایەنە پۆزەتیڤانەشدا، بوونی دەیان کێشەی جۆراوجۆر لەمپەرێکی زۆر پتەویان لەبەردەم وڵاتەکەدا دروست کردووە کە بۆتەمایەی

ئەوەی هێشتا بەدوور دەزانرێت بەمزوانە سەرجەم مافەکانی بەئەندامبوونی پێ‌ببەخشرێت. فاکتەری ئەم لەمپەرانەش، خودی حوکمڕانی‌و شێوازی بەڕێوەبردنی سیاسیانەی وڵاتەکەیە کە هێشتا دیموکراسی بەمانا تەواوەکەی، لەخاکی تورکیادا پەیڕەوناکرێت‌و تەنانەت بەڕێژەیەکی بەرفراوانیش، ئاستی پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکانی کوردو ئەرمەن‌و کەمینەنەتەوەییەکانیتر لەبەرزترین ئاستی خۆیدایە کە تەنانەت مافی خوێندن‌و نوسینیشیان بەزمانی خۆیان نییە. دۆسییەی مافی مرۆڤ لەهاوکێشەی بوون بەئەندامدا، بەجۆرێکە کە لەدوارِاپۆرتی ئەمینیستی ئینتەرناشناڵدا تورکیا وەك یەکێك لەو (١٠) وڵاتە ئەژمارکراوە کە زۆرترین توندوتیژی‌و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ‌و نەتەوەو کەمینەکانی تیادا ئەنجام دەدرێت.

هەرچەندە ئەم ئەندامێتییە، دەبێتەهۆی دروستبوونی ڕایەڵەیەکی جیۆگرافی لەنێوان خۆرهەڵات‌و خۆرئاواداو تورکیاش دەتوانێ باشترین ئاستی سیاسی‌و ئابوری تیادا مسۆگەر بکات، بەڵام هێشتا بەدووردەزانرێت ململانێی جەنەراڵەکان‌و باڵی سیاسی‌و ڕیفۆرمخواز یەکلابێتەوە لەسەر چۆنییەتی مامەڵەکردنیان لەبارەی ئەو ئاستەنگانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا.

لەڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی کورد لەو هاوکێشەیەدا، ئەگەرچی پارچەیەکی مەزنی کوردستان دەبێتە بەشێك لە سنوری یەکێتی‌ی ئەورووپاو هیچیتر ناکەونە ژێر ڕەحمەتی چەوساندنەوەو راگواستنەوە چونکە لەلایەن ڕای گشتی ئەورووپاییەکانەوە قبوڵ ناکرێت. لەهەمانکاتیشدا خەونی کوردستانی گەورە لەباردەبات، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی هەمیشە وڵاتانی یەکێتی‌ی ئەوروپا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە نابێ هیچکام لەوڵاتانی ئەندامی یەکێتییەکە، دووچاری هەڵوەشان یان دابەشبوونی جیۆگرافی ببێت.

ڕۆڵی کورد لەو دۆسیەیەدا بەتایبەت دوای بەنبەست گەیشتنی گفتوگۆ لەنێوان تورکیاو ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکانیداو ئەگەری هەڵگیرساندنەوەی شەڕێکی خوێناوی لەبەشە کوردستانییەکەیدا، تەنها لەوبازنەیەدا دەمێنێتەوە کە پێویستە لۆبی کوردان لەوڵاتانی ئەورووپا فشارێك بن تا تورکیا بێ

بەخشینی تـەواوی مافـەکان بـەکوردو کەمینـەکانیتر، نـەتوانێ بـە وڵاتێکـی خۆرهەڵاتییەوە بۆ خۆرئاوایی گوزەربکات.

دواجار ئەگەر دەوڵەتی تورکیا بیەوێت ستراتیژێکی گونجـاو و ئاقڵمەندانـە پەیڕەو بکات، هیچ ڕێگایـەکی لەبەردەمـدا نییـە جگـە لـەوەلانانی پاکتـاوی ڕەگەزیو قبوڵ کردنی مەرجەکانی یەکێتیی ئەوروپا، چونکە مێـژووی تورکیـا شایەتحاڵە کەهەر چەوسـاندنەوەی نەتـەوەییو شـەڕی بێئـەنجام بوونـە مایـەی هەڵوەشانی ئیمپراتۆرییەتەکەی، ئەگەر لەسەر ئەم سیاسەتەشی بەردەوام بێـت ئەوا دوورنییە دووچاری هەڵوەشـانیتریش ببێتـەوە کـە ئەمـەش لەبەرژەوەنـدی دەوڵـەتی تورکیـادا نییـە. لەهەمانکاتـدا دەکـرێ بڵـێین بـەدیموکراتیزەکردنی تورکیاو بەشدارییپێکردنی کارایانەی کوردو کەمینەکانیتر، نەك هـەر وڵاتەکـە زەرەرمەند نابێت بەڵکو زەمینەی بەئەندامبوونەکەش خۆش دەکات کە تورکیـا خەونی پێوەدەبینێت.

١٢ی ئـەیلولی ١٩٦٣: ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننامـەی هاریکـاریی نێـوان تورکیاو کۆمیسیۆنی ئابوریی ئەوروپاکە دروستبوونی یەکێتییەکی گـومرگی پێشکەوتووی تیادا باس کرابوو وەك قۆناغێکی یاریدەدەر بەرەو ئەندامێتی ئـەم وڵاتە لەکۆمەڵگای ئەوروپادا.

١٩٨٠-١٩٨٧: پرۆسیسی ئـەم ڕێککەوتننامـەی هاریکـاریی گومرگییـە بەهۆی ڕوودانی کودەتای سەربازییەوە لەتورکیا ڕاوەستا.

١٤ی نیسانی ١٩٨٧: تورکیا بەڕەسمی کاندیدکردنی خـۆی بـۆ ئەنـدامێتی لەیەکێتیی ئەوروپادا ڕاگەیاند.

١٨ی کانونی یەکەمی ١٩٨٧: کۆمسیۆنی ئابوری ئەوروپا ئەم داخوازییەی ڕەت کردەوەو ڕایگەیاند ئەندامیەتییەکی لەوجۆرە، کێشـەی ئـابوریو سیاسـی جۆراوجۆر بۆ یەکێتیی ئەوروپا دەهێنێتە ئاراوە.

٦ی ئازاری ١٩٩٥: بەستنی ڕێککەوتننامەی یەکێتیی گـومرگی لـەنێوان یـەکێتیی ئـەوروپاو تورکیـادا، لابردنـی باجـە گومرگییـەکانو دەسـتپێکی هاریکاریی ئابورییو گفتوگۆی سیاسیانەی نزیکتر.

**:١٩٩٧**

**١٥ی تەمموز: کۆمسیۆنی ئەوروپا بەیەکێتیی ئەوروپای ڕاگەیاند دانوستاندنی ئەندامێتی لەگەڵ (٥) پێنج وڵاتی خۆرهەڵاتی ئەوروپاو قوبرس جگە لەتورکیا، لە ساڵی (١٩٩٨)ەوە دەست پێبکات.**

**١٢و١٣ی کانونی یەکەم: داوا لەتورکیا کرا لەژێر ئەو هەلومەرجەی لەکۆنفرانسی یەکێتیی ئەوروپا لەلۆکسۆمبۆرگ بەڕێوەچوو، بەشداری بکات.**

**تورکیاش لەم کاتەدا، بڕینی گفتوگۆ سیاسییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا ڕاگەیاند.**

**:١٩٩٨**

**١٢ی ئازار: تورکیا بەشداربوونی لەکۆنفرانسی لەندەندا پرۆتستۆ کرد کە تیایدا (١٥) وڵاتی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپاو (١١) وڵاتی کاندیدکراو بۆ ئەندامێتی تیایدا بەشداربوون.**

**٢٣ی تەمموز: تورکیا بەئامانجی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپاداو لەچوارچێوەی ئەندامێتی تەواوەتیانەی خۆی لەم یەکێتییەدا، ڕاستەوخۆ پێشنیازی خۆی خستەڕوو.**

**:١٩٩٩**

**١٠ی کانونی یەکەم: یەکێتیی ئەوروپا بە(١٥) ئەندامییەوە ڕەزامەند بوو لەسەر بەخشینی (پێگەی کاندیدی) بەتورکیا بەبێ ئەوەی مێژووی دەستپێکردنی دانوستاندنەکان دەستنیشان بکاتو بەجەخت کردنەوە لەسەر ئەمەی کە ئەم وڵاتە پێویستە بارودۆخی مافی مرۆڤ و کارکردنی ئابوریانەی خۆی باش بکاتەوە.**

**:٢٠٠٠**

**٤ی کانونی یەکەم: یەکێتیی ئەوروپا بە(١٥) ئەندامییەوە، بڕیارنامەیەکی گونجاوی لەگەڵ ئەنقەرەو ئەسینا داناو بەپێناسکردنی ئەو ڕەوتەی کە پێویستە تورکیا لەبواری مافی مرۆڤدا بیگرێتەبەر، ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر بەخشینی پێگەی (هاریکاریی ئەندامێتی) لەگەڵ ئەم وڵاتەدا.**

**٢٠٠١**

**١٧ی ئازار: دەوڵەتی تورکیا (بەرنامەی میللی) بۆ گرتنەبەری هەنگاوە سیاسیو ئابورییەکان دانا.**

**٣ی تشرینی یەکەم: پارلەمانی تورکیا (٣٤)ی ماددەی دەستوری خۆی ڕیفۆرم کرد کە لەڕیزیاندا سودوەرگرتن بوو لەهێزەکانی کورد لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی دەوڵەتداو لابردنی سزاکانی لەسێدارەدان بوو جگە لەکاتی جەنگو ئەنجامدانی تاوانی تیرۆریستیدا.**

**٢٠٠٢**

**ئاب: نوێنەرانی پارلەمانی تورکیا زنجیرە ڕیفۆرمێکی گرنگیان دانا وەك لابردنی سزاکانی لەسێدارەدانو بەخشینی مافە کلتورییەکان بەکەمینەی کورد.**

**٩ی تشرینی یەکەم: کۆمیسیۆنی ئەوروپا خۆشحاڵی خۆی بۆ پێشکەوتنە بەرچاوەکانی تورکیا دەربڕی، بەڵام لەهەمانکاتدا جەختی کردەوە ئەم وڵاتە هێشتا پێوەرە سیاسییەکانی بۆ دەستپێکردنی دانوستاندنی ئەندامێتی نەچەسپاندووە.**

**١٣ی کانونی یەکەم: ڕێبەرانی یەکێتیی ئەوروپا لەکۆبوونەوەی کۆپنهاگندا هەرجۆرە بڕیاردانێکیان دەربارەی دەستپێکردنی دانوستاندنی ئەندامێتی بۆ کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ دواخست.**

**٢٠٠٣**

**٢٣ی تەموز: پارلەمانی تورکیا بەدانانی زنجیرە ڕیفۆرمێك بەپێی تێڕوانی ئەوروپا لەبواری دادگاییکردنەوەی سەرلەنوێی نوێنەرانی کورد فەراهەم کرد کە بەتاوانی چالاکییە جودایخوازییەکان زیندانی کرابوون.**

**٥ی تشرینی دووەم: کۆمسیۆنی یەکێتیی ئەوروپا ڕایگەیاندبوو کە سەرەڕای هەوڵەکانی تورکیا، ئەم وڵاتە لەبواری ڕیفۆرمە سیاسییەکاندا هێشتا ڕێگایەکی درێژی لەبەردەمدایەو نەبوونی ڕێگاچارەیەك بۆ مەسەلەی قوبرس، لەمپەرێکی جددیی دەبێت لەسەر ڕێگای کاندیدکردنی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپادا.**

**٢٠٠٤**

**٢٦ی ئـەیلول:** پارلـەمانی تورکیـا ڕیفـۆرمکردنی یاسـاکانی سـزادانی وڵاتەکەی دانا کە برۆکسل بۆ دەسـتپێکردنەوەی دانوسـتاندنەکانی ئەنـدامێتی بەگرنگ وەسفی کردبوو.

**١ی تشرینی یەکەم:** پاریس‌و پاشـان ڤیـەننا لـەمانگی کـانونی یەکەمـدا خوازیاری بەڕێوەچـوونی ڕاپرسـییەکی میللـی بـوون دەربـارەی کاندیـدکردنی تورکیا.

**٦ی تشرینی یەکەم:** ڕەزامەندی کۆمسیۆنی ئـەوروپا بـۆ دەسـتپێکردنەوەی دانوستاندنەکانی ئەندامێتی تورکیـا بـەبێ ئـەوەی کـە گرەنتییـەك دەربـارەی چوونی تورکیا بۆ یەکێتیی ئەوروپا بدات. ئەم کۆمیسـیۆنە لەگـەڵ ئەمەشـدا جەختی کردەوە ئەم ئەندامێتییە تا بەرلەساڵی (٢٠١٤) نایەتەدی.

**١٧ی کانونی یەکەم:** ڕێبەرانی (٢٥) وڵاتـی ئەنـدامی یـەکێتیی ئـەوروپا دەربارەی دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی ئەندامێتی لەمێژووی (٣)ی تشرینی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٥)دا ڕێککەوتنێکی گشتیان لەسـەرکرد. ئـەوان تیایـدا بـەڵێنیان بـە تورکیـا دا تـا ئـەم کاتـە پرۆتۆکۆلێـك ئیمـزا بکـەن کـە ڕێککەوتننامەی هاریکـاریی یـەکێتیی ئـەوروپا بـەئامانجی لەبەرچـاوگرتنی چوونی (١٠) وڵاتی نوێی وەك کۆمـاری قـوبرس لـەمانگی ئایـاری ڕابـردوودا لەیەکێتیی ئەوروپادا بگۆڕن.

**٢٠٠٥**

**٢٩ی تەمموز:** ئەنقەرە بەئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلێك بازنـەی ڕێککەوتننامـەی گومرگیانەی خۆی فراوان کرد لەگەڵ یەکێتیی ئەوروپادا کە بـۆ (١٠) وڵاتـی نوێی کاندیدکراو بۆ یەکێتیی ئەوروپا وەك کۆماری قوبرس داندرابوو.

**٢٨ی ئەیلول:** پارلەمانی ئـەوروپا داوای دەسـتپێکردنی دانوسـتاندنەکانی ئەندامێتی تورکیای لە مێژووی (٣)ی تشرینی یەکەمـدا کـرد. بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشدا داوای لەئەنقەرە کـرد بەرلەهـەرجۆرە پێوەسـتبوونێکی بەیـەکێتیی ئەوروپاوە، جینۆسایدکردنی ئەرمەنییەکان‌و کۆماری قوبرس بەڕەسمی بناسێت.

٣ی تشرینی یەکەم: وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا ڕەزامەند بوون لەسەر دەستپێکردنی دانوستاندنەکانی ئەندامێتی تورکیا.

سەرەڕای ئەم کرۆنۆلۆژیای هەوڵدانەی تورکیا بۆ بەئەندامبوون لەو یەکێتییەدا، هێشتا ئومێدێك لەبەردەم تورکیادا نییە، بەتایبەت کە تورکیا خاوەنی چەندین دۆسییەی نمونەی جینۆسایدی کوردو ئەرمەنو پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لەولاتەکەیدا، ئەم دۆسییانەش بەبێ چارەسەر ماونەتەوەو شەنوکەوکردنیشی دواخراوە بۆ وادەیەکی نادیار.

هەرچەندە تائێستاش دەوڵەتی تورکیا ئومێدەوارە بۆ چوونەناو یەکێتیی ئەورووپاوە، بەلام لە دواڕاپۆرتی یەکێتیی ئەوروپا جەختی لەسەر چەند کێشەیەکی گەورە کردۆتەوە کە بۆتە ئاستەنگ لەبەردەم قبوڵ کردنی تورکیا، گرنگترین ئەو ئاستەنگانەش چارەسەرنەکردنی کێشەی کوردو مەسەلەی جینۆسایدی ئەرمەنەکانە لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەمدا، بەلام بەپێی هەموو ئەگەرەکان پێناچێت هێشتا تورکیا لە دەسەلاتی جەنەڕاڵەکانی تورکیا ڕزگاری بووبێت، بەتایبەت کە دەوڵەتی تورکیا خۆی ئامادەباش کردووە بۆ داڕشتنی پیلانێکی گەورە لەپێناو بنەبڕکردنی تەواوەتیانەی ئۆپۆزسیۆنە چەکدارەکانی تورکیاو پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK)، ئەمەش هەرگیز لە وڵاتێکی ئەندامی یەکێتیی ئەوروپا ناوەشێتەوە کە بڕوای بەدیالۆگی نەتەوەکانی ناو وڵاتەکەی نەبێت لەهەمانکاتدا باس لە دیموکراتیزەبوون بکات.

سەرنج: سەرجەم کرۆنۆلۆژیاکە لەسایتی (www.farsnews.com)ەوە وەرگیراوە.

وەرگێڕانی : کارزان محەمەد

# ئەو توركانەی بەڕەچەڵەك تورك نین

ئامادەكردنی: رازاو محەمەد

توركیا ئەو توركانە بەڕێوەی دەبەن كەتورك نین، لەتوركیادا هیچ سەركۆمارێك تورك نیە. دامەزرێنەری كۆماری توركیا جولەكە بوەو دوا سەرۆك كۆماریشی چەركەزە.

بیر لەوانە بكەنەوە كە لەتوركیادا بەناوبانگن، هیچ كامێكیان تورك نین. لەبواری مۆسیقادا یەكەمەكەیان ئیبراهیم تاتلیسەسە، كوردە. سولتانی سینەماكەیان توركان شۆرایە، چەركەزە. وەستای رۆمان، یەشار كەمالە، كوردە.

لەتوركیادا ئەوانەی كەبۆ ماوەیەكی زۆر سەرۆك وەزیریان كردووە عیسمەت ئونونو بووە كەكوردو، سولەیمان دەمەرێل، ئەلبانیو، بولاند ئەجەویدیش، كورد بوە.

لەتوركیادا دەگوترێت دەوڵەمەندترین خێزانی بەناوبانگ وەك كۆچو ئوزانو ئەزاجی باشی توركن، بەڵام هیچ كام لەم خێزانانە تورك نین.

هەر میللەتێك بەزمانو كلتوری خۆیەوە هەبوونی هەیە. زمانو موزیكی توركیش بەشێكی زۆری هی میللەتانی ترە. بۆ نمونە: لەتوركیادا ١٩ هەزار لەو وشانەی بەكار دەهێنرێن لەزمانەكانی ترەوە وەرگیراونو لەدامەزراوەی زمانی توركیشدا خۆیان دان بەمەدا دەنێن. موزیكی گەلێری تورك هی كوردەكانە. موزیكی هونەریی هی هونەرمەندانی بالكانو ئەوان هێناویانەتە كۆشكەكانی عوسمانییەكانەوە.

لەتورکیادا هیچ کام لەشوێنەوارە مێژووییەکان تورک دروستی نەکردوون. لەبواری تەلارسازییدا ئەندازیار سینان دەناسرێت، ئەویش تورک نەبوو.

نفوسی تورکەکان ٧٠ ملیۆن نیە، ٢٠ ملیۆنیان کوردە، ٦-٧ ملیۆنیان چەرکەزە، هەروەها چەند ملیۆنێکیش لەوانە نەتەوەی لازو ئەلبانین. هەروەها جگە لەمانە گەلێك کەمە نەتەوەی تریش هەن کە لەتورکیادا دەژین ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ تورکەکان لەتورکیادا زۆرینەش نین.

ئەو شۆڕشگێڕە بەناوبانگانەی کە لەتورکیادا بوونەتە سەمبول جگە لەئیبراهیم کایپاك کایا کەتورك بوو، ماهیر چایان/ گورجیو دەنیز گەزمیش/ کورد بوە.

## ئەو سەرۆك کۆمارانەی کەتورك نین

لەدامەزراندنی کۆماری تورکیاوە لە٢٩/١٠/١٩٢٣وە تا ساڵی ٢٠٠٦(١٠) سەرۆك کۆمار دەسەڵاتیان گرتۆتە دەستو هیچ کامێکیان تورك نەبوون، ئەوانیش:

١-مستەفا کەمال ئەتاتورك(یەهودی).

٢-عیسمەت ئونونو(کورد).

٣-جەلال بایار(تەتەر).

٤-جەمال گورسەل(کورد).

٥-جەودەت سونای(لەیەمەنەوە هاتووە).

٦-فەخری کۆرو تورك(دیارنیە).

٧-کەنعان ئەڤرەن(ئەلبانی).

٨-تورگوت ئۆزال(کورد).

٩-سولەیمان دەمەرێل(ئەلبانی).

١٠-ئەحمەد نەجدەت سەزەر(چەرکەز).

## مستەفا کەمال ئەتاتورك

مستەفا کەمال، یەکەم سەرۆك کۆماری تورکیا ساڵی ١٨٨١ لەسەلانیك لەدایك بووە، لەو سەردەمەدا لەسەلانیك ١٨٠ هەزار کەس دەژیان. ٨٠ هەزاریان

هەواڵنامەی کتێب

یەهودی بوون، بەشێك لەتایەفەی مستەفا کەمال یەهودی بوون. مستەفا کـەمال لەیادگارییەکانی خۆیدا دەڵێ: کاتێك بووم بەحەوت ساڵان دایكو بـاوکم لەسـەر مەسـەلەی نـاردنی مـن بـۆ کـام خوێندنگـە، بـوو بەشـەڕە قسـەیان، لەئـەنجامی قسەکانیاندا بڕیاریان لەسەر خوێندنگەی(شەمسی ئەفەندی)دا.

ئەو خوێندنگەیەی کە مستەفا کـەمال تێیـدا خوێندویـەتی، خوێندنگەیـەکی جەماعی بوو لەلایەن یەهودییەکانی کابالیستەوە کرابۆوە. شەمسی ئەفەنـدیش سەرکردەیەکی ئایینی سەر بە سەباتای سەڤییە(یەهودییە).

لەسەرەتای ساڵانی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا گـەلێك سـەباتایی لـەلای مستەفا کەمال جێی خۆیان کردەوە، وەك: خالیدە ئەدیب، ئەحمەد ئەمین یالْمـان، مۆییس کۆهەنو حەسەن تەحسین، هەروەها گەلێك سەباتایی لەتورکیادا لەبواری ئابوریو کلتوریو ئەدەبیو بیرۆکراسیو سیاسەتدا شوێنی گرنگیان گرتە دەست.

## عیسمەت ئونونو

عیسمەت ئونونو لەسـاڵی ١٨٨٤ لەشـاری ئیـزمیری تورکیـا لـەدایك بـووەو خـۆی لەڕاسـتیدا کـوردی کالاویـیـە[1]. عـەبدولـەلیك فـورات دەڵـێ ئونونـو هـەتا ئێستاش لەشاری بیدلیسی کوردسـتانی تورکیـادا کـەسو کـاری نزیکـی هەیـە. عەبدولەلیکی نەوەی شێخ سەعیدی پیران لە ساڵی ١٩٥٨دا تەمەنی خۆی گەورە دەکاتو لەگەڵ عـەدنان مـەندەرەسـی سـەرۆك وەزیرانـی کـاتی تورکیـادا دەسـت بەسیاسەت دەکات. عەبدولەلیك فورات پاش ٤٠ ساڵ خزمەت کردن بۆ دەوڵەتی تورکیا، لەم چەند ساڵەی دوایشدا پارتێکی دروستکردوە بۆ خزمەتکردنی کورد.

عیـسمەت ئونونو هاوڕێی نزیکی مستەفا کەمالو یەکەمین سەرۆك وەزیرانـی دەوڵـەتو فەرمانـدەی بـەرەی رۆژئـاوا بـوو. عیـسـمەت ئونـونـو ئـەو کەسـە بـوو کەپەیماننامەی لۆزانی لە٢٣/تـەمموز/١٩٢٣دا ئیـمزا کـرد کەکوردسـتانی کـرد بەچوار پارچەوە.

هەواڵنامەی کتێب

---

[1] کالاویی، وەکو بڵێی کوردی کاکەیی، یان یەزیدی وەهایە.

عیسمەت ئونونو وتویەتی:(لەلۆزانـدا ئێمـە وەك كـوردو تـورك بـەرگریمان لـەداوای میللـی خۆمـان كـردووە).((لەیادەوەرییـەكانی عیسـمەت ئونونـو لە۳۱/۳/۱۹٦۹))دا.

دوایی دەركەوت ئەو قسەیەی عیسمەت ئونونو لەلۆزانـدا كردوویـەتی تـەنها قسـە بـوو و هیچـی تـر. ئونونـو لەسـاڵی ۱۹۲۵دا بەسیفەتی سـەرۆك وەزیـری لەوتارێكدا بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت ئەم قسە ناڕاستەی بەم شێوەیە پشت راست دەكاتەوە:(ئەركی ئێمە، ئەوانەی لەناو نیشـتمانی توركـدان ئەوەیـە كەبیانكەینـە تـورك، ئـەو ئەندامانـەی دژبـەری تـوركو توركایـەتی بكـەن دەیـانبڕینو فڕێیـان دەدەیـن. ئەوانـەی خزمـەت بەنیشـتمان دەگەیـەنن پێویسـتە ئـەو جـۆرە پیاوانـە تایبەتمەنـدی تـوركو توركیایـەتیان تێـدا بێـت.)-(رۆژنامـەی ڤاكیـت-۲۷/نیسان/۱۹۲۵)).

عیسمەت ئونونو هەر لەهەمان ساڵدا بۆئەوەی بەئامانجی خۆی بگـات ئـەرك بەدوو وەزیر دەسپێریو رەوانەی كوردستانیان دەكات. مەبەست لەناردنی ئەم دوو وەزیرە بۆ كوردستان بۆ ئەوەبووە كە لەرەوشی ئابووریو سەربازیو سیاسی گـەل تێبگات، هەروەها لەپۆتانسیەلی راپەڕینی كوردستان بكۆڵێتەوە لەگەڵ ناسینی عەشـیرەتەكاندا. لەڕاپۆرتـەكانی ئـەم دوو وەزیـرەدا نوسـرابوو:(لەسـەروو شـاری مەڵاتیاوە نیشتمانی كوردە، خەڵكەكەی خۆیان چەكدار كردووە، لـە پۆتانسـیەلی راپەڕین هەیەو ئامادەكاری هەیەو دەوڵەتانی درەرەوەش پشـتگیری ئەمـە دەكـەن. گـەل لەئەنقـەرە جیاكراونەتـەوەو تـوركیش هـیچ نـازانن). عیسـمەت ئونونـو راپۆرتەكـەی خوێنـدەوەو لەخوارەوەیـدا ئـەم بڕیـارەی نووسـی:(پێویسـتە هـەموو چەكەكان كۆبكرێنەوە، ئەوانـەی بـەرگری دەكـەن بكـوژرێن، ئەوانـەی دەمێننـەوە فڕێیان بدەنە ناو شەمەندەفەرەوەو مـەنفایان بكـەن بـۆ هەرێمـە جۆربـەجۆرەكانی وڵاتەكـە، بـۆ عیـبرەت هەنـدێكیان لەسـێدارە بـدەن، شـوێنەكانیان كەچـۆڵدەبن توركـەكانیان تێـدا نیشـتەجێ بكـەن، خوێندنگـە بكرێتـەوەو تێیـدا بـەزۆرەملێ پەروەردەی توركی تێدا بدریو كوردییان لەبیر ببرێتەوە. ناوی شـوێنی نیشـتەجێو خـەڵكو شـوێنە جوگرافیاییـەكان بكرێنـە توركی، ئەگـەر ئەمانـە نـەكرێن ئـەوا لەسەروو مەڵاتیاوە جیا بوونەوە روودەداتو وڵات پارچە پارچە دەبێ).

ئەم بڕیارانە یەك بەیەكیان جێبەجێ كران، لەهەندێك شوێن جەماوەر لەلایەن دەوڵەتەوە هانی راپەڕین دران‌و هێرشیان كرایە سەر. لەهەندێك شوێنیش راستەوخۆ بەر پەلامار دەدراو لەهەندێك شوێنی دیكەش جەماوەر خۆیان راپەڕین. لەو قۆناغەدا راپەڕینی گەورەو بچوك كەكوردەكان ئەنجامیان داون ئەمانەن:

١٣/شوبات/١٩٢٥-راپەڕینی شێخ سەعیدی پیران
١٠/حوزەیران/١٩٢٥-بەرگری نەهری
٧/ئاب/١٩٢٥-بەرگری رەشكۆتان- رامان
١٦/مایس/١٩٢٦-یەكەمین راپەڕینی ئاگری داغ
٢١/كانونی دووەم/١٩٢٦-بەرگری هازرۆ(دیار بەكر)
١٣/ئەیلول/١٩٢٧-دووەمین راپەڕینی ئاگری داغ
٦/تەموز/١٩٢٩-راپەڕینی ئاسی رەسول
٢٠/ئەیلول/١٩٢٩-بەرگری تەندورەك(سەر بەئاگری)
٢٦/مایس/١٩٣٠-بەرگری ساڤور
٢٠/حوزەیران/١٩٣٠-راپەڕینی زەیلان
٧/ئەیلول/١٩٣٠-سێهەمین راپەڕینی ئاگری داغ
٢٤/تشرینی یەكەم/١٩٣٠-راپەڕینی پولومور(سەر بەدێرسیم)

یەكێك لەو سیستەمانەی كە عیسمەت ئونونو دژ بەكورد جێبەجێی دەكرد پارچە پارچەكردنی كوردبوو. عیسمەت ئونونو لەهەمان كاتدا سەرۆكی گشتی پارتی گەلی كۆماری بوو، خۆی وەك نەتەوە پەرستێك بەتایبەتیش ئەو كوردە عەلەوییانەی(شیعە) بێ رێكخستن بوون پەرش‌و بڵاوی دەكردن، گەلی كردبوو بەدووبەشەوە، لەناویاندا سەركردەكانی هەڵدەبژاردو بەلای خۆیدا رایدەكێشان‌و وایدەكرد كەرژێمەكەیان خۆشبوێ، هەستی دەروونیی داگیركاری جێبەجێدەكرد.

## ئەو كارانەی مستەفا كەمال-عیسمەت ئونونو كردوویانە

ئەنجامەكانی ئەو هاوپەیمانێتیەی كەمستەفا كەمال ئەتاتورك‌و عیسمەت ئونونو لەساڵانی ١٩٢٣-١٩٤٠دا خولقاندوویەتی دەتوانین بەم شێوەیە ریزبەندیان بكەین:

هەولێر کتێب

عیسمەت ئونونو وتویەتی:(لەلۆزاندا ئێمە وەك کوردو تورك بەرگریمان لەداوای میللی خۆمان کردووە).((لەیادەوەرییەکانی عیسمەت ئونونو لە۳۱/۳/۱۹٦۹))دا.

دوایی دەرکەوت ئەو قسەیەی عیسمەت ئونونو لەلۆزاندا کردوویەتی تەنها قسە بوو و هیچی تر. ئونونو لەساڵی ۱۹۲۵دا بەسیفەتی سەرۆك وەزیری لەوتارێکدا بۆ دەسەڵاتدارانی دەوڵەت ئەم قسە ناڕاستەی بەم شێوەیە پشت راست دەکاتەوە:(ئەرکی ئێمە، ئەوانەی لەناو نیشتمانی تورکدان ئەوەیە کەبیانکەینە تورك، ئەو ئەندامانەی دژبەری تورك‌و تورکایەتی بکەن دەیانبڕین‌و فڕێیان دەدەین. ئەوانەی خزمەت بەنیشتمان دەگەیەنن پێویستە ئەو جۆرە پیاوانە تایبەتمەندی تورك‌و تورکیایەتیان تێدا بێت.)-(رۆژنامەی ڤاکیت-۲۷/نیسان/۱۹۲۵)).

عیسمەت ئونونو هەر لەهەمان ساڵدا بۆئەوەی بەئامانجی خۆی بگات ئەرك بەدوو وەزیر دەسپێری‌و رەوانەی کوردستانیان دەکات. مەبەست لەناردنی ئەم دوو وەزیرە بۆ کوردستان بۆ ئەوەبووە کە لەرەوشی ئابووری‌و سەربازی‌و سیاسی گەل تێبگات، هەروەها لەپۆتانسیەلی راپەڕینی کوردستان بکۆڵێتەوە لەگەڵ ناسینی عەشیرەتەکاندا. لەڕاپۆرتەکانی ئەم دوو وەزیرەدا نوسرابوو:(لەسەروو شاری مەلاتیاوە نیشتمانی کوردە، خەڵکەکەی خۆیان چەکدار کردووە، لە پۆتانسیەلی راپەڕین هەیەو ئامادەکاری هەیەو دەوڵەتانی دەرەوەش پشتگیری ئەمە دەکەن. گەل لەئەنقەرە جیاکراونەتەوەو تورکیش هیچ نازانن). عیسمەت ئونونو راپۆرتەکەی خوێندەوەو لەخوارەوەیدا ئەم بڕیارەی نووسی:(پێویستە هەموو چەکەکان کۆبکرێنەوە، ئەوانەی بەرگری دەکەن بکوژرێن، ئەوانەی دەمێننەوە فڕێیان بدەنە ناو شەمەندەفەرەوەو مەنفایان بکەن بۆ هەرێمە جۆربەجۆرەکانی وڵاتەکە، بۆ عیبرەت هەندێکیان لەسێدارە بدەن، شوێنەکانیان کەچۆڵدەبن تورکەکانیان تێدا نیشتەجێ بکەن، خوێندنگە بکرێتەوەو تێیدا بەزۆرەملێ پەروەردەی تورکی تێدا بدرێ‌و کوردییان لەبیر ببرێتەوە. ناوی شوێنی نیشتەجێ‌و خەڵك‌و شوێنە جوگرافیاییەکان بکرێنە تورکی، ئەگەر ئەمانە نەکرێن ئەوا لەسەروو مەلاتیاوە جیا بوونەوە روودەدات‌و وڵات پارچە پارچە دەبێ).

مافی کوردەکان بدرایە، ئەم شەڕە نەدەبوو و نەئەوەندەش پارە سەرف دەکرا. واتە ئەگەر نکوڵی کردن نەبوایە، دەستور ڕێکوپێك دەبوو، هیچ کەسێك درۆی نەدەکرد، سەرۆکەکانی شارەوانی بەرتیلیان وەرنەدەگرتو بیناکان بەگوێرەی بومەلەرزە دروستدەکران. بەڵام لەبەرئەوەی وا نەبوو، دەوڵەتیشو مرۆڤەکانیش هەژار بوون.

سێ شت چاوی مرۆڤ کوێر دەکاتو ڕێ لەوە دەگرێ کەبەزانستیانە شیکردنەوە بکرێت، ئەوانیش:

١-دەسەڵات.

٢-نەژاد پەرستی.

٣-عەشق.

لەناو دەسەڵاتدارانی تورکو ڕێکخراوەکانیاندا ئەم سێ شتە باڵا دەستە. ئەوانەشی لەتورکیادا هەموو نیعمەتەکان دەخۆن، چەند گروپێکن، لەوانە:

١-ئەوانەی بەپشتبەستن بەدەوڵەت، نەژادپەرستی دەکەن.

٢-ئەوانەی بەپشتبەستن بەخوێن، نەژادپەرستی دەکەن.

لەتورکیا لەم چل ساڵەی دواییدا بولاند ئەجەوید بەپشتبەستن بەدەوڵەت نوێنەرایەتی نەژادپەرستی کرد. ئالپ ئەرسەلان تورکەش بەپشتبەستن بەخوێن نوێنەرایەتی نەژاد پەرستی کرد.

پیتی کۆتایی وشەی تورکیا-(یا) مانای(ببە تورکو بخۆ) دەگەیەنێت. سولەیمان دەمەریل منالێکی هەژاری لادێی ئەلبانیە زۆربەمان هەژارین، ئەمەش عەیب نییە. برازای دەمەریلی هەژار ئێستا خاوەنی بانکە، براکەشی"اخراجات" چییەکی بەناوبانگی خەیاڵییە. ئەمە چۆن بوو؟ کێ دەتوانێ بیسەلمێنێ کە بەسود وەرگرتن لەدەسەڵات نەبوو؟

باسەیری بولاند ئەجەوید بکەین. ئەم پیاوە لەساڵی ٢٠٠٤دا بەڕۆژنامەنوسانی ڕاگەیاند کەکوردە. مادام تۆ کوردی ناڵێین:(بۆچی دەیان ساڵ نکوڵیت لەکوردێتی خۆت کرد؟ ٢٥ ساڵ دژ بەکورد شەڕت کرد؟ لەعاقڵداری دەوڵەت بویت؟

ئەجەوید باپیری پاشایە، باوکی یەکێکە لەپەرلەمانتارانی سەرەتای کۆمار، خۆیشی لەئەنقەرە پایتەختی کەمالیستدا پێگەیشتووە. عەشقی دەوڵەت چاوی

١-دەوڵەتێکیان دروستکرد تێیدا کوردو چەرکەزو لازو گەلانی ترو بیروباوەڕو کلتورەکان هەمووی نکۆڵیان لێکرا.

٢-دەستورو پەروەردەو پەرلەمانو دامودەزگا حکومییەکانو راگەیاندن بەگوێرەی تورکچێتی رێکخرا.

٣-مێژوو لەسەر شتی ناڕاست دامەزرا.

٤-لەسەر زمانی کوردیو عەرەبیو فەرەنسی سەرلەنوێ زمانی تورکی دروستکرا.

بەگوێرەی زانیاری رێکخراوەکانی زمانی تورك، وشەی زمانەکانیتر کە لەناو زمانی تورکیدا بەکاردەهێنرێن بەم شێوەیەیە:

٦٤٥٥ وشەی عەرەبی، ٤٧٠٢ وشەی فەرەنسی،١٣٦١ وشەی فارسی، ٦٢١ وشەی ئیتالّی، ٤٧٠ وشەی ئینگلیزی، ٣٨٢ وشەی یۆنانی، ٩٩ وشەی ئەڵمانی، ٩١ وشەی لاتینیو ١٦ وشەی ئەرمەنی. هەروەها لەزمانی تورکیدا بولگاریو ئەلبانیو عیبرانیو ئیسپانیو یابانیو هەنگاریو مەغۆلیو نەرویجیو پورتوگالیو روسیو سلۆڤاکی بەکاردەهێنرێن. واتە زمانی تورکی ١٤,٣٩٤ وشەی لەزمانە بیانیەکانی ترەوە وەرگرتوە، جگە لەوەی کە بەهەزاران وشەی کوردی داخڵی ئەم رێژەیە نەکراون.

هەر لەدروستبوونی کۆماری تورکیاوە تا ئێستا بەفەرمی نەیانگوتوە"ئەم وشانەمان لەکوردییەوە وەرگرتوە" ((لەبەر ئەوەی بەفەرمی نەیانگوتوە چەند وشە لەکوردییەوە وەرگیراوە، ئێمەش ناتوانین لێرەدا بڵێین ئەوەندە وشە لەکوردییەوە وەرگیراوە.

٥-هەموو ناوە رەسەنە کوردییەکان قەدەغەکران، ناوی تورکی خرانە جێگەیان.

٦-لەچواردەوری وڵاتەکەدا نوسراوە((چەند خۆشە ئەوانەی دەڵێن من تورکم..))

٧-لەسەردەمی ئەم دوانەدا"ئەتاتورکو ئونونو" زیاتر لە٩٠٠ گوندی کوردی چۆڵکرانو سوتێنران.

## پشتبەستن بەدەوڵەتێکی نەژادپەرست

لەتورکیادا لەساڵانی ١٩٨٤-١٩٩٩وە لەنێوان دەوڵەتو پەکەکەدا شەڕێکی دژورا ئەنجامدرا، بەگوێرەی قسەی چەتین ئالتانی رۆژنامەنوسو نوسەری بەناوبانگی ئەو وڵاتە لەم شەڕەدا زیاتر لە ٤٠٠ ملیار دۆلار سەرفکراوە. ئەگەر

گەلێك گەورە كەوتنە روو، بەزمانی خۆیان گەلێك گۆرانی جوانیان بەرهەم هێنا، بەردەوام گۆرانی كلاسیكیان دەگوت، خەلك ئەم گۆرانیانەی خۆشەویست، گوێیان لێگرتو زمانی خۆیان لەبیر نەچۆوە. جیاوازی نێوان مریەم خانو محەمەد عارف جەزراویو كاوێس ئاغاو عەلی مەردان لەگەل مەعسومی شەریفو ئیبراهم تاتلیسەسو مەعسوم قرمزی گولو ئۆزجان دەنیزدا ئەوەیە.

## ئەو بەناوبانگانەی كەخزمەتی توركیان كردووە:

*ئۆنات كوتلار: رۆژنامەنوس بوو، موخالیفی سیستەم بوو، بەتوركی دەینووسی، لەبنەچەدا كوردە. بەداخەوە لەپەلامارێكی بۆمباییدا لە ئۆتومبیلەكەیدا كوژرا.

*شەنەر شەن: ئەكتەرو شانۆكارێكی بەناوبانگە، خەلكی شاری ئەدەنەیە.

*مەتین ئەركسان: پەنابەرە، لەپەیمانگای جوگرافیاو مێژووی زماندا یەكەم خوێندنگەی شانۆی كردۆتەوە.

*نوری ئالچۆ: ئەكتەرێكی بەناوبانگە، یەهودییە.

*زەكی ئالاسیا: ئەكتەرێكی كۆمیدی بەناوبانگە، چەركەزە.

هەروەها لەتوركیادا دەیان ئەكتەرو هونەرمەندانی بەناوبانگی تری وەك: ئەحمەد كایا، ئیلیاس سالمان، یلماز ئەردۆغان، هولیا ئاڤشار، كوچك ئامراه، جەیلان، یاووز بینگۆل، عیزەت ئالتن مەشە، یلدز تیبەو... هتد هەن كەكوردنو لێرەدا ناژمێردرێن.

سەرچاوەكان

1-Aktuel.Com

2-Belge- net.Com

3-Unlulerin Yasami.Com

4-Turk dil Kurumu(TDK).Com

کوێر کردووه، پرۆژەکانی دەوڵەت بۆتە بنەمای ژیانی ئەو، لەبەر ئەوانەش گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کەنکوڵی لەنەتەوەی خۆی بکات.

ئەو شتانەی تورکەش کردوویەتی پێویست ناکات لێرەدا بەدورو درێژی باسی لێوە بکەین، بەکورتی ئەویش بەپشتبەستن بەخۆی نەژادپەرستی کرد. ماوەیەك ئەم پیاوە لەساڵی هەشتاکاندا ٢٥٠ هەزار چەکداری هەبوو، دەڵێن ئەم پیاوەش ئەرمەنییە، ئەوەی حیکمەتە، ئەوەیە: پارتی گەلی نەژاد پەرست، جگە لەکوردان، زیاتر دژایەتی ئەرمەنییەکان دەکات.

## ئەو بیانیانەی خزمەتی تورکیا دەکەن

ئەوانەی گەورەترین کۆمەکی تورکیا دەکەن، لەسەرو هەموو کەسێکەوە یەشار کەمالی نوسەر، گۆرانیبێژان مەعسومی شەریف، روهی سو، ئەکتەران جونەید ئارکنو تورکان شۆرای، دەرهێنەران عاتف یلماز و یڵماز گیونەی. یەشار کەمال نزیکەی ٣٠ رۆمانی نوسیوە، مەعسومی شەریفیش نزیکەی ٢٠ هەزار هۆنراوەی نوسیوەو دەیان ئاوازی بۆ گۆرانی داناوەو سینەماییەکانیش لەنزیکەی٥٠٠ فیلمدا رۆڵیان بینیوەو دەرهێنەریان کردووەو سیناریۆیان نوسیوە. هەموویان بەرهەمی خۆیان بەتورکی نوسیوەو بەتورکی گوتویانە. یەشار کەمال رۆمانێکی وای نوسیوە بەناوی"ئینجە مەمەت" کە لەمێژوی تورکیادا نەنوسراوەو نەدەشنوسرێ. یەشار کەمالو هەموو ئەوانەی کەناوەکانیانمان نوسیوە، بۆ ژیانبونو دەوڵەمەندبوونی چ زمانێك خزمەتیان کردووە؟ بێگومان تورکی... ئەمە عەیبە؟ یاخود هەڵەیە؟ ئەمانە بابەتێکی تری وتوێژن. بەڵام راستییەکەی ئەوەیە کەخزمەتی زمانەکەی خۆیان نەکردووە، بەڵکو خزمەتی زمانەکانی تریان کردووە، ئەمەیە هەڵە.

ئەوانەی لەسەرەوە ناویانمان هێناون وەك یەشار کەمال، مەعسومی شەریفی، یلماز گیونەی، کوردن. روهی سو، ئەرمەنییە، جونەید ئارکن، پەنابەرە، تورکان شۆرەش، چەرکەزە.

ئەگەر مەعسومی شەریف بەکوردی گۆرانی بگوتایە، ئەو ملیۆنەها کوردەی کەخۆشیان دەوێ، کوردییان لەلا خۆشەویست دەبوو، فێردەبوونو پێشیان دەخست. ئەو پیاوە بەتورکی گۆرانی گوت، بۆ نمونە: پێشتر لەخوێندنگەکانی عێراقدا پەروەردە بەکوردی نەبوو، بەڵام لەکوردستانی عێراقدا گۆرانیبێژی

ئەم کتێبە کە لەلایەن (ئازاد بەرزنجی)یەوە وەرگێڕدراوەتە سەرزمانێکی پاراوی کوردییانەو لەلایەن دەزگای چاپو پەخشی سەردەمەوە لە ساڵی (٢٠٠٠) لە سلێمانی چاپ کراوە، هێندەیتر بواری بۆ خوێنەری کورد ڕەخساندووە کە لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە، لە گۆڕانەکانی تورکیای نوێ بگاتو پاشان دوورنمای ئایندەی ئەم وڵاتەی لەلا گەڵاڵە ببێت، وڵاتێك کە هەرلەسەرەتای هەڵوەشانی ئیپمراتۆرییەتی عوسمانییەوە، بە ئاگروئاسن حکومڕانی کردووەو ئێستاش بەهەمان سیاسەتەوە دەیەوێت ببێتە ئەندامێکی چالاکی یەکێتیی ئەوروپا.

هەرچەندە کتێبەکە لە ساڵی (١٩٩٧)دا نوسراوە، بەڵام هەروەك وەرگێڕ لە پێشەکییەکەیدا دەڵێت:" ئەگەرچی دوای ئەم مێژووەو تائێستاش کۆمەڵێك گۆڕانکاری دی لەسەر ئاستی تورکیا ڕوویانداوە کە ئەم کتێبە نایانگرێتەخۆی، بەڵام ئەمانە هیچ لە بایەخی کتێبەکە کەم ناکەنەوە". بەم چەشنە وەرگێڕ لە وەرگێڕانی کتێبەکەیدا دەخوازێ پێمان بڵێت ئەمە تۆماری سەردەمێکی خوێناوی تورکیایەو بەهۆی نەگۆڕانێکی ئەوتۆش لە سیاسەتی دەوڵەتەکەدا، هێشتا ئەم ڕەوشانەی لە کتێبەکەدا باس کراون، بەردەوامە.

بەشی یەکەم (شوناس لە چەند هەڵبژاردنێکدا لا١١-٧٤)، لە (٥) پێنج تەوەرەدا خوێندنەوەیەکی شرۆڤەکارانە بۆ دەوڵەتی تورکیا لە ساتی هەڵوەشاندنەوەی یەکێتیی سۆڤییەتدا دەکات. نوسەر

ئەم کاریگەریانەی بۆ (٣) خاڵ پۆلێنبەندی کردووە. لەخاڵی یەکەمدا (لا١١) باسی لە کاریگەرییەکانی هەڵوەشاندنەوەی سۆڤییەت لەسەر قەوارەو هاوسەنگییەکانی ناوەوەی دەوڵەتی تورکیا کردووە بەتایبەت لە توندبوونی ململانێی هێزە عەلمانیو ئیسلامییەکانو هاتنەوەئارای بیرۆکەی (ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی نوێ) لەلایەن (تۆرگۆت ئۆزال)ی سەرۆکی کۆچکردوودا کە دەیویست دروشمی (پێکەوەژیانی تورکو کورد) بەرز بکاتەوەو کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ی ڕێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK )دا. لە خاڵی دووەمدا (کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەت لەسەر پێگەی تورکیاو ڕۆڵی ئیقلیمیی) لە (لا١٦)دا باس

# کتێبخانە

## خوێندنەوەیەك بۆ كتێبی

## ( توركیا لەسەردەمی گۆڕاندا )




**خوێندنەوەی: كارزان محەمەد**

دوای كۆتایهاتن بە سیاسەتی دوو جەمسەری لە جیهاندا، بەهۆی گەشەكردنی دیاردەی بەجیهانیبوونو بڵاوبوونەوەی ئامرازەكانی تەكنەلۆژیاوە لە وڵاتانی جیهانو بەتایبەتی وڵاتانی تازەگەشەكردووی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، كرانەوەیەكی نوێ زۆربەی وڵاتانی ناوچەكەی گرتەوەو تەنانەت توركیای پان توركیزمیشی گرتەوە.

یەكێك لەو كتێبە گرنگانەی كە ڕێگاخۆشكەر بوو بۆ ناسینی كێشەكانی دەوڵەتی توركیا، كتێبی (توركیا لەسەردەمی گۆڕان)ی (محەمەد نورەدین)ە كە بەتەواوەتی ئەو گیروگرفتە نەتەوەییو سیاسییانەی وڵاتەكەی خستۆتەڕوو، نوسینو چاپوپەخشی كتێبەكەش لە كاتێكدا بوو كە توركیا بەهۆی ئەو ڕووداو و كارەساتە سیاسییانەی تیایدا ڕوویدەداو جەنەڕاڵەكان پاكتاوی نەتەوەو كەمینەكانیان دەكرد، ببووە جێی سەرنجی ڕای گشتیی جیهانی.

کە بەشێك لە ڕای گشتیی تورکیاش لەگەڵ ئەندامێتی‌ی تورکیادا نین لە یەکێتی ئەوروپادا.

نوسەر لە کتێبەکەیدا بەهۆی (٣) فاکتەرەوە ڕۆڵی گرنگی دەوڵەتی تورکیا لە ناوچەکەدا هەڵدەسەنگێنێت کە بریتین لە:

-بازنەی ئەوروپی (لا٢٥): ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشێك لە خاکی تورکیا دەکەوێتە قارەی ئەوروپاوە، هەروەك نوسەریش دەڵێت کە ئەگەر تورکیا نەچێتە یەکێتی‌ی ئەوروپاوە ئەوا:" بیرکردنەوە لە تورکیا لەدەرەوەی ئەوروپادا دوو سەد ساڵ دەیباتە دواوە لا٢٥".

-بازنەی ئیسلامی (لا٣٣): نوسەر دەڵێت:" پەیڕەویکردن لە عەلمانییەت وەك بنچینەیەك لە بنچینە سیاسی‌و حقوقییەکان لە تورکیادا، کاریگەرییەکی نیگەتیڤانەی کردۆتە سەر پەیوەندییە تورکیایی- ئیسلامییەکان" مەبەستی نوسەر لێرەدا ئەوە کە دەیەوێت بڵێت تائێستاش تورکیا لەنێوان کلتورێکی ئیسلامی‌و حەزی چوونەناو کلتوری ئەوروپییەوە، بەشێوەیەکی تەواوەتیانە خۆی یەکلایی نەکردۆتەوەو هێشتا لەناخەوە لە کێشمەکێشمدایە.

-بازنەی تورکی (لا٣٧): نوسەر دەڵێت:" پەیدابوونی جیهانێکی نوێی تورکی لە ئاسیای ناوەڕاست‌و قەفقاسدا، هەلێکی دانسقە بۆ گۆڕانێکی ئیجابی لەسەر ڕەوتی پەیوەندییەکانی تورکیا بە جیهانی ئیسلامییەوە دەرەخسێنێت". نوسەر مەبەستییەتی باس لە سیاسەتی دووسەرەی تورکیا بکات، واتا هەم دەخوازێت بچێتە ناو کلتوری ئەوروپاوەو هەم دڵی وڵاتە ئیسلامییەکانیش نەڕەنجێنێت بە تایبەت کە تورکیا میراتگری ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی عوسمانییە لە ناوچەکەدا.

لە تەوەرێکیتری بەشی یەکەمدا، باس لە (پلانە عوسمانییەکەی تۆرگۆت ئۆزال) لە (لا٤٤)دا کراوە کە دەیویست تورکیایەکی نوێ زیندوو بکاتەوە بەڵام دواجار بە تیرۆرکردنێکی بێدەنگانەی ئەو لەلایەن جەنەڕاڵەکانەوە، ئەم خەونە نەهاتەدی. لەدوابەشی کتێبەکەشدا (لا٧١-٧٤) بیبلۆگرافیایەك بۆ ژیانی (تۆرگۆت ئۆزال)ی سەرۆك کراوە.

له کرانەوەی وڵاتی تورکیا بەڕووی جیهاندا دەکات، بەتایبەت کە لەڕووی ئابورییەوە بازاڕێکی گەورە بۆ بەرهەمەکانی تورکیا پەیدابوو، لە ڕووی سیاسیشەوە سەرلەنوێ پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکەدا دروست کردەوە، بەڵام هەروەك نوسەر لە (لا١٩)دا دەڵێت لەم قۆناغەدا (کێشەی جینۆسایدی ئەرمەن)و چارەسەرنەکردنی (دۆزی کورد) هەڕەشەی لە ئایندەی تورکیاو لێکهەڵوەشاندنی وڵاتەکە دەکرد. خاڵی سێیەم (کاریگەریی لێکهەڵوەشانەوەی سۆڤییەت لەسەر پێگەی تورکیا لە بلۆکبەندییە جیهانییەکاندا) لە (لا٢١) سەرەڕای ئەوەی چەند کێشەیەکی وەك: گرژبوونی پەیوەندییەکانی ئەڵمانیا-تورکیا، بەهێزبوونی ئێران، بەهێزبوونی بزووتنەوەی کوردی بۆ دەوڵەتی تورکیا ڕەخسان، بەڵام لەڕووی لایەنە پۆزەتیڤەکەیەوە هەروەك نوسەر لە (لا٢٢)دا دەڵێت :"لێکهەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤییەتو هەرەسی بلۆکی کۆمۆنیزمو دەستپێکردنی سەردەمی ئابوریی بازاڕو دیموکراسی لەلایەن دەوڵەتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتەوە، کاریگەرییەکی بەرچاوی کردەسەر جوڵانەوەی ئەوروپایی تورکیاو بەتایبەتیش لەسەر ئارەزووی تورکیا بۆ چوونەناو ڕیزی (یەکێتیی ئەوروپا)وە." بەڵام هەروەك دەبینرێ تائێستاش ئەم ئارەزووەی تورکیا نەبۆتە واقیع، چونکە تورکیا نەیتوانیوە مەرجەکانی یەکێتیی ئەوروپا چارەسەر بکات.

فاکتەرە سەرەکییەکانی وەرنەگیرانی تورکیا لە یەکێتیی ئەوروپا، لە ڕوانگەی نوسەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ دوو فاکتەری سەرەکی کە لە (لا٢٦)دا خستویەتەڕوو کە بریتین لە:

-هەڵاوسانی ژمارەی دانیشتوان (ئەمەش جێگەی نیگەرانییە بۆ یەکێتیی ئەوروپا لەکاتی بوونە ئەندامی تورکیادا)

-جیاوازی ژیاری (ئەوانەی لە یەکێتی ئەوروپادا ئەندامن، هەموویان مەسیحین بەڵام دەوڵەتی تورکیا ئیسلامییە).

هەروەها نوسەر (مەسەلەی قوبرس)یش بە کێشەیەکی گرنگ هەژماردەکات کە بۆتە لەمپەر لەبەردەم ئەم ئارەزووەی تورکیادا. هەرچەندە نوسەری کتێبەکە (محەمەد نورەدین) لێرەدا ئاماژەی بۆ ئەو هۆکارەش نەکردووە

نوێدا، بەجۆرێك كە كۆی خەرجی شەڕی توركیا لەساڵی (١٩٩٣) بۆ لەناوبردنی كورد بڕی (٨) ملیار دۆلار بووە (لا١٤٩). بەڕای نوسەر (سیاسەتی ناوخۆ لا١٥٣) بۆتەهۆی پەیدابوونی بزووتنەوەی كورد لە توركیادا. هۆكارە هەرێمییەكانیشی (لا١٥٤) بریتین لە هەریەك لە وڵاتانی: ئەمریكا، ئەرمینیا، یۆنان، بولگاریا، ڕووسیا، فەرەنساو بەریتانیا كە هاریكاری پارتی كرێكارانی كوردستان ( PKK) دەكەن.

لە تەوەرەی دووەمی بەشی سێیەمدا بەناوی ( فیلی توركیو مێشی كوردی) لە (لا١٧٣) باسی لەو ڕێگاچارە سەربازییانەی (تانسۆ چیللەر)ی بۆ (قاچ شكاندن)ی پارتی كرێكارانی كوردستان ( PKK) خستۆتەڕوو تا لەو ڕێگەیەوە بەتەواوەتی دەنگی كورد لە توركیادا كپ بكات. (سلێمان دمرێل)ی سەرۆك كۆماریش كپ كردنی دەنگی كوردی دووپات كردەوەو هەروەك لە (لا١٨٠-١٨١)ی ئەم كتێبەدا هاتووە كە سەرۆك كۆمار وتویەتی" شتێك نییە بەناوی كێشەی كورد. كوردو تیرۆریزمیش لێك جیاناكرێنەوە".

لەتەوەرەی سێیەمی بەشی سێیەمدا بەناوی (ئۆزالو كورد: كام فیدراڵییەت لا ١٩٣) باسی بیرۆكەكەی ئۆزال كراوە بۆ بەفیدراڵیزەكردنی توركیا، بەڵام تیرۆركردنی ناوبراو ئەو بیرۆكەیەی وشك كرد.

لەتەوەرەی چوارەمی بەشی سێیەمدا (یەشار كەمال لە كەشوهەوای كوردی دا لا ٢٠٢) باس لە وتارە مێژووییەكەی (یەشار كەمال)ی گەورە ئەدیبی كوردی توركیا دەكات كە ڕایگەیاندووە:" لەوانەیە ئەنقەرە لە توانایدا بێت دەریاكە وشك بكات، بەڵام ناتوانێ ماسییەكە بگرێت) كە مەبەستی لە ماسییەكە پارتی كرێكارانی كوردستان ( PKK)یە، ئەم وتارەش دەنگدانەوەیەكی بەرچاوی لە توركیادا هەبوو.

بەشی چوارەمی كتێبەكە (گەشەپێدان لە خزمەتی سیاسەتدا لا ٢١١-٢٦٧) دابەش كراوەتە سەر ئەم تەوەرانە:

-پرۆژەی گەشەپێدانی باشوری خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵ (Gap): لەم تەوەرەیەدا (لا٢١١) باسی لە بەنداوەكانی پرۆژەی (Gap) كردووە كە سەرەڕای ئەوەی ئاوێكی زۆر بۆ توركیا دابین دەكات تا گوشار بخاتەسەر سوریاو عیراق،

بەشی دووەمی کتێبەکە ناوی (کۆمەڵێك ئیسلامی لە رژێمێکی عەلمانیدا لا٧٥-١٣٦)ە، لە (٧) تەوەرەدا باس لە گۆڕانکارییەکانی دوای مردنی ئۆزالو گەرمبوونو هاتنەوەئارای دژی کوردو بزووتنەوە ئیسلامییەکان دەکات. ئەم هاوکێشانەش کاتێ چڕبوونەوە کە هەروەك نوسەر لە (لا٨٥)دا دەڵێت "پارتی رەفاه لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانی (١٩٩٤) و هەڵبژاردنەکانی نوێنەرانی پارلەمان (١٩٩٥)دا بردییەوە". ئەم سەرکەوتنەش ململانێی باڵە ڕاستڕەو و چەپڕەوەکانی توندتر کرد، نوسەریش لە تەوەرێکدا بەناوی (رەفاه لەبەردەم ڕووبەڕووبوونەوەی دیموکراسییەتدا) لە لا (٨٦) ئاماژە بۆ کێشەی رەفاه لەگەڵ هەریەك لە دژی کورد، چەپڕەوەکانو مەسەلەی دیموکراسییەتدا دەکات. نوسەر بۆ باس کردن لە سەرکەوتنەکانی دواتری پارتی رەفاه لە هەڵبژاردنەکاندا، تەوەرەی سێیەمی بەشی دووەمی لە ژێرناوی (هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٥ و تەڵەزگەی رژێم) لە (لا٩٥)دا تەرخان کردووە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی سەرکەوتنو ململانێکانی ئەم پارتە، دواتریش خشتەیەکی زانیاری وردی لەسەر دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی تورکیا خستۆتەڕوو. هەروەها تەوەرەکانی چوارەمو پێنجەمی بەشی دووەمیش هەر باس لە سەرکەوتنەکانی حیزبی رەفاهو مامەڵەکانی دەکات.

نوسەر لەبارەی پەیوەندی ئیسلامییەکانو کەمالیزمدا، تەوەرەی شەشەمی بەناوی (کەمالیزم لە هێڵی بەرگریدا بەرامبەر ئیسلامییەکان لا ١٢٥)و تەوەرەی حەوتەم (شێخ جەمالەدین قوبلان خەلیفە یان خائین لا١٣٢) بەوردی باس لە پێکدادانە فکرییەکانی نێوان هەردولا دەکات.

بەشی سێیەم (کورد گەلێك کە بەدوای نەخشەیەکدا دەگەڕێن لا١٣٩-٢٠٧) کە گرنگترین بەشی کتێبەکەیە بەلای خوێنەری کوردەوە، لە (٤) چوار تەوەرەدا بەشێوەیەکی ڕاستەقینە وێنای کورد لە سیاسەتی دەوڵەتی تورکیادا دەنەخشێنێت.

لە تەوەرەی یەکەمدا (مەسەلەی کورد یان ئەو سەبەتە خوێنەی کە پڕ نابێت لا ١٣٩) باسی لە سیاسەتی ئاگروخوێنی دەوڵەتی تورکیا کردووە بۆ پاکتاوکردنی هەر مرۆڤێك کە خۆی بە کورد بزانێت لە دەوڵەتی تورکیای

كە لە (لا٣٧٨)دا باس لە وردەكارییەكانی سیاسەتی (تۆرگۆت ئۆزال)ی سەرۆكی كۆچ كردوو دەكات كە دوای داگیركردنی كوەیت لەلایەن عیراقەوە، نەخشەی پەلاماردانو داگیركردنی شارە كوردییەكانی موسڵو كەركوك دەكات تا بیانخاتە سەر نەخشەی توركیا!!.

بەشی هەشتەم (سێگۆشەی شەیتانی لا ٤٤١-٤٦٧) دابەش كراوەتە سەر سێ تەوەرەو باس لە كێشەكانی توركیا لەگەڵ ڕووسیا، یۆنانو كێشەی قەرەباغ دەكات.

دواجار لەو ڕوانگەیەوەی كە ئەم كتێبە باس لە هەستیارترین قۆناغی توركیا دەكاتو لەلایەن وەرگێڕێكی چوستو خاوەن ئەزموونی وەك (ئازاد بەرزنجی)یەوە بەو زمانێكی پاراوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی، كردنەوەی دەروازەیەكی گەورەی كتێبخانەی كوردییە بەڕووی ناسینی گۆڕانو ڕووداوەكانی دەوڵەتی توركیا.

هەواڵنامەی كتێب

لەوڕێگەیەوە دەتوانێ ناوچەیەکی زۆری کوردستان چۆڵ بکاتو بیکاتە ناوچەیەکی سەربازی بۆخۆی.

-باهۆزێك لە ئاوی (گاپ)دا: لە لا (٢٣٦) باس لە کێشەو گرفتەکانی ئەم پرۆژەیە دەکات.

-ئابوریی تورکیا لەماوەی حەفتا ساڵدا: لە لا (٢٥٣) هەڵبەزو دابەزی ئابوریی تورکیا لەساتی دامەزراندنییەوە لە دەیەی بیستی سەدەی ڕابردوودا، بەشێوەیەکی ئاماریانە خراونەتەڕوو.

-یەکێتیی گومرگی لەگەڵ (یەکێتیی ئەوروپادا): لە لا (٢٦٠)ەوە بەتێروتەسەلی باسی لە هەوڵەکانی تورکیا بۆ خۆبەستنەوە بە یەکێتیی گومرکی یەکێتیی ئەوروپا کردووە، چونکە ئەمە هەنگاوێکی گەورەی تورکیا بوو لەپێناو بەدەستهێنانی مافی بەئەندامبووندا.

بەشی پێنجەم (جولەکەی تورك یا تورکی جولەکە لا ٢٧١-٣٠٨) لە چوار تەوەرەدا باس لە ڕێژەی جولەکە، بزاڤی ماسۆنییەت، مەسەلەی شالومو کەمایەتییەکان لە سیاسەتی تورکیادا دەکات.

گرنگترین خاڵ بەلای خوێنەری کوردەوە ئەو هەقیقەتەیە کە ( لە لا٣٠٨)ی کتێبەکەدا هاتووە، لەم ئامارەدا باس لە سەرجەم ئەو پارلەمانتارانەی کەمایەتییەکانی ناو پارلەمانی تورکیادا کراوە کە پێکهاتوون لە کەمینە نەتەوەکانی (ئەرمەنی، جولەکە، یۆنانی) بەبێ ئەوەی پارلەمانتاری کوردی تیادابێت!!.

بەشی شەشەم ( لەئەدریاتیکەوە بۆ شورای چین لا ٣١١-٣٥٧) لە (٣) تەوەرەدا باس لە ململانێکانی تورکیا لە ئاسیای ناوەند، سەرهەڵدانی تۆرانییەتی نوێو ململانێی ئەلفوبێکانو شفرەی تورکی یان بەواتایەکیتر ململانێی پارتە شۆڤێنییەکانی تورکیا لەسەر کورسی دەسەڵات دەکات.

بەشی حەوتەم (خۆرهەڵاتی ناوەندی نوێ: فایلە کراوەکان لا ٣٥٩-٤٤٠) لە (٨) هەشت تەوەرەدا باسی لە ڕۆڵو کێشەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی عیراق، سوریا، ئیسرائیلو وڵاتانیتری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کردووە. گرنگترین تەوەرەش، تەوەرەی دووەمی ئەم بەشەیە کە ناوی (ئۆزالو مەسەلەی موسڵ- کەرکوك)ە

## شیكردنەوەی كۆمەڵناسی لەسەر خێڵە كوردەكان




بەرهەمێكی كۆكراو و ئامادەكراوە لەنوسینەكانی زیاگوك ئالپ تیۆریسیەنی كوردی گوتاری پان تورانیزمە لەسەر پێكهاتەی خێڵە كوردەكان كە لەلایەن شەوكەت بەیسان ئۆغلووە ئامادەكراوە. نوسەر لەم كتێبەدا باس لەچەند نمونەیەك لەخێڵە كوردەكان دەكات و پێكهاتەی كۆمەڵایەتیان شیدەكاتەوەو هەوڵی ئەوە دەدات فورمولێك بۆ پێش خستنیان بەگوێرەی بۆچونەكانی پێش بخات، كتێبێكی ١٤٠ لاپەڕەییەو لەساڵی ١٩٩٢دا لەلایەن خانەی بڵاوكردنەوەی سۆسیالەوە لە ئیستانبول لەچاپدراوە.

## كێشەی كوردو پێشنیاری چارەسەری دیموكراتی




یادداشتەكانی مێزگردێكی ژمارەیەك لەرۆشنبیرانی كوردو توركە سەبارەت بەرێگای دیموكراتی چارەسەركردنی كێشەی كورد كەبەسەرپەرشتی ئەنیستیتۆی كورد لەئەستەنبوڵ بەرێوەچوە.

كتێبێكی ١٠٢ لاپەڕەییەو لەلایەن چاپخانەی ئاڤێستاوە چاپ كراوە.

# پرنسیپەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا




کتێبێکە سەبارەت بەئەنترۆپۆلۆژیای کوردستان. نوسەری کتێب فرەدریك برت لەئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەت لەباشوری کوردستان ئەم کتێبەی نوسیوە. نوسەر لەچەند بەشی جیاوازدا باس لەپەیوەندییەکانی خزمایەتی لەکوردستانو سەرچاوەکانی داهات لەگەڵ یەکتریدا دەکاتو ئەوەش روندەکاتەوە کە بە چ شێوەیەك لەفۆرمی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی خێڵەکانی کورد تێگەیشتوەو باس لەجۆرێکی ڕێکخستنی ناسیاسی دەکات لەکۆمەڵگای کوردەواریدا.

هەروەها باس لەقۆناغی بڵاوبونەوەی خێڵەکان لەکوردستان دەکاتو چەند نمونەیەکیش سەبارەت بەچۆنیەتی بەکارهێنانی زەویوزارو تۆڵەسەندنەوەو پەروەردەی ئایینی دەکات.

ئەم کتێبە ۱۹۹ لاپەڕەیەو لەساڵی ۱۹۵۳دا لەئۆسلۆ لەچاپدراوەو دواتریش لەساڵی ۲۰۰۱دا کراوە بەکوردیو خانەی چاپو پەخشی ئاڤێستا لە ئیستانبول بڵاوی کردۆتەوە.

# لانکەی شارستانیەت
## ((ژیان لەکوردستان))




ئەم کتێبە بەرهەمی و.ئا- ویگرام، ئەدگار ت، ئا، ویگرامەو تێیدا باس لەتایبەتمەندی سیاسیو مێژوییو پێکهاتەی دیموگرافی کوردستان دەکاتو هەوڵی ئەوە دەدات ئاماژە بەو تایبەتمەندییانەی کوردستان لەشارەکانی دیاربەکر، دارا، نوسەیبین، حەلەب، موسڵ، کەرکوك، هەولێر، ورمێ، وان، خۆشابو ... بکاتو لەساڵی ١٩١٤ نوسراوەو چەندین خاڵی گرنگی رووداوەکانی ئەو سەردەمەی ناوخاکی کوردستان روندەکاتەوە.

ئەم کتێبە لەساڵی٢٠٠٤دا لەلایەن ئیبراهیم بینگولەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردیو دەزگای چاپو پەخشی ئاڤێستا لەئیستانبول چاپو بلاوی کردۆتەوە.

# سەفەری نازییەکان بۆ کوردستان




بابەتی ئەم کتێبە بەسەرهاتی، هاتنی نازییەکانی ئەڵمانیایە بۆ کوردستان لەساڵی ١٩٤٠دا کە بەبۆنەی نەوتەکەی موسڵو کەرکوکەوە هاتبون. ئەم کتێبە بەقەڵەمی گوتوفرید مولەر نوسراوەو باس لەسیاسەتەکانی حکومەتی ئەڵمانیای هیتلەری دەکات لەبەرامبەر نەوتی کوردستان.

مولەر باس لەوە دەکات کە بەچ شێوەیەك هەوڵی ئەوەی داوە فەرماندەی سوپای ئەڵمانیا رازی بکات بۆ ئەوەی لەسەر کوردستان سیاسەتێکی تایبەتیان هەبێو ئەوەش ئاشکرا دەکات کەپلانی ئەوەی هەبوە راپەڕینێکی کوردەکان لەدژی بەریتانیاییەکان بەرپا بکاتو نەوتی کوردستان بکرێ، مولەر لە١٧٩ لاپەڕەدا درێژە بەباسەکانی لەسەر ئەو بابەتە دەدات.

ئەم کتێبە لەلایەن مەسعود کەسکین ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی تورکیو دەزگای چاپو پەخشی ئاڤێستا لەئیستانبول چاپی کردوە.

# 4 الملف التركى

مجلة متخصصة في الشؤون التركية

رئيس مجلس الادارة
فريد اسسرد

رئيس التحرير
ارام علي عزيز

# Turkish Dossier

**Amagazine concerned with turkish affairs**

هەولێرنامەی کتێب

**Head of the managment board**
**Fareed Asasard**

**Editor-in-chief**
**Aram Ali Aziz**

No.4 Nov.2006

# Türkiye Dosyasi

Türkiye'yi Konualan Özel Bir Dergidir

Yürütme Kurulu Boskani
Ferid Eseserd

Editor
Aram Ali Aziz

نرخی( 2500 )دینار